# سەرووتار

بـــوونی بلاْوکراوەیـــەکی فیکـــری ڕەخنـــەیی وەرزی، بـــەدوور لەمـــەرامی ناوچەگەری جگە لەوەی گرنگیدانەبە توێژی گەنج و لاوی شـارو دەڤەرەکـەمان بۆ بەگەڕخستنی توانای فیکری و دۆزینەوەی ئاستی ڕۆشـنبیری و مـەعریفیان، لەهەمانکاتدا زامنکردنی کاتی ئازاد و ڕەخساندنی هـەلی خوێندنـەوەو نوسـینە بۆ ئەوانەی کە ئەیانەوێت لـە داهـاتودا ئەسـپی خۆیـان لـەو بـوارەدا تاوبـدەن، بێگومان بەر لە ئێمە خەڵکانی تر لە ئاستی شارەکەدا لـە بـواری بلاْوکرانـەوەو نوسیندا پرۆژەیان هەبوەو هەوڵ و زەحمەتیان بەرز نرخێنراوە، بـەلاْم ئـەوەی تایبەتمەنـدی بـە گۆڤارەکـەمان ئەبەخشـێ جیـاوازی جـۆری کـار و ئامانجـە لەپرۆەکەمانـدا لـە پـاڵ سـەربەخۆ بـون و ئـازادی دەربـڕین و پاشـکۆ نـەبونی حزبیـدا، هەرچـەندە کـەمنین ئـەو قەڵەمانـەی لێـرە سـەرقاڵی نوسـین و کـاری ڕۆژنامەگـەرین و تاڕادەیـەکی بـاش خزمـەتیان بـەوبوارە گەیاندوەبـەلاْم نـابێ ئەوەبشارینەوە کە لەبواری فیکرو ئایندا بابەتیانەو سەردەمییانە زۆر بەکـەمی قسەکراوەو شت نوسراوە،ڕەنگە هۆکارەکەشی کەمتەرخەمی و هەنـدێجاریش دەستەوسـانی بوبێـت، بەهـەرحاڵ ئـەکرێت بڵـێن ئامـانجی سـەرەکی گۆڤـاری (ڕوون) لەم چەند خاڵەدا کۆئەبێتەوە:

یەکـەم: دروسـتکردنی سـەکۆیەکی ڕۆشـنبیری و کـەناڵێکی مـەعریفی بـۆ زیاترخزمەتکردن بە بواری فیکرو قسەکردن لەسـەر چـەمکە هەسـتیارو بابەتـە زیندوەکانی ئاین و کۆمەڵگا.

دووەم: بەرچاو ڕونی و ئاشنا بونی خەڵکە بەتایبەت چینی گـەنج بـە نوسـین و خوێندنەوەی بەسوودو کاریگەر لەکایەی ئاین و فیکردا.

سێیەم: ئەوەی زیاتر لەپەیامی گۆڤارەکەدا بەدیئەکرێت وەك لەناوەکەیدا هاتوە ڕوونی و شەفافیە لەئاماژەکردن‌و تاوتوێکردنی شتەکاندا، ڕاستەلەئاستی هەرێمی کوردستانداچەندین بڵاوکراوەی بەهێزو بەبرشت هەیەکەتایبەتە بەوبوارە، بەلاّم پێئەچێ لەبەر ئاڵۆزی شێوازی نوسین‌و ووشکی دەستە واژە لە دەربڕینا سەرنجی خوێنەری کوردی وەك پێوست بەلای خۆیدا ڕانەکێشابێت، بۆیە هیواداری‌ن گۆڤاری (ڕوون) لەملایەنەوە هەنگاوی نابێت‌و هەوڵێك بێت لەپاڵ ئەوهەولانەی کەلەمبوارەدا دراون‌وبتوانێت لەئایندەدا کەلێنێکی پرۆژەی هزروفیکری کوردی بەشتی نوێ‌و بەسود پڕبکاتەوە.......



# کاریگەري و ڕۆڵي ئاین لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکاندا

نوسینی :دکتۆر  مسعود جلا لی مقدم

وەرگێڕانی سەعید بەشیر

سەرقاڵبونی بیروهۆشی لێکۆلەران لەبارەی ئاینەوەبریتیبووە لە کاریگەریو رۆلی ئاین لەکۆمەلگەمرۆڤایەتیەکاندا، دەستەواژەی کاریگەری یان هەرشتیکی کۆمەلایەتی دەگەریتەوەبۆمانەوەی کۆمەلگەمرۆڤایەتیەکانو رۆڵو کاریگەری هۆکارەکانی پەیوەست بەوکۆمەلگاوە، ئەلبەت کۆمەلناسان هۆگرییان لەگەل شیوازەجۆراوجۆرەکانی ریکخراوەئاینیەکان بەپێشەوایەتی جیاوازو شیوازی پەیرەوی جیاوازو پەیوەندی نیوان چەمکی ئاینو چەمکەکانی تری کۆمەلگەهەیە، هەروەها ئەوان سەبارەت بەوپێشنیارە تاییەتانەی کەریکخراوی ئاینی دەیانگریتەخۆو بە تیروانینیکی فراوانترەوەهەوڵی تیگەیشتنی پەیوەندیە دوقۆلییەکانو لیکچونەکانی نیوان رۆشنبیری ئاینیو رۆشنبیر بەماناگشتیەکەی لەهەموکۆمەلگاجیاوازەکاندائەدەن، بەلام ئەمانە هەمو لقن لەچاومەسەلەی بنەرەتیدا کەکاریگەریو رۆلی ئاینە لە هەولدان بۆ لیکۆلینەوەی کارکردە کۆمەلایەتیەکان هەلسەکەوتی ئاینی.

پیویستەجیاکاری بکەین لەنیوان ئەوەی کەخەلکی لەگەل ئەندامانی گروپیکی تایبەتدا بەهەڵسوکەوتیان ئەیانەویت بەدەسستی بینن‌و دەرەنجامی نەخوازراوی ئەم رەفتارە لەلایەنە کۆمەلایەتیەکاندا، ئەگەر لە باوەرداریکی دلسۆزی (تیبتی) بپرسین کە بۆچی دۆعاکانی بەردەوام دەسوریتەوە و زیکری (ئوم پدمەئوم) دەکاتەوە؟، یاخود لە هندۆسی هاوارکەر بپرسین هۆکاری ئەم حەزوتامەزرۆ بی وینەیەچیە؟ لەروالەتدا وەلامەکانیان هیچ پەیوەندیەکیان بە مەبەستە کۆمەلایەتیەکانەوەنیە، زۆریك لەباوەڕدارانی تری ئاینەکانی تر لە هەولّی بەدەست هێنانی حاڵەت گەلێکی ئاگاییدان. ئامانجەکانی تری گروپە ئاینیەکان پەیوەندی بەژیانی ئەودونیاوە هەیە!وەك ڕۆشتن بۆ بەهەشت و دووکردر کەوتنەوە لە دۆزەخ و کەم کردنەوەی ماوەنەوە لە بەرزەخ ،لەدیدگایەکی ترەوە زامن کردنی گواستنەوە بۆ حاڵەتی باشتر بوون لەهاوشێوەیدا هەوادارانی ئاینەکان لەوانەیە بڵێن کە ئامانجیان هەماهەنگی کردنی ڕۆحەکانە لەگەڵ ڕۆحەکاندا،یان بەڕێزگردنی خوداو جێبەجێکردنی ویستی ئەوە بەشێوەیەکی کامڵتر وەیان سەرنج ڕاکێشانی خوداکانە بۆ ئەوەی سود بە مرۆڤەکان بگەیەنن.)

کۆمەڵناسان کارکردە نەویستراوەکان کەهەندێك جارو لەهەندێك لایەنی هەڵسوکەوتی نمونەیی و پێشەنگیدا ڕوودەدات .پێیان ئەڵێن کردارە درەوشاوەکان ، ئەمە لە کاتێکدا کارکرد گەلێك بەویستی ئاشکراو مەبەست گەلێکی ڕەسمی بەکارکردە ( هوەیدایەکان ) ناویان دەبەن.بەبیّ مەبەستی ئاگایانە ،بەزۆری هیچ کردارێکی ئاینی ئەنجام نادرێت. لەڕاستیدا کۆمەڵناسی بەبیّ ئەوەی لەبەرامبەر مەبەستی باوەڕداراندا بووەستێتەوە ،باوەڕی بەم شتە هەیە کەدەرەنجامی نەویستراوی ڕەفتاری ئەوان زۆر زیاترە لەو ئامانجە

ئاگایانەی بۆمانەوەی کۆمەڵگاکان کاریگەرە،ئەڵبەت تاکەکان هەندێ جار ئاگاداری مەبەستە کۆمەڵایەتیەکانی بەئەندام بوون لەگروپەکان هەن،بەڵام ئەندامانی ئەودەستەیە ئەم مەبەستانە بەبەراورد لەگەڵ کارکردنی بنەرەتی ئایندا بە لاوەکی و شوێن کەوتە دەزانن.ئەم ئاگاییە هەبێت یان نەبێت یان بەکەم سەیر بکرێت،رەفتاری ئاینی لە کۆمەڵگەدا کەم ناکاتەوە کەواتە داخوازیە بنەڕەتیەکان بۆمانەوەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان چین؟ و لەم نێوەندەدا ئاین چ بەشی و پشکێکی بەردەکەوێت؟ پێش ئەوەی وەڵام بدەینەوە پێویستە سەرەتا ئەوە نیشان بدرێت کە کۆمەڵگەکان بەلایەنی کەمەوە بۆمانەوەیان کۆمەڵێك نیازو خواستیان هەیە،و یان ئەوە دیاری بکرێت کە کارکردی ئاینی هەندێك لەم داخوازو نیازانەیان دەهێننەدی–هەرچەندە لەوانەیە دژیەتی وجیاوازی کە لێك لەسەر ئەوڕێگەیە ی کەئاینە کان ئەم ئەرکە جێبە جێ دەکەن بوو نیان هەبێت ئەڵبەت ناتوانێت بگو ترێت کەهەموو کۆمەڵگە کان و هەموو هەلومەرجە کان ی ئاین یان (تەنها ئاین )ئەم ئەرکەی لەسەر شا نە ،یانە ئاین ،هەروە ها کارکردی باسکراو جێبەجێ دەکات .لا بە م شێوەیە شیاوە کەسەرەتا سیستەمی کۆمەڵگا لێکۆ ڵینەوە بکر ێت بۆ ئەوە ی بە لیە ن کەمە وە شوێنە پێویستەکا ن بۆمانە وەی کۆمە ڵگە کانو بەردەوام بووی پە یوەستەکانی فە راهە م بکرێت .کۆمەڵگەکا ن بۆما نەوە یان بەردەوام ئەم چا وە ڕێیان هەیە کەهەندێك لەئەندامانیان هەندێك لەئە رکە ناسراوە کان دەهێنینە دی کۆمەڵگە بابەندە پێیانە وە ،بەکورتیە کەی ئەوە ی کەلە سەرەوەی وپەیما نیا ن بەبە خشینی کۆمەڵایەتی بەپابە ند ی دەمێنێتەوە زیادلە مەش ،ئەگەر ڕێککە وتنی هەمە لایەنە لە سەرشن وسنوری ئەم پاپە ندیە کۆمەڵاتیانەلەئارادانەبێت ولەم جێگا ندا پاداشت ودەست

خۆشانە لەئارادا نە بێت ،ئە مە ترسی لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگە مرۆڤایە تیەکان لە ئارادایە.کەواتە بوونی ڕێککەوتنێك لەسەر بوونی ئەم ئەرکە بنەڕەتیانەو هەر وەها بوونی هێزێك کەتاکەکان و گروپەکان ناچار بکات کەبیانگرنە خۆیان ئەمە بەلایەنی کەمەوە زۆر پێویستە بۆ بەرقەرار کردنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی .ئایا بەچ شێوەیەك ئەم جۆرە ڕێککەوتویست نە بەدەست بهێنن؟ وەهەروەها چ هێزێك بۆهاندان و ناچارکردنی تاکەکانو گروپەکان لەوەی کەلە کێشەکانی خۆیان چاوپۆشی بکەن لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا بوونی هەیەو پێویستە ؟ لەهەردوو بارەکەدا ئاین ڕۆڵی هەیەو کاریگەرە.

سەرەتا ئاین بۆزیادبوونی ڕێککەوەتنی بەکۆمەڵ لەبارەی ناوەڕۆك کرۆکی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان یارمەتی دەرێکی باشە بە هۆی فەراهەم کردنی بەها گەلێکەوە کەبۆ دانانی دیدگاکانی ئەندامانی کۆمەڵگە لەڕێڕەوە دیاری کراوەکاندا سودیان هەیەو پێناسەی ناوەڕۆك و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن لەم ڕۆڵەدا ئاین یارمەتیدەرە بۆ بەدیهێنان و دروست کردنی سیستەم گەلێك لەبەها کۆمەڵایەتیەکان کەپەیوەستن بەیەکەوەو لەیەك ئاڵاون.

دووەم: بەڵگە گەلێکی بەهێز بۆ قبوڵ کردنی ئەم شتە لەئارادایە کە ئاین لەفەراهەم کردنی هێزێکی ناچارکەر بۆ ئەوەی بیخاتە ڕیزی ڕاستەکانەوە و بەهێزیان بکات ،ڕۆلێکی زیندوو کارای هەیە. ئاین وبەها کۆمەڵایەتیەکان هەمیشە بۆ مرۆڤەکان کارێکی دژوار بووە کەتاوەك و ماوەیەکی ماوەیەکی دیاری کراو هەڵسوو کەوتیان بە پێی ئەمرو نەهی ناپەیوەند ڕێك بخە. زۆرێك لەو گیرو گرفتانە کە لە ڕووی ڕێکخستنەوە لەزیندانە کان و سوپاکان و قوتابخانەکاندا دەردەکەون دەریان خستووە کە ئەم ڕوداوانە پەیوەندیان بەسەردەمێکەوە هەیە کەیاساو ڕێسا خۆویستانەکان و دانەمەزراو لەسەر شتە

بنەڕەتیەکانو بەم هۆیەوە،بێ مانابوون،ڕێککەوتنی بەکۆمەڵ بۆجێبەجێ کردنیان بەئاسانی هەڵدەوەشێتەوە. لەم جۆرە کێشانەدا لەوانەیە کەبەهێزی فیزیایی تاکەکان خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵام مێژو ئەوەی نیشان داوە کە کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان بۆ ماوەیەکی دورو درێژ ناتوانرێت تەنها بەهێزی فیزیایی بپرێزرێن.ئەگەر پێویست بێت کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان نەگۆڕو پایەدار بمێننەوە ،وە ئەگەر کرداری کۆمەڵایەتی سیستەمێکی مەعقول و گونجاوی هەبێت بۆ پێسبینی کردن،کەواتە کردارەکان دەبێت لەڕێڕەوێکی دیاری کراودا بن و لەسەر بنەمای یاسا گەلێکی ڕاوەستاو لەسەر خۆیان کەبەباشی تێگەیشتنیان بۆ کرابێت و ڕەنگ ڕێژبکرێت. ئەم بنەمایانە پەیوەستن بە بەئامانج وخاڵە نوێیەکانی ڕەفتاری بەکۆمەڵی مرۆڤەوە .کۆمەڵناسان بەم ئامانجانەدەڵێن(بەها) ئەمەش تەنها کاتێکە کەبەهاکانی کۆمەڵگایەك لەیەك شتی گشتیداو لەیەك سیستەمدا کۆ ببنەوە تاوەك و ئەندامانی کۆمەڵگە بتوانن بەم هۆیەوە بەڕێککەوتن لەگەڵ یەکتردا هەڵس وکەوتیان ئاراستە بکەن ،ئەڵبەت ئەم بارو دۆخە هیچ کات بەشێوەیەکی تەواو نایەتە دی .ئاین گواهیەکی باشەلەسەرئەم ڕاستیەی کەبەهاکان لەهەموو کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکاندا تەنها تێکەڵەیەکی ناڕێك و تێکەڵ وپێکەڵ نین، بەڵك و زنجیرە قۆناغێك دروست ئەکەن.لەم زنجیرە قۆناغەدا ئاین بەهاکان دیاری دەکات ، بەهاکان بەو کاریگەریەی کەلەسەر کردار هەیانە، مانکەیان لەڕوانگەی پەیوەست بوونەوە لەنێوان ئەمان و خوداکاندا کەهەندێك لەباوەڕداران باوەڕیان پێی هەیە یان لەشتە پەیوەستەکانی باوەڕی مەزهەبی ئەماندا بوونی هەیەو وەریدەگرن، بۆ نمونە ئەگەر خودا لەبەهاکاندا بریتی بێت لەباوکێکی میهرەبان، کرۆکو ناوەڕۆکی ئەم بەها گەورەیە کاریگەری لەسەر بەها مام

ناوەندو پلە نزمەکان دەبێت، لەنێو بەها مام ناوەندەکاندا، ئەو بەهایانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکترو شتەمادیەکاندا وەك پوڵو پارە دایدەنێن، گرنگیەکی تایبەتی هەیە. کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە بەهابالاکانی ئاین بەزۆری بەشێوەیەکی نەناسراو لەسیستەمە کۆمەلایەتیەکاندا کەم تا زۆرێك لەگەڵ بەها جۆراو جۆرەکاندا ئەگونجێت، وەئەگەر واش نەبێت، ئەوا ئەو بەهایانە ناپەیوەستو بێ مانا دەردەکەون.جگە لەمەش ئەم بەکۆمەڵ بوونەی بەهاکان لەگەڵ دەستەواژەی خۆیان گریمان ڕێککەوتن لەسەریان زیاتر ئەکات.ئە گەر سەیری هەڵس و کەوتی زۆربەی خەڵکی ئاسایی بکەین لەوانەیە ئەم حەقیقەتەی کەزۆربەی خەڵکی لە کۆمەڵگاکاندا بەزۆری ئەرکی کۆمەلایەتی خۆیان ئەنجام دەدەن سەرسامەمان بکلات بۆچی بەم شێوەیە؟ بەڕونکردنەوەیەك کەیەکسەر دێتە ناو بیری مرۆڤەوە ئەوەیە بریتیە لە هێزێکی ئاسایی، کەتا ئەندازێك ڕاستە، بەلام هەموو وەلامەکە نیە. یەکسەر لەپاش ئەوە ئەم پرسیرە دێتە بیری مرۆڤەوە کەبەشێوەیەکی ئاسایی چ شتێك هێزی پێ دەبەخشێت؟ بۆهەر کۆمەڵگایەك بەهاکانی بەگرنگ ترین چالاکیە کۆمەلایەتەکان هەژمار دەکرێن، بەلام لە هەڵسووکەوتی ئاسایی ئەندامەکاندا گونجان لەگەڵ ئەو بەهایانەدا بەئاسانی دەست ناکەوێت. بەلام لەزۆر بەی کۆمەڵگەکاندا تێگەیشتنی کەم تازۆری ڕووناك لەهەڵس و کەوتە گونجاوەکان بوونی هەیە. کۆمەڵ ناسانی ئاین ستانداردی ئامانجی ڕەفتارە(دەبێ)کان کەبەهاکۆمەلایەتیەکان پێك دەهێنن پێیان دەڵێن:(گونجاویەکۆمەلایە تیەکان). بوونی ئەم گونجاویانە(کەلە نێوانیندا گونجاویە ئاینیەکان گرنگیەکی تایبە تیان هەیە) گونجانی هەڵسو کەوتەکان لەگەڵ ئەوان دەخاتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەلام ئەم گونجاویەپاداشت وسزادانە کاریگەرەکان بەهێزو پتەو

دەکات. پاداشتو سزاو نەرێ کردنە کۆمەڵایەتیەکان بەدڵنیاییەوە لە هەرپلەیەکی گونجاوی کۆمەڵایەتیدا بە ڕونی دەبینرێت،چونکە زۆر ێك لەمرۆڤە کان کاتێك گونجاون لەگەڵ ئەو شتەی کە لێیان چاوەڕێ دەکرێت،لەڕوی کۆمەڵ ناسییەوە،هەستی پاداشت وەرگرتنیان هەیە و،ئەزمونیان کرد،کەکاری نائاسایی یان نایاسایی.کەسی هاوشانیان شیاوی سزادانە.کاتێك گونجاویەکان بکەونە چوار چێوەی پیرۆزەوە حوکم گەلێکی پیرۆز پشتیوانییان لێ دەکەنو لەهەموو کۆمەڵگاکاندا حوکمە پیرۆزەکان هێزێکی ڕاکێشەریان تێدایە چونکە نەك تەنها پاداشتوسزامرۆڤایەتیەکانوئەم دونیایەیی بەدوایاندادێت، بەڵکو پاداشتیان. ئاگادارکردنەوە سەرومرۆڤیش وئەودونیایش چاوەڕێیان دەکات. دۆرکاهیم زیاترلەهەرکۆمەڵناسێکی تر, چیەتی پەیوەندی بەرامبەری نێوان بەهاکۆمەڵایەتیەکان وگونجانەکانی پەیوەست بەوانەوە لەلایەکو, جێبەجێ کردنی ئاسایی ئەرکەکۆمەڵایەتی وئەخلاقیەکان بەهۆی ئەندامانی کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکاندا لەلایەکی تروە، ڕونکردووەتەوە. لەدیدی دۆرکاهیم دا, لە ڕاستیداگرنگترین تایبەت مەندی فرمانی پیرۆز, توانایيەتی لەبەدیهێنانی (ترسدا)ولێرەشەوەیەکە هێزی ناچارکەری ئەو سەبارەت بە هەڵس وکەوتی مرۆڤایەتی، ئەو بەهێزکردنەی کەبەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵی پەرستشکاران دەیکەن (دەکەوێت) ئەمە ڕاستە کە دورکایم لەگەڕانی بەشوێن دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی لەدیدگاو عاتیفەی پیرۆز(کەهەر وەك چۆن پێشتر بینیمان هەموو جۆرە شتەکانو بونەوەران ئاگاداربن)، دەتوانین بگەینە ئەم گریمانە ئازایانەیە کەهەموو ئەم شتو کائینانە تەنها پێشەنگ گەلێکن لەبوونێکی ئەخلاقی بنەڕەتی کەحورمەتو ترسی مرۆڤەکان بەڕاستی ڕوو لەم لایەنە دەکات— هەرچەندە ئاگایانەبێت، دورکایم پێی وایە کە ئەم بوونە

کۆمەڵەکەییە(خودی) کۆمەڵگایە. فەرزیەیەك کەدورکایم قبوڵی کرد،بەم شێوەیە کەهەموو ئەوشتو بوونەوەرانەی کەمرۆڤەکان بەپیرۆزیان دەزانن لەبنەڕەتدا پێشەنگانی خودی گروپەکەن‌و کۆمەڵگە پەیوەستی کۆتایی پەرستشی مرۆڤە، ئەم بۆچونە لەلایەن زۆربەی ئاین ناسانەوە دژایەتی کراولە ڕاستیدا زۆربەی کۆمەڵ ناسان بەبەڵگەی جیاواز ئەوەیە کە (ڕاستیەتی‌و ناڕاستیەتیەکەی گونجاونیە بۆ لێکۆڵینەوە) ڕونیان کردۆتەوە، بەڵام دیدگای دورکایمیش بەهەمان شێوەی زۆرێك لەفەرزیاتە گەورەو هەڵەکانی تر ڕێگەی بەرەو پێشنیاری نوێ فراوان کردەوە.تەنانەت ئەگەر بەوشێوەیەشی کەباسکراوە ڕەتی بکەینەوە دیسانەوە کلیل گەلێکی گرنگ لە بارەی سروشتی ئەخلاقی بەکۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان دەیسەپێنێت بەسەر هەڵس وکەوتی تاکەکانیدا دەخاتە بەردەستی ئێمە. بەتایبەت ئەو هەنگاوانەی کە دورکایم (وازی لێهێنان) بۆ ئەوەی بگاتە دەرەنجامی باسکراو یارەمتیەکیەکی بەرچاوی باسەکەی ئێمە ئەدات، چونکە جەخت کردنەوەی ئەو لەسەرتایبەتمەندیە ترس هێنەرە کانی فەرمانی پیرۆزی سود وەر گرتنی ئەو لە هێزی ناچارکەری ئەوهەندێك ڕێگەی گرنگ کە بەهۆیانەوە حوکمە پیرۆزەکانی بەها کۆمەڵایەتیەکان بەهێز دەکەن ڕۆشن دەکاتەوە .

**(ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئاین)**

بەم شێوەیە بینیمان کە رۆڵی کۆمە ڵایە یی ئاین لە بنە ڕەتدابریتیە لەبە کۆمەڵایەتی کردنی ئەوائاین ،هەربەوجۆرەی کەلەتوانای ماناکەی دێت ،پەیوە ستبونەکائەندامانی کۆمەڵگە و ئەرکەکۆمەڵایەتیەکانیش کەیارمەتی یە کبونی ئەوان دە دات زۆردەکات. چونکە ئەوبەهایانەی کەبناغەیان بریتین لە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان، لەنێوان گروپە ئاینیەکاندا هاوبەشن، ئاین

ڕێککەوتێکی– فراوان لەناو کۆمەڵگادا زامن دەکات. بێجگە لەمەش ئاین حەزی لەوەیە کەبەها کۆمەڵایەتیەکان بپارێزێت. ئەم حەقیقەتەی کەبەها ئاینیەکان پیرۆزن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەئەوان لەگۆڕانی چەمك ومانا دونیاییەکانداگۆڕانکاریان بەسەردانایەن، لەگەڵ ئەوەی کەئاین لەکۆڵگەدا ڕۆڵێکی کۆکەرەوە وڕێکنەری هەیە وهەروەهاهێزێکی پارێزگاریشە، لە چەند لایەکی تریشەوە کارکردی هەیە. لەواقیعی ئەم ڕاستیەداکە ئاین لەپەیوە ستی کردنی ئەندامەکانی گروپەکانی خۆی لەیە کتربەتوانایە، ئەمەمانای ویە کە ئەگەرئاینێك لەنێوهەمووئەندمەکان یان وۆرپەیانناهاوبەشی نەبێت، لەوانەیە بێتەهۆکارێکی ڕوخێنەروجیاکار لەنێوان ئەندامەکانو دورە پەرێزین لە یەکترزیادلەمەش، ئاین لەهەمووحاڵە تەکانداڕۆڵێکی پارێزەرو پایە دارپارێزی هەیە. بە تایبەت لەسەردە مەکانی گۆڕانی بنەڕە تی کۆمەڵایەتیدازۆری ئاین ڕۆڵی داهێنە روکاریگەرونوێی وکودە تای هەیە. بەڵام بەوترازووەی کە ئاین کارکردی کۆکەرەوەو پارێزەری هەیە، یان لەو جێگایانەشدا کەدەبێتە هۆی جیاوازی، یان تازە گەریەداهێنەرەکان ئاشکرادەکات، لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوییو جۆرە جیاوازە کانی کۆمەڵایەتی دا جیاوازی گەلێکی جدی هەیە، لێکۆڵینەوەی ڕۆڵی ئاین لەکۆمەڵگەدا مەسەلەیەکی گرنگ بەدوای خۆیدا دەهێنێت کەلێرەدا تەنها دەتوانین ئاماژە بە هەندێکی بکەین،هەروەك چۆن لە سەرەتادا دەبێت ئاماژە بەوبەشەی کەئاین لە پێشخستن و مانەوەو بەردەوامی گروپە مرۆڤایەتیەکاندا یان ڕێگر دەبێت لەو پێشکەوتنانە هەیەتی بکەین. بەقبوڵکردنی ئەم حاڵەتەی کە کەشتێکی کەمی دیاری کراو بۆ کۆمەڵگە بوونو ڕێککەوتنو پایەدار بوون پێویستە بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکان بهێڵێتەوە، پێویستە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەش بکەین کە چ ئەندازەیەك لەکۆمەڵگەدا بوون یا

پایەداری پێویستە تاوەك و كۆمەڵگە جۆراو جۆرەكان لە هەموو حاڵەتە كاندا پارێزراو بن. لەمەش زیاتر، لەم بوارەدا مانای زاراوەی هێشتنەوە نادیارەو دوو سەرەیە، چونكە كۆمەڵگەكان بەئەندازەیەك كەمتر یان زیاتر لە سەلامەتی كۆمەڵایەتی لەوانەیە بەردەوامیان هبێت. دیارە كەموحافیزەكاری زیاد لە ئەندازە وەیان بەكۆمەڵگە كردنی بێسنور لەوانەیەلە هەندێك كۆمەڵگەدا نەرێنی هەبێت نەك ئەرێنی، وەك دەتوانین بەدەستە واژەی ناكاریگەر باسی بكەین، بەڵام ئایا چ ئەندازەیەك لەكۆمەڵگە سازی یان پایە داری یان نویێ خوازی بێ سنور زیادەیە؟ لەم جۆرە پرسیارە لەوانەیە دیسانەوە بكرێنو هیچ وەلامێكی عەینی تەواو یان پێ نەدرێتەوە، چونكە لەم نێوەندەدا داوەریە بەهاییە تاكە كەسیەكان بەشێوەیەكی نەویستراو دێنە ناوەوە، كەداوەری گەلێكن دەتوانن جیاوازیش بن. سەرەنجام ئاینەكانو بەهاكانیان، هەروەك هۆكارە دەرەكیەڕوتەكان كەلە دەروە كاریگەریان بەسەر مرۆڤە كانەوە هەیە، كریگەری ناكەنە سەر كۆمەڵگەكان، بەها ئاینییەكان تائەوجێییەی لە كۆمەڵگەدا كاریگەرن كەفێری خەڵكی بكرێن، گونجاوین لەگەڵ حاڵی ئێستای ئەو كۆمەڵگەیەدا وەتاكەكانی ئەو كۆمەڵگایەی هێنابێتە ناوكۆمەڵەوە ئەم ڕاستیەی كە فێر بوونی بەها كۆمەڵایەتیەكان لەهەموو كۆمەڵگەكاندا بەشێكی گەورە تری پەروەردەو فێركردنی دیارو نادیار پێك دەهێننو ئەم فێركردنەش لەسەر دەمێكدا ئەنجام دەدرێت كەبەها تاكە كەسیەكانی ئەندامانی كۆمەڵگا شێوەی خۆیان وەرگرتبێت، كەبەلایەنی كەمەوە تا ئەندازەیەك گونجاوی نێوان بەها تاكە كەسیەكانو بەها ئاینیەكان زامن دەكات،كواتە ڕوانگەی پێویستو هاوشان لەگەڵ ڕۆڵی كۆكەرەوەی لەئایندا كاركردی ئەوە لەڕووی ئەو بەشەی كە لەبە كۆمەڵگە كردنی ئەندامەكانی كۆمەڵگەكاندا هەیە. هەرتاكێك بەگەشەی

خۆی پێویستی بە سیستەمێك لە بەهاكان هەیە كەڕێنمای كردارەكانی ئەو بێت لە كۆمەڵگەدا كانونێك بێت بۆ پڕ كردنەوەی كەسایەتی و بەرەو كەماڵ ڕۆشتنی ئەو. دایك و باوك زۆر جار بەشێوەیەكی نارەسمی بێ ئاگایانە سیستەمی بەها كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگە — ئەڵبەت بەڕاست كردنەوەی تاكە كەسیەكانی خۆیانە دەیانگوازنەوە بۆمنداڵەكانیان. چونك لەزۆربەی كۆمەڵگاندا، بەها مەزهەبیەكان لەپێشتریەكی باڵایان هەیە، لەوتەمەنانەی كە منداڵان كاریگەری زۆریان لێدەكرێت، ئەم بەهایانەیان فێر دەكرێت هەروەها پێشكەوتنیشیان بەو هۆیەوەیە كەحوكمە، كۆتاییەكانی پەیوەندی نێوان دایك وباوكو منداڵان،خوشكان، ژنو مێرد كڕیارو فرۆشیار،.......هتد دیاری دەكەن. ئەو بەهایانەی كەتاك لەسەر كۆشی دایكی فێری دەبێت بەها گەلێكن كە بەقوڵی لە كەسایەتی ئەودا ڕۆڵ دەگێڕن. كەواتە هەر تاكێك لەو لایەنەوە دەتوانێت زیانیش قبوڵ بكات، هیچ كۆمەڵگایەك ڕێگە بەباوكو دایك نادات كەبە تەواوی لەئەخلاقی كردنی مناڵەكانیان شانسیان خاڵی بكەنەوە، چونكە بەهاكان بۆ مانەوەی كۆمەڵگا لەو ڕەگەزەی كە دواتر دێن لایەنێكی بنەڕەتیان هەیە، چونكە بەها ئاینیەكان لەزۆربەی سیستەمەكانی بەها كۆمەڵایەتیەكاندا كانونیان هەیە، گرنگ ترین ئەو وانانەی كەمنداڵان فێری دەبن، لەبوارێكدایە كە ئێمە ئەمڕۆ كە بەزۆری بە پەروەردەو فێركردنی ئاینی ناوی دەبەین. پەروەردەو فێركردنی ئاینی یارمەتی تاك دەدات تاوەك وفێكاری گەلێك وەر بگرێت كەبێجگە لەم حاڵەتە فەرمان كردنو نەرێكان بەبێ ماناو سەپێنراو دەزانێت. بۆنمونە ئەگەر منداڵێك فێرببێت كەئامانجی بنەڕەتی ژیان سەرفرازیەو ئەو بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستە بەردەوام لەكلیسادا ئامادە بێت، كتێبی پیرۆز بخوێنێتەوەو دۆعا بكاتو دایك وباوكی خۆش بوێت، ڕێزیان

لێ بگرێت. بەسەختی هەوڵ بداتو قەناعەتی هەبێتو لەدرۆو توندو تیژی دوور بکەوێتەوەو سەماو خواردنەوە کهولیەکان نەخواتەوەو قومار نەکات. وەها کەسێك لەژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا ڕێگەیەکی تایبەت دەبرێتو سود لە خۆڕاگریو پایەداری دەرونی خۆی وەردەگرێت، بێجگە لەمەش هەڵبژاردنی ئامانجە سەرەتایەکانی گونجاون بۆ پێشکەش کردن. کۆمەڵسازی کەسایەتی ڕەگیو ڕیشەی لەدەرونی کردنی بەها ئاینیەکاندا هەیە، بەڵام شتە بەزۆری لە جێگایانەی دونیادان کە جۆرێك لەژیانی گوند نشین دابرێژن. لە کۆمەڵگەی ئاڵۆزی ئەمڕۆدا کەزۆرێك لەخەڵکی لەگوندەوە کۆچ دەکەن بۆ شار، بەکۆمەڵایەتی کردنی سەرەتایی ژیانی تاك بەدەور بەها مەزهەبیەکاندا، زۆر جار سەرچاوەی دژایەتی کردنی ئەو، بەتایبەت ئەگەر ئەگەر لەقۆناغەکانی دواتری ژیانیدا بکەوێتە بەرانبەر دەسەڵاتی ئاینیەکانی ترەوە یان کاریگەری کۆمەڵگایەك کەبە ئەندازەیەکی زۆر بووەتە نائاینی لەیەر بێت ئەم ڕوو بە ڕوو بوونو توش بوونەی لەناو ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، لەوانەیە چارە نوسی زۆرێك لەتاکەکان بێت کەلە شوێنە جیاوازەکانی دونیادا دەژینو بەبێ فێر بوون ئامادە باشی پێشینە، کتوپڕ ئاشنایی لەگەڵ بەها دونیاییەکاندا پەیدا دەکات ئەم ڕاڤانە سەبارەت لایەنی جیاکەرەوەی ئیحتیمالی ئاین، لەتەنیشت لایەنی بەکۆمەڵکردنیدا، ئاگاداری ئەم مانایە کەدەبێت هەموو جۆرە کردارەکانی ئاین لەبوارە جیاوازەکانی کۆمەڵڤا ڕەچاو بکەین ڕوانگەیەکی تری ئەو ڕۆڵی بەکۆمەڵ کردنەی ئاین کەلە کەسایەتی تاکەکاندا هەیەتی، ئەمەیە کەئامانجە گەورەکانی ئاینەکان هەست پێ نەکراوە.


سەرفرازی بوزاییەکانو ڕزگاربوونی مەسیحیەکان، بەهەشتی خۆشیە هەمیشەییەکانی موسوڵمانان، هەموویان لەجیهانێکی تری نەهێنیدان. ئەم

حەقیقەتە بەلایەنی کەمەوە دوو ئەنجامی بۆ کەسایەتی لێ دەکەوێتەوە، لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا سەرکەوتن لەم جیهانەدا ئامانجێکە کەتەنها ژمارەیەکی کەم پێی دەگەن، بەڵام بەش و ئامانجەکانی ئەو دوونیا هەموو کەس دەتوانێت هەوڵی بەدەست هێنانیان بدات. هەروەها سەرکەوتن لەم جیهانەدا بەسراوە بە بینی ئەزمونی ڕۆژانەی شێوازگەلێکە کەبەکاردەهێنرێت. بەڵام بەدە ستهێنانی سەرکەوتنی ئەودونیانا دیارەو لەوانەیەتەنهالەدەستڕەسی کەسا نێکی هەڵبژێراو دابێت کە رێزیان بەدە ستهێنابێت، یان تەنها لەدڵی تاکدابێت، بە هەرحاڵ کۆمە ڵگە ئەندامە کانی خۆی هاندەدات وپشتگیری دەکات تاوەکو بە شوێن ئامانجە کانی خۆیان نەدابڕۆن، بەلکوپێویستیشە بەکاری زیادەو جیدیەت ڕۆڵی خۆیان لە پاراستنی ئەرکە کۆمەڵاتیەکاندا بپارێزێت کە پایەداری خۆڕاگری کۆمەڵگەی پێوەبەندە، بگێڕن.

* کتێبی :در امدی جامعە شناسی دین
بەشی( 2) لاپەڕە 36–46

# تێگەیشتن لە "مرۆڤ"
# لە ڕێگەی تێگەیشتن لە غەریزەکانیەوە

نەوزاد عەلی – سەیدسادق




هێڵکاری غەریزەکانی مرۆڤ

مرۆڤ خاوەنی حەوت غەریزەی(ژیانی، جنسی، دانایی، دینی، کۆمەڵایەتی، کار، سەرکەوتن)ە. مرۆڤ ناتوانێ دەست بەرداری هیچ یەکێك لەم غەریزانە ببێت. مرۆڤ وەکو دارێکی حەوت پەل وایە کە هەر غەریزەیەك پەلێکیەتی. ئەم غەریزانە چەندە ڕووی دیارو بەرجەستەیان هەیە چەندەها ئەوەندە ڕووی نادیارو ڕۆحی و مەعنەویان هەیە. کە مرۆڤ پێك هاتبێت لە(جەستە، دەروون، ڕۆح) ئەوا هەمان هاوکێشەش بۆ غەریزەکان ڕاستە. غەریزەکان هەڵسوڕێنەرو جوڵە پێدەری مرۆڤن.دکتۆرعەلی وەردی لە کتێبی"کارەنائاساییەکانی نەست" دا دەڵێت(مرۆڤ خاوەنی 3 غەریزەی ژیانی، جنسی، داناییە"دکتۆرعەلی شەریعەتیش لەبابەتێکدا دەڵێت "هەستی ئاینی هەستێکی غەریزییە" وە خۆشم پێم وایە کە لایەنی کۆمەڵایەتی و کارکردن و سەرکەوتن سێ غەریزەی ترن. مرۆڤ کە پێك هاتووە لە جەستەو نەفس و ڕۆح ئەوا غەریزەکان لەناو ئەم سێ بەشەی مرۆڤدان و لەدەرەوەی ئەمانە نین. ئیشی عەقڵیش فەرمانڕەواییی

کردنی غەریزەکانە. بەختەوەریش کەدوا ئامانجی مرۆڤە لە هاوسەنگ ڕاگرتنی غەریزەکانەوەیە. ئەتوانم بڵێم کە بناغەی مرۆڤ یان جەوهەرو هەڵسوڕێنەری مرۆڤ غەریزەیەو عەقڵیش هەرئەوەندەی لەدەست دێت کە کاری غەریزەکان ڕێك بخات کە ئایا چاك ڕێکیان ئەخات یان خراپ. کاتیٚ کە ئێمە لە غەریزەکان تێگەیشتین ئەوا لەخۆمانی مرۆڤ تێدەگەین وەتەنانەت لە ئەرکی دەسەلأت بەرامبەر بەغەریزەکانی ئێمە تێدەگەین هەر لێرەوە پرسیارمان دەربارەی دینەکەمان بۆ دروست دەبێت لە ڕێنمایی دینەکەمان بۆ غەریزەکانمان چونکە من یەکەیەکی سەربەخۆ نیم من حەوت بەشم ئایا دینو دەسەلأت بۆ نمونە چیان پێیە بۆ غەریزەی کۆمەلأیەتی من؟ ئیتر لێرەوە لە ڕێگەی ناسینی غەریزەکانەوە نەك تەنها خۆمان ئەناسین بەڵکە حیکمەتو زەرووری دینو ئەرکی دەسەلأتیش ئەناسین!بەکورتی لەسەر هەریەك لە غەریزەکانو تا ڕادەیەك لەپەیوەندییەکانیشیان ئەدوێین.

1–غەریزەی ژیانی(مانەوە):

دکتۆر عەلی وەردی لە کتێبی کارە نائاساییەکانی نەستدا چیرۆکێك ئەهێنێت دەربارەی غەریزەی ژیانیو دەڵێت (لەکاتی لافاوەکەی نوح دەگێڕنەوە کە ژنێك کە لافاوەکە هات منداڵەکەی کردە باوەشی کە ئاوەکە بەرز بووەوە خستیە سەر سەری کەئاوەکە گەیشتە دەمو لوتی منداڵەکەی خستە ژێر پێیی تا خۆیی بەرز تر بێتەوە) یان ئەوکاتەی کە دەریاکە ئەداتەوە بەیەکدا فیرعەون ئیمان ئەهێنێت بەخوای موسا لەپێناو مانەوەیدا چونکە لەویا یەقینی بۆ دروست ئەبێت کە ژیانو مان بەدەست خوای موسایە.لە چیرۆکی یەکەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو هێزەی کە لە ناو ناخی مرۆڤدایە بۆ مانەوە دایك منداڵەکەی خۆی ئەخاتە ژێر پێی، لە چیرۆکی دووەمەوە بۆمان دەرئەکەوێت

که فیرعەون بەو هەموو فیرعەونییەی خۆی ئامادەیە ئیمان بهێنێت. زۆر جار نەخۆشێك یان کەسێکی پیر سەگێك پەلاماری بدات یان سەیارە بەرەو ڕوی بێت بەجۆرێك ڕائەکات کە خۆی چاوەڕوانی ئەو جوڵەی لە جەستەی نەکردووە،کەواتە ئەم غەریزەییە جگە لە سوودی ئەوەی کە مرۆڤ ئەمێنێتەوەو نافەوتێنێت هێزو ئاگاداری خۆپارێزی پێ ئەدات لەهەمانکاتیشدا ئەبێتە هۆی چالاکبونی جەستە. ئەو هەموو هەوڵو کۆششەی کە مرۆڤ بەدوایی خۆراکدا ئەیکات پاڵنەری غەریزەی مانەوەییە، زەواجیش بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندی بە غەریزەی مانەوە هەیە،کاتێ کەمرۆڤ ئەزانێت پیر ئەبێتو پاشان ئەمرێت ئیتر هەوڵ ئەدات لە ڕێگەی وەچەوە بونی ناسنامەی خۆی بهێڵێتەوە.

ئایا ئەرکی دەسەڵات چیە بەرامبەر بە غەریزەی مانەوەی من یان ئێمە؟ هەموو ئەو هۆکارانەی کەوا دەبێتە هۆی مردن، یان ترسی ڕووداوی مردن دروست دەکات دەبێت دەسەڵات گرنگی پێویستیان پێبدات کە ئەمەش زیاتر لەنەخۆشخانەو بواری چارەسەری پزیشکیدا خۆی ئەبینێتەوە.

ئەرکی دین لەم بوارەدا چیە؟ جگە لەوەی کە بەشێوەییەکی گشتی کە دین بۆ تێرکردن و وەڵام دانەوەی غەریزەی دینداری مرۆڤ هاتووە. بەڵام کەم تا زۆر، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ.دین قسەی خۆی هەیە لەسەر هەریەك لە غەریزەکانی تر, بەپێی ڕێنمایی دینێکی وەك ئیسلام یان زۆر لەدینەکانی تریش نابێت هیچ کەسێك کەسی تر بکوژێتو تەنانەت کەس مافی خۆکوشتنیشی نیە!وە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار هاریکاری ئەوکەسانە بێت کە ئەم پێویستی پییەتی وەلەو بەزەردەخەنەیەك یان لەتەخورمایەکیش بێت،گەورەیی زەردەخەنەیەش ئەوکەسانە گەورەییەکەی ئەزانن کە گرفتو ئاڵۆزی دەرونییان هەیە یان برسیەکی بەربانگی بەڕۆژووگەورەیی لەتەخورماییەك ئەزانێت،خوایی گەورەش


به ئەندازەی ئەم گەورەییە مەعنەوییە پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە. کە ئەمەش ئیشی گەورەی دینە بۆ غەریزەی مانەوە، زۆرجار کەسێك کەلە حاڵەتی تورەیدایە خەریکە خۆی یان کەسێك بکوژێت بەڵام بەڕوو خۆشیو زەردەخەنەی بەرامبەرەکەی وەها ئەگۆڕێت وەك ئەوەی کەلە هەموو ژیانیدا بەبیریدا نەیەت کە بۆ تەنها جارێکیش تورە بوبێت، ئەمە جگە لەوەی کەدین ئەمر بەلەسەر خۆییو نەرم ونیانیو خۆپارێزی ئەکات.ئەو پرسیارەی کە گرنگە ئەوەیە: ئێمەی خاوەن غەریزەی مانەوە،نامرین هەتا تەمەنی دیاری کراومان مابێت،بەڵام ئەی چۆن سوود لە ڕێنماییە ئایینیەکان وەبگرین بۆ ئەم غەریزەی مانەوە؟

2- غەریزەی جنسی :


غەریزەی جنسی زۆر زەق کراوەتەوە ئەویش لەبەر کەم مەعریفیو چەپاندنی ئەم غەریزەیە.دەبێت سەرەتا ئەوە بزانین مادام لایەنی جنسی غەریزەیەو بەشێکی دانەبڕاوە لە ئێمە کەواتە ئێمە چارمان نیە جگە لەمامەڵەکردن نەبێت لەگەڵ ئەم غەریزەدا. هەروەك چۆن ئەخلاق کورتکراوەتەوە لە مەسەلەی جنسیدا بەهەمان شێوە خیانەتیش کراوە لە غەریزەی جنسیو کورتکراوەتەوە لە پەیوەندی نێوان نێرومێ لەڕووی جنسیەوە،کاتێ کە ژن وپیاوێك بەیەك ئەگەن بەرلەوەی غەریزەی جنسی بێت غەریزەیەکی کۆمەڵایەتیە کەئەم نێرو مێ یە حەز لەیەك ئەکەنو بەگوتەی قورئان بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلای یەکترو خۆشەویستی وسۆز دروست ببێت لە نێوانتاندا.جگە لەوەی کە غەریزەی جنسی بە ڕوکەشەن و گشتیەن واباوە کەپەیوەندی هەیە بە مەسەلەی جنسی نێوان نێرو مێ.بەڵام غەریزەی جنسی لە مرۆڤدا ئەوەیە کەمرۆڤ لە ژیانیدا پێویستی بەسێ کەس لەڕەگەزی بەرامبەری هەیە بۆنمونە

پیاو پێویستی بە(دایك، هاوسەر،کچەکەی)هەیە. وەئافرەت پێویستی بە(باوك،هاوسەر،کوڕەکەی) هەیە تا ئەم تینویەتیە ڕەگەزییە تێر بکات، هەرئەمەیە کە ئێمە ناتوانین غەریزەی جنسی کورت بکەینەوە لە پەیوەندی جنسی نێوان نێرو مێ، ڕاستە پەیوەندی جنسی بەشێکە لە ژیانی ژن وپیاو بەڵام هەموو شتێك نیە، وەتەنانەت ژیانی ژنو مێرد لەسەر پەیوەندی جنسی بونیاد نەنراوە بەڵکە لەسەر غەریزەیەك بونیاد نراوە کە تینویەتیو ئارامیە بۆ یەکتر بەگوتەی قورئان ئارامی وسۆزو خۆشەویستی نێوان ژنو پیاوە کە دەکاتە عەشق بەگوتەی عبدولکەریم سروش جنس بیانوییەکە بۆ عەشق، ئەوەی کە گەورەترو زاڵترە عەشقە نەك جنس وپەیوەندی جنسی. وەك ووتمان غەریزەی جنسی لەتەمەنی مرۆڤدا دابەشی 3 کەس دەبێت، لەم بارەوە ئەمەوێت ئاماژە بدەم بەڕۆمانی "گەڕانەوە بۆ مەرگ" ی "عبدولکەریم فتاح" کە زۆر جوان لە پێشکەش کردنەکەیدا ئەم ڕۆمانەی پێشکەش کردووە بە (ڕۆحی دایکیو هاوسەرەکەیو کچە گەورەکەی) ئەم نوسەرە زۆر جوان ڕۆحی خۆی ناسیوەو سروشتیەن مامەڵەی کردووە یەکەم بەرهەمی ڕۆمانی پێشکەشی 3کەس کردووە کە هەستێکی غەریزی ئەم پێکەوە بەسترانەی دروستکردووەو دواجاریش توانیویەتی ئەنجامێکی ڕۆحی هەبێت. ڕاستە کە پەیوەندی کوڕو باوك یان کچو دایك پەیوەندییەکی غەریزییە. بەڵام پەیوەندییەکی غەریزی کۆمەڵایەتیە نەك جنسی چونکە مەبەست لە جنس هەردوو ڕەگەزەکە (نێرو مێ) دەگرێتەوە. غەریزەی جنسیش واتە ئەوهەستە سروشتیەیی کەنێرو مێ پێکەوە دەبەستێتەوەو دووبارەو بەردەوام دەبێتەوە کە قۆناغی یەکەم بە کوڕودایك یان کچ و باوك دەست پێدەکات قۆناغی دووەم هاوسەرداری قۆناغی سێیەم بە دایكو کوڕ یان باوكو کچ دەبێت. پەیوەندی

نێوان ژن‌و مێردوو منداڵ‌و دایك‌و باوك قورئان‌و فەرموودەكان زۆرجەختیان لێكردۆتەوە كەپێویست بەباسكردنی ناكات لێرەدا، وەدەسەلآتی سیاسیی هەندێ جار خەریكی دوور خستنەوەو خراپكردنی پەیوەندی نێوان منداڵ‌و دایك و باوك و ژن ومێردە، بەناوی مافەوە ئەركی دەسەلآت ئەوەیە كە دەبێت لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە پەیوەندی نێوان خێزان بەهێز بكات كە پەیوەندییەكی غەریزی ڕەگەزییە، وەدووەم كارئاسانیەكانی پرۆسەی هاوسەرگیری.



هێڵكاری غەریزەی جنسی



هێڵكاری پێك هاتەی مرۆڤ

3– غەریزەی دانایی :

هەموو مرۆڤێك فزولیەتێكی تیایە بۆ بەدەست هێنانی مەعلومات و زانیاری بە هەموو جۆرو شێوەكانیەوە.ئەو ئافرەتەی كە لەبەر دەرگا دائەنیشێت. یان كە ئەچێتە تەعزییەو شاییی. كاتێ كە ئەگەڕێتەوە لەوانەیە زیاتر لە قوتابیەكی زانكۆ یان لەپەیامنێرێكی ڕاگەیاندن هەواڵ‌و مەعلوماتی هێنا بێتەوە بۆ ماڵەوە ئەمە جگە لە غەریزەییەك كە حەزێكی گەورەییە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری هیچی تر نیە چونكە ئێمە لەسەر بنەمایی پێویستیەكانمان بەدوای هەواڵ وزانیاریدا ناچین، بەڵكە هەر حەزێكی بێسنورمان هەیە كە شت بزانین.حەز ئەكەین دەربارەی هەموو شتێك بزانین. ئەم حەزە زۆرجار بەرەو دوو زمانی‌و فیتنەیی‌و زۆر گوێگرتن لە دروٚمان دەبات،وەكەم نین ئەو ڕێنماییە ئایینیانەی كەسەر قسەكردن‌و گوێگرتن هەن .هەروەها لەسەر ئاستی دەسەلآتیش دەبێت

دەسەڵات دووشت بکات یەکەمیان شەفاف بێت لەکاروبارەکانی زانیارییە کانمان بەڕاستی بداتێ دووەمیان ئەوەی گرنگی زۆربدات بەلایەنی خوێندنو مەنهەج و بینایی قوتابخانە.

4 – غەریزەی دینداری :

دکتۆرعەلی شەریعەتی دەڵێت(خواستی ئاینو هەستی ئاینیو یستێکی غەریزییە نەوەك ویستی دروستکراوەکانو بیرکردنەوەی مرۆڤ ئەگەر چی ویستو بیرکردنەوە بە قوڵیی تیایدا بەشدار بووە. غەریزیی بونی هەر شتێك دووو تایبەت مەندی هەیە دووبارە بوونەوەو بەردەوام بوون خواست و هەستی ئاینیش ئەم دووتایبەت مەندییەی تیایە. لەمێژوودا هیچ کات پاشماوەییەکی مرۆڤ نەبینراوە مەگەر کەوا نیشانەیەکی پەرستش لەگەڵێدا نەبووبێت هەرشتیچك لە مرۆڤا غەریزی بێت ئەو مرۆڤە ناچار پێویستی پێیەتی، چونکە سروشتی وەها بونیاد نراوە) شەریعەتی ئەوەی سەلماندووە کە هەستی ئاینی هەستێکی غەریزییەو لەناوەوەی مرۆڤدایە نەك دەرەنجامی عەقڵی بێت، بەمەش دەرگای کافر بوونی بێهودەی لێ گرتوین و ئیجباری کردووین لە جیاتی گومانو بیرو ڕای عەقڵی پێویستە بە یەکێ لە دینەکان ئەم هەستەی خۆمان تێر بکەین.دین خۆراکی ئەم هەستە ئاینیە غەریزییەیە. هەروەك شەریعەتی دەڵێت (هیچ کات ڕۆحی مرۆڤ خاڵی نەبووەلەپەرستشو نیە، ئەگەر پەرستشی خوا لە ڕۆحی مرۆڤدا هەڵگرین، دەبێتە هۆی دروست بووونی ئالۆزییەکی زۆری دەرونیو لادانێکی زۆری ئەخلاقی)دابەزینی ئاینی ئیسلام لە مەککەی بتخانەدا دادەبەزێت لەبەر ئەوەی خەڵك واز لەو هەموو خوایە بهێنن بۆ یەك خوا،خوای گەورە لەمەدینەی شەڕەشمشێردا فەرمانی جهاد ئەکات،یان خوای گەورە لە چوار جۆر پەیوەندی جنسی تەنها یەك جۆریان ئەهێڵێتەوە.ئەم سێ نمونە

ئەوەمان پیَ دەڵێت کەدین هەمان شتە خراپەکانی خۆمانمان بۆ چاك ئەکاتو ئەمانداتەوە بۆنمونە 360 بت ئەگۆڕێت بەیەك خوای ئەوی پەڕی کەماڵ. کەواتە دین شتێکی داسەپاویو بێزراوی سەر دڵو دەروون نیە، پێش ئەوەی خوای گەورە داوای پەرستنی خۆی بکات خەڵکی مککە خۆیان 360خوایان ئەپەرست.ئەوە منی مرۆڤم کە بەدوایی خوادا وێڵم هەر جارەی شتێك ئەپەرستم .دین بۆ نمونە قورئان وەك ڕێگەیەکی کورت کراوە وایە کە من لەو گەڕانە دوورو درێژە ئەپارێزێت کە چەندەها کەسی بەرەو غەیری خواپەرستن بردووە.

5- غەریزەی کۆمەڵایەتی :

پرۆسەی زەواج ڕووە دیارەکەی ئەوەیە کە پەیوەندی بە غەریزەی جنسیەوە هەبێت بەڵیَ ڕاستە پرۆسەی زەواج یەکێك لە پاڵنەرەکانی غەریزەی جنسیە بەڵام چەندە غەریزەییەکی جنسیە ئەوەندەش غەریزەییەکی کۆمەڵاییەتیە ڕادەی دیاردەو هەست و پاڵنەری کۆمەڵایەتی بوونیش هیچ کەمتر نیە لەلایەنی پاڵنەری جنسی لە زەواجدا .وەك ووتراوە مرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتیەو هەمیشە حەزی لە ئاوەدانیە.نەك لەبەر ئەوەی کەمرۆڤ پێویستی بەئاوەدانی بێت وەك زەروورەتێك بەڵکە ئەمە حەزێکە ,حەزێکی توند ,بۆ کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤو پەیوەندییە کۆمەڵاییەتیەکانی بەدەر لەوەی ئێمە ناتوانین بەتەنها بژین لەڕووی پێداویستی ژیانەوە .بەهەمان شێوە تەنهایی مرۆڤەکان ئەکوژێت.نوسەرێکی دەروونی وەك "ئەنتۆنی رابێنز"لە کتێبی سەرکەوتنی بێسنور لە بیست ڕۆژدا "لە ڕێنمایی یەکەم ڕۆژدا ئەڵیَ"هاوڕێیەکتا کەماوەیەکە لێی بیخەبەرن تەلەفونی بۆ بکەن یان چەند ساتێك پیاسەیەکی لەگەڵ بکە "لەم ووتەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو کەسانەی کە سەرکەوتونین

.زۆرێکیان غەریزەی کۆمەلآیەتیان لاواز بووە ,کاتیٚ کەمرۆڤ ئاگاداری هاورِێکانی و سەرکەوتنی هاورِێکانی بێت ئەمیش سەرئەکەوێت یان لانی کەم رۆحێکی جولەو بیرکردنەوەی کۆمەلآیەتی ناوچەکەی خۆی ئەچێتەوە بەبەریدا،دەسەلاَت نابێت لەرِێگەی حیزباییەتیو سیاسەتەوە پەیوەندی کۆمەلآیەتی تێك بدات،دراوسیٚو خزم بکات بەدوژمنی یەکتر چونکە بنەرِەتی مرۆڤ هاریکارییەکی کۆمەلآیەتیە،کاتیٚ کە دیموکراسی و فرەحیزبی وهەلَبژاردن ئەهێنرێت ئەبێت حسابی گەورە بۆ غەریزەی کۆمەلآیەتی بکرێت و ئەم بەشە زامدار نەکرێت،ئاینی ئیسلامیش پەیامی خۆی گەیاندووە بۆ ئەم غەریزەییە کەم نین ئەو فەرموودەو ئایەتانەی کە باس لەپەیوەندی کۆمەلآیەتی ئەکەن ئەزمونی ئاینیش زۆر باش ئەمەی سەلماندووە کەلەم بوارە ئیشی باشی پێئەکرێت کە تەنەنانەت بە پارە ش ناکرِدرێت.دکتۆر عەلی شەریعەتی زۆر جوان ئەلَێت "تەنیاییی،گەورەترین کارەساتی سەدەییە"

6- غەریزەی کار :

مرۆڤ کاتیٚ کە بێکار بێت ئەو بیتاقەتیەیی کەهەیەتی و هیچ شتێك ناتوانێت پرِی بکاتەوە تەنها کارکردن نەبێت ,بەلآم کاری تاقەت پرِوکێن نا .تەنانەت ئەلَێن"شەرِ لەبەتالَی باشترە". ئەم قسە لەرِووی عەقلَیەوە هیچ بنەماییەکی نیە.بەلآم لەرِووی غەریزییەوە رِاستە چونکە شەرِ جولَەی تیایە و تارِادەیك بە ئیش حساب ئەکرێت. بەهەرحالَ،ئیشکردن هەموومان ئەزموونیەن چەشتومانە کەبەشێکی نادیار لە ئێمەدا تێر دەکات کەئەویش غەریزەییەکە پالَمان پێوە ئەنێت بۆ جولآن و لەهەمان کاتیشدا ناخ ونەستمان داوای بەرهەمی ئەو جولَەیەشمان لیٚ دەکات. کەواتە غەریزەی کار پێویستی بەو جۆرە کارەیە کە کار بریتی بێت لە"کار ئەو جولَە جەستەییەیە کە بەرهەمی هەبێت و تاقەت

پڕوکێن نەبێت". ئەرکی دەسەلآت لە بابەتی "کار" دا زۆر قورسە چونکە پێویستە کار دابین بکات بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە و پلانی ستراتیجی درێژخایەنی هەبێت لە بواری بەرهەم هێنان و عەدالەتی کۆمەلآیەتیدا.ئاینی ئیسلامیش گرنگی بەلایەنی کارکردن داوەو سنورێکی میانگیری بۆ داناوە چونکە ژیان سەرتاپای کارکردن نیەو وەژیان لەهەمانکاتیشدا بونیاد نانەو تەمەمبەڵی و پاڵدانەوە نیە.

7- غەریزەی سەرکەوتن :


محمد غەزالی ئەڵێت"مرۆڤ خاوەنی 3غەیزەی(نەفسی حەزکردن بەخۆ دەرخستن،عەقڵی،جنسی) یە ئەوەی کە غەزالی ئەڵێت غەریزەی نەفس و خۆ دەرخستن هەمان ئەو واتاییەیە کەمرۆڤ حەزی بەسەرکەوتن و دەرکەوتنە.مرۆڤ پاڵنەرێکی لەناخدایە کەپاڵی ئەنێت بۆ ئەوەی دەرکەوێت ,ئەڵێن "کابرا کەس نەی ئەناسی ئەچوو لەسەر ڕێگە دائەنیشت " ئەمە چیە؟ جگە لە غەریزەییەك مرۆڤ هەمیشە حەز لەشانو شکۆو ڕێزلێگیراوی ئەکات لەبونیادە کۆمەلآیەتیەکەیدا یان بەکۆمەڵێك سەرکەشی ترسناکی دەربکەوێت ئەم ڕێزو ناوبانگە بەدەست ئەهێنێت یان بە کاری چاکەو داهێنانو خزمەتکردن هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ لای هەرکاممان هەیە.بەلآم ئایا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەین ئەمەبابەتێکی ترە.تەنانەت چەندەها زانای لەخواترس وعابید وویستویانە خۆبپارێزن لە ناوبانگ بەلآم خوای گەورە کەلە تاقی کردنەوەیەکدا سەری خستون خۆی وای کردووە کە ئەم ناوبانگە بلآو بێتەوە و بووەتە هۆی گەورە بوونی ئەکەسە زانا یان عابیدە.ئەگێڕنەوە لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابد کە کابراییەکی سەرخۆشیان هێنا ووتی ئەی ئەمیر یەکەمجارمە کاری وابکەم ووتی" ڕاست ناکەیت خوای گەورە بەیەك جار تاوانەکەت ئاوا ئاشکرا

ناکات" ئەو کارانەی کە ئێمە دەیکەین وبەردەوامین لەسەری خوای گەورە بەوویستی خۆی ئاشکرایان ئەکات و ئێمە بەو جۆرە لەکۆمەڵگەکەماندا ئەناسرێینەوە .ئەرکی دەسەڵات بۆ ئەم غەریزەی سەرکەوتنە ئەوەیە کە کەسی شیاو بخاتە شوێنی شیاو،چونکە جاری واهەیە دز بەرپرسەو کەسی زۆرشارەزاو بەتواناش لەشوێنێکی ئاست نزمدایە کەئەمە گەشەی کۆمەڵگە نا تەندروست ئەکات.ئیسلام زۆر گرنگی داوە بە پەروەردەی نەفسی سەرکەش کەسەرکەشانە خۆی دەرنەخات و هانی ئیماندار ئەدات کە هەوڵ بدات بۆ شارەزا بوونو تێگەیشتن و یارمەتی دانی خەڵکی.کە لێرەوە دەبێتە تاکێکی چالاك و باشو ناوبانگێکی یا سەرکەوتنێکی شەرعیە.وەپوختەی پەیامی دین ئەوەیە سەرکەون بۆ بەدەست هێێنانی بەهەشت کە گەورەترین سەرکەوتنەو کە بەکۆمەڵێك سەرکەوتنی دنیایی ئەکرێت.


لە کۆتایدا :

ئەوەی زۆر گرنگە بەنیسبەت غەریزەکانەوە بریتی یە لەهاوسەنگ تێرکردنی غەریزەکان،نابێت هیچ غەریزەییەك پشت گویێ بخرێت.یان گرنگی لە ڕادەبەدەر بدرێت بەغەریزەییەك.ئێمە لەسەرەتاوە وتمان ئەم حەوت غەریزەییە وەك دارێکی حەوت پەل وایە !ئەوەی پرسیارە لێرەدا ئەوەیە ئایا قەدی داری ئەم حەوت پەلە چیە؟ ئایا ئەو شتەی کەلەناو ئەم حەوت غەریزەدایە ئێمە وەك خاڵێك یان ڕاستە ڕێیەك یا نیشانەیەك لەبەر چاوی بگیرین؟ ئەوشتە" ئامانجی ژیانە"ئامانجی ژیانی من یان هی تۆ چیە ؟بەگشتی ئامانجی هەرکامێکمان هەر هەمان ئامانجی ژیانە واتە ئەو ئامانجە ژیانیانەی کەهەیە بۆ نمونە ئەخلاقو عەدالەتو ڕاستگۆیيو......هید ئامانجمانەکە

دەبێت پارێزگارییان بکەین. وەنابێت غەریزەکان لەکۆنترۆ ڵمان دەربکەن کەئەمەش یەکێکە لە ئامانجە کانی ژیان.




هێلکاری پێك هاتەی مرۆڤ



هێلکاری پێك هاتەی مرۆڤ بەتایبەت نەفس کە دوو دیوی هەیە .



هێلکاری بێکەوەیی و تێکەڵی غەریزەکان.

سەرچاوەکان:
1 – کارە نا ئاساییەکانی نەست, دکتۆر عەلی وەردی .پەڕەکانی کۆتایی.
2– گۆڤاری هێشتا ژمارە 8لاپەڕە 88–100 بابەتێکی دکتۆر عەلی شەریعەتی.



# پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئایینەکان

ن.غلامرضا أعوانی
و.ئەڵوەن حسەینی

پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەچوار چێوەی ئاینە ئاسمانییەکاندا بۆخۆی واتاو مەبەستی تایبەتی دەبەخشێ،بە واتایەك دەتوانین بڵێین:ئاین خودی ئاشتییە.ئاشتی نێوان مرۆڤو خود،ئاشتی نێوان مرۆڤو خودا،ئاشتی نێوان سروشتو جیهان بەگشتی،ئاشتی نێوان مرۆڤو دەورو بەرەکەی،دەتوانین بڵێین:ئاشتی نێوان (مرۆڤو _خودا)بە واتای سازگاری نێوان مرۆڤو بەشی ئاسمانی لایەنە(رۆحانی)یەکەیو دوور کەوتنەوە لە هەموو ئەو هۆکارانەی کە ئەم بەشە لە سروشتی مرۆڤدا دەخەنە مەترسییەوە،یان ئاشتی نێوان مرۆڤو خودا واتە ملکەچ بوون بۆ هەموو یاسانی پەروەردگار جێ بەجێکردنی هەموو مەرجەکانی بەندایەتی،ئاشتی نێوان مرۆڤو سروشت واتە تێگەشتن لە هەموو رازەکانیو خۆگونجاندن لەگەڵیدا،وەدواتر گرنگتر لەهەموو ئاشتیو پێکەوە ژیانە لەنێوان مرۆڤەکاندا بەو مانایەی هەموومان لەیەك بوونیادی ئینسانینو هیچ کەسێكو تاکێك مافی زیاتری بەسەر ئەوانی تردا نییەو دەبێت ئەوەی بۆ خۆمان دەوێت بە هەمان شێوە بۆ ئەوانی تر جێگای پەسەند بێت.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆکە لەم جیهانەدا دەیبینین هەموو ئەم ئاشتیو پێکەوە ژیانەی رووبەڕووی کێشەو گرفت بووەتەوە،جالەبەر ئەوەی پێویست دەکات

ئاینە ئاسمانییەکان زیاتر لێك نزیك ببنەوەو هاوکاری نێوانیان زیاتر بکەن تاکو ئەم هەڕەشەو مەترسیانە دوور بخەنەوە لە هەموو پەیامە ئاسمانییەکان.

ئێمەو هەموو دەورو بەرمان روو بەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە دەبێت(ئاینە ئاسمانییەکان)و پەیڕەوانی چ رێگە چارەیەك بگرنە بەر بۆ ئەوەی بەم ئەنجامە گەورەیە بگەن.

بۆ وەلآمی ئەم پرسیارە دەتوانین بلێین:لەبەردەم دوو رێگاچارەدان.یەکەم رێگا چارە دەرەکییەکان.دووەم رێگە چارە ناوخۆییەکان،ئاماژەی ئێمە لێرەداو پێشتر لەهەرشتێك رێگا چارە نێو خۆییەکان چونکە ئاینەکان بۆ بەدەست هێنانی ئاشتیو تەبایی نێوانیان پێویستیان بە دروست کردنی متمانەو یەکبوونە،لەنێو ئاینەکەی خۆیاندا بەتایبەت ئەو گروپو مەزهەبانەی کە بیرو رای جیاوازییان هەیە،چونکە روخێنەرترین هۆکار بۆ ئاینو ئایدۆلۆژیا هەمان بەدگومانیو ناکۆکیەیە.

هەرچەند ئەم جیاوازی بیروڕا لە هەرئاینو مەزهەبێکدا شتێکی ئاساییە،گەر لەچوار چێوەیەکی هزریو لۆژیکی بێت،هەر ئەم جیاوازییە بە شێوەیەکی توندرەوانە بێت، بێگومان دەبێتە هۆی لەناو چونو پەرتەوازەبوونی پەیڕەوانی، ئەوەتە ناکۆکی لەنێوان کلێسادا هۆکارێك بو بۆ سەرهەڵدانی (رێنساس) پاشانیش دروست بوونی رێچکەی سیکۆلاریزم.یاخود ناکۆکی نێوان گوتاری ئیسلامی هۆکارێك بو بۆ ئەوەی ژیاری ئیسلامی توشی بەستەڵەکی هزری ببێت.لە رابوردودا چاویان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان نەکردووە. بەلآم ئەمڕۆکە پێویستە ئاینەکان هەموو هەولێکیان بخەنە گەڕ بۆ دۆزینەوەو کۆکردنەوەی خاڵە هاوبەشەکانیان.

ئیستاكە دەمانەوێت چاوێك بگێڕین بەنێو ڕێگا چارە دەرەكییەكاندا،ئێمە دەزانین ئاینە ئاسمانیەكان هەر یەك بە پێی پێگەو چۆنییەتی بنەماكانی كەوتووەتە ژێر كاریگەری،بەتایبەت كاریگەری سیكۆلارییەت،كەهەردەم بەشێكی زۆری ئاینە ئاسمانیەكانی كردووەتە ئامانج،ئەم قوتابخانەیە بەبیرو رای هەندێك لە هزرمەندان لە هەوڵی ئەوەدایە كە هەموو بەشە كۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیو هزریەكانی كۆمەڵگا لەئاین داماڵێتو ڕێسا ئاینیەكان بخاتە نێو بۆتەی تایبەتی خۆیەوەو بیانكاتە كۆمەڵێك پێك هاتەی دونیاییو ماددی گەراو بەردەوام هەوڵی داماڵینیان بدات لەهەموو بەها ئاینیەكان.

بە بڕوای هەندێك لە هزرمەندانی تر ئاماژە بەوە دەكەن كە گوایە قوتابخانەی (سیكۆلارییەت)هەندێك لە بەها ئاینییەكان بەو شێوازەو بە یەكجاری دانامالێت، بەڵكو دەیەوێت لە كۆمەڵێك جێگای سەرەكیدا بیسڕێتەوە.

یەكێكی تر لەو هۆكارە دەرەكییانە كە كاری گەرییان لەسەر ئاینە ئاسمانییەكان هەیە ئەو ئایدۆلۆژیا نوێیانەن كە دەچنە ژێر كاریگەری هزری فەلسەفەی رۆژئاوا كە پێچەوانەی قوتابخانە فەلسەفییە كۆنەكان كە بەردەوام بەدوای راستیو حەقیقەتەوە بوون،بەدوای تاكگەراییو هزری توندرەوانەوەن كە باشترین نمونە(ماركسیزم)هەڵبەت هەندێك جار ئاین ئاسمانییەكان خۆیان وەك ئایدۆلۆژیا لەنێو كۆمەڵگادا دەكەنە نوێنەرو لایەنە ئاینەكانیان فەرامۆش دەكەن كە باشترین نمونە(صهیۆنیزم)ە.

بەڵام چونكە ئەمڕۆكە لە جیهاندا زۆربەی شتەكان واتایەكی نائاینیو سیكۆلاری لە خۆ دەگرن،پێویستە خاوەن باوەڕانی ئاینە ئاسمانییەكان پەنا بۆ دادوەری بەرن كەبنەمای سەرەكیو هاوبەشیو ئەم ئاینانەیە لە كاتێدا نایەكسانیو زۆرو ستەم بەشی گەورەی پشكی بەركەتووە تەنها ڕێگایەك بۆ

گەیشتن بۆ بەم دادپەروەرییەو سەرکەوتنی بەسەر لایەنە ناکۆکەکانداو داڕێژانی پلانێکی سەرکەوتوو بۆ هاوژینی ئاشتیانە هەمان گفتوگۆی ئاشتیانەو هزرمەندانی نێوان ئاینە ئاسمانییەکانەو دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشو نزیکەکانی نێوانیانە،کە ئەمەش بە وەرگرتنیو خۆشەویستی مرۆڤانە بەو شێوازو بیرو بۆچونەی کە هەیانە لەسەر بنەمای رێز لێ گرتن چونکە ئاینە ئاسمانییەکان هەموو بۆ چەستپاندنی ئاشتیو دادپەروەری دابەزیون.

# عەشق و ئیمان

## ئاشت بوونەوە لەگەڵ ئاسمان

دیدار- گەشتیار و هۆشمەند



ئێمە بۆچی لێرەین؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە دەبێت هەریەکێك لەئێمە لە خودی خۆمانی بکەین،کاتێك کە بەتەنها خۆمان لەنێوان ئاسمانو زەمیندا دەبینین ناچار ئەبین بپرسین ئێمە بۆچی لێرەین؟ دەبێت رۆژێك بگەڕێینەوە بۆ ئەویٚ، ئەویٚ واتە یەکەمین خاڵی دەست پێکردنەوەی حەقیقەتی ژیان، دەبێت دڵنیابین ئەبەدییەت لێرە نیە،گەربمانەویٚ نەمر بین دەبێت بچینەوە بۆ ئەویٚ.(بەرد لەجێی خۆی سەنگینە)ئەمە جوانترین پەندێکە لەسەر غەریب بوونی ئێمە لێرە.! لێرەدا چەند پرسیارێك دەکەینو چەند وەلاٚمێکی تاسەشکێن وەردەگرین لەلایەن مامۆستا ئیدریس عمرەوە.

**روون/وەك دەبینین لەم سەردەمی تەکنەلۆژیادا لەچاو رابوردوو زۆرێك لەكارو پێداویستییەکانی مرۆۋ ئاسانکارییان بۆ کراوە هەڵبەت لایەنە مادییەکەی بەلاٚم بەجۆرێك هەستەکەین مرۆۋەکان روخسارێکی نائومێدو ماندو دێنە بەرچاو ئایا ئەم شێوازی پێشکەوتنە لەرواڵەتدا بۆچی ئاسودەیی نابەخشن؟**

**ئیدریس عمر**- سەرەتا بەناوی خوای گەورە، دیارەپرسیارەکەپرسیارێکی بەجیٚ یە، بەلاٚم بۆت دەردەکەویٚ هەندیٚ لە ماناکە وەکو وەلاٚم لەناو خودی پرسیارەکە دا هەیە، هەروەك دەڵێت: هەڵبەت لایەنە مادییەکەی بەلاٚم جۆرێك هەست ئەکەیت مرۆڤەکان ڕوخسارێکی نائومێدو ماندو دێنە بەرچاو. ئیشارەی

بۆ لایەنی ماددی کردووە، بەڵام بەکورتی شتێکی لەسەر دەدوێم ئەویش ئەوەیە ئەم بابەتە کێشەی زۆر لەسەرە سەبارەت بەوەی بۆچی مرۆڤ لەسەردەمی مۆدێرنە لەسەردەمی پێشکەوتندا کە بەپێی مێژووی بەشەریەت بالاًترینو بەرزترین مەقامی هەیەو باشترین پلەیەك کەوا مرۆڤ بەدەستی هێناوە پلەی ئێستایە، بەوەی کە گەیشتووە بە مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە بەرەو ئەودیوی مۆدێرنەش ئەڕوات، ئیستا بەشەرییەت گەشەیەکی زۆری کردووەو تەکنەلۆژیا گەیشتۆتە لوتکە لەچاو ئەو مێژووە تولانیەیی کەوا مرۆڤ بڕیویەتی. بەلاًم بۆچی لەگەڵ ئەم مێژووە دوورو درێژەی کەوا بە قۆناغێکی تەواو فەلسەفیدا تێپەڕیوەو مەراحیل و سەردەمێکی زۆری بڕیوە، گەورەترین مێژووش بۆ ئەوە مێژووی پێغەمبەرانە کە کۆتایی پێهاتووە بەو حوکمەی کەوا بەشەریەت بەرەو کەماڵ ئەڕواو وە کۆتا پەیامی ئاسمانیش دابەزیوە ,لەگەڵ ئەمەشدا کەچی بەشەریەت ڕووبەڕووی چی بووەتەوە؟ ڕووبەڕووی جۆرێك لە (هبوگ) (دابەزین)ڕووبەڕووی جۆرێك لە سەرسمدان ئەبێتەوە؟ لەگەڵ تەکنەلۆژیاو لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەشدا مرۆڤایەتی ئاسودە نابێت؟ بۆچی سعادەت ئێستا غیابی هەیە لەناو بەشەرییەتدا؟، بەڕاستی ئەم غەمە گەورەیەی کە ئێستای مرۆڤەکان بەرەو نائومێدی دەڕۆن،تەنها رووی لەکۆمەڵگەۆ تاکەکانی نەکردووە، بەڵکو ئەمە پیش لەوان زۆرێك لە فەیلەسوفەکانو لەشاعیران ئەم نائومێدییەیان دەرك کردووەبە تایبەت هونەرمەندان کە جیهازی فەحسی گۆمەڵگەن پێش لە هەر کەسانێکی تر،لە ڕێگەی ڕۆمانو چیرۆکو نوسینو شیعرەکانی خۆیانەوە ئیشارەیان پێ کردووە. ئەگەر سەرەنجمان بدەین دەبینین لەسەردەمی مۆدێرنەدا کۆمەڵێك لەفەیلەسوفانو شاعیران خۆیان ئینتیحارکردووە تا ئەو ڕادەیەش لەگەڵ

ئەوەی مرۆڤایەتی بەرەو مۆدێرنە ئەڕوات بەرەو لوتکەی پێشکەوتن ئەڕوات بۆچی؟.بە جۆرێکی تر ئێمە توانیمان لە ڕێگەی ماددەو عەقڵکارییەوە بگەینە تەکنەلۆژیا، بەڵام مرۆڤ شتێك کەوا لە بیری کردووە ئەوەیە تەواوی ڕەهەندەکانی خۆی فەرامۆش کردووە، تەواوی ڕەهەندەکانی خۆی ناناسیٚ، تەرکیزی کردووەتە سەر لایەنێك لەلایەنەکانی خۆی کەعەقڵکاریو ماددی گەرایەو ئیدی لایەنەکانی تری لە بیر کردووە، لە بیر کردنی ئەم لایەنانەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەدژایەتی کردنی خۆی بڕیار بدەت، بەغیاب بوونی ئەو لایەنە میتافیزیکییەو غیاب بونی ئەوەیکە ئەو لایەنە ڕۆحییە وای لەمرۆڤ کردووە ڕوو لەنائومێدیو لەبەد بەختی بکات، تەکنەلۆژیا نەیتوانیوە هەموو رەهەندەکانی ئینسان تێر بکات بەڵکو لەجێی ئەوە تینوییەتی بشکێنیٚ زیاترمرۆڤ تینو بووە، کەواتە بەمانایەکی پوختتر پوختەی وەڵامەکە ئەوەیە مرۆڤ لەبەرئەوەی ئەمڕۆ دەرەنجامی عەقڵکاری خۆی گەیشتۆتە لوتکە پێشکەتن، بەڵام لەسەر بنچینەیەکی ماددی گەرا هەنگاوی ناوە کە دەرەنجامێکی ماددی ئەدا بەدەستەوەو تینویەتی مرۆڤ ناشکێنیٚ چونکە لایەنەکانی تری مرۆڤ غیابیان هەیە،یاسای ماددی گەرایی مرۆڤ لە جەستەدا کۆدەکاتەوەو مرۆڤ لە سروشتدا دیلو تەسك دەکاتەوە..مرۆڤ لە دیدگای هەریەك لە مارکس،فرۆید،هۆبز، ئەبخلس، هولباخو فەیلە سوفەکانی ماددی جگە لە ماددە چیتر نیە.. دەی ئەم بیرۆکە ماددییەیە کە دەرئەنجامی ماددی دەخولقێنیٚوەئەمەش کاتێك لە ڕۆژئاوا مەرکەزییەتی وەرگرتئیدی رەهەندە مەعنەوییەکانی مرۆڤ چونە پەراوێزەوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە مرۆڤ مرۆڤێکی کۆمەڵگەیی و مرۆڤێك بێت ئیحتیاجی بە کۆمەڵگە هەبێت پێویستی بە تەکنەلۆژیا دەبێتو ئەو رەهەندانەی کەتایبەتن بەماددەو لایەنی دەرەکی

ئینسان بەڵکو بە پێچەوانەوە تینوێتی   ئینسان بەلایەنە مەعنەوییەکانی ئەشکێ لەبەرئەوەی فەلسەفەیەك لەسەر بنچینەی ماددەبێت دەبێت دەرئەنجامەکەشی رەهەندێکی ئینسان تێربکات کەلایەنی جەستەیەتی لایەنەکانی تری زۆر بە ئاسانی فەرامۆش ئەکرێتو سەیر نیە کە فەرامۆش کراوە ،دەی فەرامۆشکردنی رەهەندی ئاسمانی مرۆڤ واتە نائومێدی ،واتە مردنی مرۆڤ هەر چۆن ئەمەش بە ئەزموون دەرکەت، ...!!

**روون/ ئایا بۆ ئەوەی مرۆڤ لەم دۆخی بە ئامێر بوونە رزگار بێت و هێندە رەنگی زەمینی نەگرێت، چ چەمکێك ئەتوانێ ببێتە بزوێنەرێکی رۆحیو لەگەڵ ئاسمان ئاشتی بکاتەوە؟**

**ئیدریس عمر**- پێم وایە ئەمە پرسیارێکی دژوارە کاتێك کەسەیری کۆمەڵگا دەکەین بەشێوازێك کە دەچینە دەرەوەی ئینسان و سەیری ئەم ئەستێرەیە دەکەین، بەراستی هەستەکەین بەشەرییەت تینووە بۆ ئاشت بوونەوە لەگەڵ ئاسمان، دیارە ئەم گرفتەش زیاتر رووی لەرۆژئاوا کردووە،گرفتی دابڕانی مرۆڤ لەگەڵ ئاسمان کیشەی هەنوکەیی رۆژئاوایە، نەك بەو مانایەی کاتێك رۆژئاوا ئاشتی بوویەوە ئێمەش ئاشت ئەبینەوە لەگەڵ ئاسمان وەکو رۆژهەڵاتییان,تا بۆ ئەمەش ئەوان بکەین بە پێشەنگی خۆمان.مەولانا شعرێکی زۆر جوانی هەیە لەسەرەتای مەسنەویدا ئیشارەتی بۆ کردووە  دەڵێ : ئێمە لە ئاسمانەوە دابەزیوینەتە سەر زەویو نەوەی ئێرە نینو وەکو ئەو قامیشە واین کەوا لە

> ***کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) عروج دەکات بۆئاسمان بەرز ئەبێتەوە (شیر)و(شەراب) ی بۆدەهێنن، شەرابەکە ناگرێت و شیرەکە دەخواتەوە. دوایی عارفان ئاماژە بەوە دەکەن شیرهێمایە بۆ(ئیمان) لەبەرئەوەی لە فیترەتەوە نزیکە. چونکە هەموو کەس باری عەشقی پێ هەڵناگیرێ، بەڵام عەشق شەرابە.***

ئاسمانەوە ڕیشەمان هەبووەو لەویٚ هەڵکێشراوین و هێنراوینەتە سەرزەوی ئەو ئاوازو سنگە کوتێیەی کەوا هەمانەو بەهۆی فیراقێکەوە کەوەك شمشاڵ لێئەدەین هەر لەبەر ئەوەیە لەئتسمان دابەزیوین و کە لەدێڕێکدا ئەڵیٚ

بشنو این نی چون شکایت می کند

از جدایی ها شکایت می کند

کە نیستان تامر ببریدە اند

در نفیدم مردو زن نالیدەاند

سینە خواهم شرحە شرحە از فیراق

تا بگویم شرح درد ایشتیاق.

پوختەکەی ئەوەیە کە دەڵیٚ واتە :من وەکو نەیەك وام وەکو شمشاڵێك وام لە جودایی لە ئەصڵی خۆم شکایەت ئەکەم فەلسەفەیەکی زۆرجوانە کەوا عارفان دەڵێن مرۆڤ وەکو شمشاڵێك وایە کە لەئەصڵی خۆی دابڕاوە یان ئەڵیٚ: مرۆڤ وەکو باڵدارێك وایە لەئاسمان کەلە زێدی خۆی کە ئێرە نیەو زەوی نیە هێنراوەتە سەر زەوی وە لەناو قەفەسێکدایەو ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم قەفەسە بشکێنن و بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی بۆ ئەصڵی خۆی وەك لە شیعرەکەی مەولانا ئیشارەتمان پێدا.

سەنائیش شیعرێکی جوانی هەیە کە دەڵیٚ :

فیا یوسف مصر فلتخرج من البئری.

ئەی یوسفی میصر دەئیتر دەرچۆ لەناو ئەم بیرەدا.مەبەستی کۆتی جەستەیە.کۆتی سروشتە،عالەمی هەستی، ئەو عالەمەی لای ئەوان پێی دوترێت: عالەمی تاریك.بەڕاستی دەرچونی ئێمەو ئاشت بونەوەمان لەگەڵ ئاسمان گرفتی تەواوی حەکیمان و شاعیران بووە بەگشتی و لەسەروی

هەمویانەوە پێغەمبەران(ع.س) من ئەمەوێ ئیشارەت بەوە بکەم کە هەموو پێغەمبەران هاتوون خولاسەی پەیامەکەیان ئەوە بووە  پێمان بڵێن: ئێمە خەڵکی ئێرە نین . لە قورئانی پیرۆز زۆرجار ئیشارەت بە پەیامێك کراوە ئیشارەت بە بەڵێنێك کراوە کە ئەفەرموێ:(الست بربكم ) خوای گەورە پێی ووتوین ئایا من خوای ئێوە نیم. لە قورئاندا زۆر بە ئاشکرا دەبینین لە سورەتی بەقەرەو سورەتی ئەعرافو تەواوی سورەتاکانی تردا کەوا خوای گەورە ئێمەی خەلق کردووەو لە ئاسمان دروست بوین. لە بەهەشتێك دەرکراوین وەك فەرمویەتی(قلنا اهبطوا جميعا)

***دەردەکانی کۆمەڵگا بە عەشق چارەســەر نابێــت، بــەڵکو عەشــــــــق شــــــــتێکی تاکرەهەندانەیە بـۆ هەنـدێک لـــە مرۆڤـــەکان، بۆیـــە جوانییـــەکانی عەشـــق لـــە تاکەکانەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ کومەڵگا***

وشەی( اهبطوا) واتە دابەزن. یانی چی؟ واتە: لە ئاسمان فرێدراوینە سەر زەوی، کەواتە ئێمە خەڵکی ئێرە نین ئەم دابەزینە لە وێنەکانی(ابخلؤ)بەر جەستە کراونو زۆر جوانو پڕ مەغزان.. جا جەوهەری پرسیارەکە ئەوەیە ئەڵێ: ئێمە چۆن بتوانین لەگەڵ ئەم زروفەدا  هەڵکەینو مرۆڤ هێندە ڕەنگی زەمینی نەگرێن، وەك پێشتر ئیشارەتێکی خێرام پێکرد ئەوە کەوا مرۆڤ ڕەهەندی جیای هەیە تەنها جەستە نیە.گرنگترین فەلسەفەیەك کە ئینسانی لەسەر ئەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە یەك ڕەهەندی نیە کە ئەویش جەستە بێت،کاتێك تۆ تێگەیشتی کە مرۆڤ ڕەهەندی تری هەیە کە رۆحییەتی، کە نەسیمی خلود لە ڕێگەی ئەو ڕۆحەوە وەردەگرێ. کاتێك تێگەیشتی مرۆڤ دوو جەمسەرە وەکو علی عیززەت بیگۆڤیچ دەڵێ: مرۆڤ بە تەنها جەمسەرێك نیە بەڵکو دوو جەمسەرە کاتێك زانیت مرۆڤ خاوەنی رۆحێکە ئیتر زۆر بە ئاسانی

تێدەگەی کەوا ئێمە ناتوانین رەنگی زەمین بگرین وە ئەگەر رەنگێك بگرێت دەبێت جەستەی بیگرێت، نەك رۆحەکەی من پێم وایە ئامۆژگاری عارفان زۆر گرنگەو یەکێکە لەو رێگایانەی کەوا رێگەمان پیشان دەدا ئێمە بتوانین رەنگی زەمین نەگرین، هەرشتێکیش وامان لێدەکات رەنگی زەمینی بگرین بە پێی ئەو ئەزموونە بەشەرییەی هەمانە دەبێ کەمی بکەینەوە، بەهێزترین رەمز کەوا لە ئینسان دەکات،هێندە رەنگی زەمینی لێنەنیشێتو رەنگی ئاسمانی وەربگرێتەوە، عەشقە لمەگەڵ مەعنەوییەت، ئەوەی کەوا مەولانا دەڵێ: تەنها لە رێگەی عەشقەوە تێدەگەی چیت. دڵت ئەچێتەوە سورەیا، (تودلم دەکە بی دلم) بەشەمسی تەبرێزی ئەڵێ: من دڵم نیە دڵم وون کردووە. تۆ کاتێك کە عەشقم پێئەناسێنی(مردە بودم، زیندە بودم)پێشتر مردبوم وا زیندو بوومەوە، کاتێك کە عەشفم پێئەناسێنی. ئەگەرچی قورئانی پیرۆز ئیشارەت بە عەشق ناکات وەکو کۆتا پەیامی ئیسلام بەڵام پێی وایە ئەو لایەنەی کە ئینسان بەهێزەکاتو ئاشتی ئەکاتەوە لەگەڵ ئاسمان بریتییە لە(ئیمان) قورئانی پیرۆز ئیشارەت بە ئیمان دەکات بۆچی؟ ئەمەوێت جیاوازییەك بکەم لە نێوان ئەو دوو چەمکە(عەشق) و (ئیمان) ئەگەرچی هەندێ لە نوسەران پێیان وایە جیاوازی لە نێوان عەشقو ئیماندا نیەو یەك شتن، بۆ وێنە (هەژان)یەکان ئیشارەت بەوە دەکەن عەشقو ئیمان یەکن، ئەوەی کە مەولانا پێی دەڵێ: (عەشق) هەر هەمان ئەو شتەیە کە مامۆستا سەعید نەورەسی(ر.خ) پێی دەڵێ: پێی وایە ( ئیمان)ە. ئەگەر ووشەی ئیمان دەربهێنین لە مەسنەوی نەورەسیدا هاتووەووشەی عەشقی مەولانای لەسەر دابنێین هەر هەمان شتە، بەڵام جیاوازییەك هەیە کەمن دەمەوێت لێرە ئاماژەی بۆبکەم، ئەویش ئەوەیە کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) عروج دەکات بۆ ئاسمان بەرز ئەبێتەوە(شیر)و(شەراب)ی

بۆدەهێنن، شەرابەکە ناگرێتو شیرەکە دەخواتەوە. دوایی عارفان ئاماژە بەوە دەکەن شیر هێمایە بۆ (ئیمان) لەبەرئەوەی لەفیترەتەوە نزیکە. چونکە هەموو کەس باری عەشقی پێ هەڵناگیرێ، بەڵام عەشق شەرابە. ئەوە نیە حافز دەڵێ:من مەی دەخۆمەوە. ئەوە نیە

## مەحوی دەڵێ:

لەمەیخانە خودا گەر ئێمە دەرچین
بەکێ بەین ئیلتیجا بۆ کێمە دەرچین.

بۆ ئەوەش کە ئایا عەشق دەوایە بۆ کۆمەڵگا؟ نەخێر عەشق دەوای کۆمەڵگا نیە.دەردەکانی کۆمەڵگا بە عەشق چارەسەر نابێت، بەڵکو عەشق شتێکی تاکرەهەندانەیە بۆ هەندێك لە مرۆڤەکان، بۆیە جوانییەکانی عەشق لە تاکەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ کومەڵگا بەم جۆرە قەبوڵمانە، ئەگەرنا عەشق رەوتێك نیە کە کۆمەڵگا پێی هەستێتو لەگەڵ ئاسمان ئاشتی بێتەوە، تاکەکان ئەگەر روویان لە ئاسمان بێتو فەرمانیان لەوێوە بێت دەتوانن ئاشنا ببنەوە، بەڵام بۆ کۆمەڵگا چارەسەر تەنها(ئیمان)ەوە ئیمانیش ئەو تروسکاییەیە کە لەگەڵ(فیترەت)ی ئینساندا دێتەوە، بەو رووناکییەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)لە ئاسمانەوە وەریگرتووە بۆ بەشەرییەت.

## روون/ئایا هۆکاری دابڕانی مرۆڤ لە ئاسمان چیە؟

**ئیدریس عمر**- هۆکاری جیابوونەوەی مرۆڤ ئەوەیە میوەیەکی قەدەغەکراو هەبووە.کە تەنەزولی ئینسان بووە بۆ جەستەو بووەتە هۆی دابڕانی. ئەوەی کە ئادەمو حەوا بە سوێندێکی درۆ لەلایەن شەیتانەوە بە وەسوەسەیەك

تەنەزول دەکەن. وەکو رەمزێك کە لە ئاینەکاندا هاتووە.هەندێك دەڵێن داری مێو بووە، هەندێك دەڵێن داری سێو بووە، هەندێکی تر دەڵێن گەنم بووە. ئەگەر هەر یەکێك بێت لەمانە دواجار تەنەزولی ئینسانە، هبوتێکی ئینسانە بۆ لایەنی جەستە. کە دەبوایە ئینسان عەزمی هەبوایە لێی نەخواردایە بەڵام بێ عەزمی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بو. هەندێك دەڵێن ئەو شتەی کە خواردوویانە هێمایە بۆ شەراب. بەو مانایەی ئادەمی پێ سەرخۆش بووەو ئیدراکی لە دەست داوە بەو هۆیەوە هبوتی کردووە.شتی تر لەو بارەوە زۆر دەوترێت بەڵام دواجار بریتییە لەوەی کە ئەمە هێمایەکە لە چوار چێوەیەکدا بووە وەك قەدەغە کراوێك.لە ئاسمانیشدا پێشەکییەك بووە بۆ ئەوەی کەئینسان روو بەرووی ئەو هبوتە دەبێتەوە، سەرئەنجام ئەم قەترەیە لە دەریا ببڕێتو بەحەرەکەتی خۆی کە نهێنی زۆر گەورەی هەیە کە بەڕاستی لێرە بوار نیە باسی بکەین.ئەویش ئەوەیە وەکو عارفان دەڵێن گەورەترین رەمزی ئینسان ئەوەیە کەوا لە رێگەی ئەم دابڕانە کە قەترەیەکە بۆ ئەوەی بگەرێتەوە بۆ دەریا، ئیدی تەجەلیاتی ئەسمائی خوای گەورە دەردەکەوێت لە ئینساندا کە ئەمەش نهێنییەکی زۆر گەورەی تیایە ئەگەر بمانەوێباسی بکەین زۆر تولانی ئەبێت.دواجار دابڕانی ئینسان لە ئاسمان حیکمەتێکی ئیلاهی لە پشتەوەیە کەوا دەبێت ئینسان دابڕێتو وەکو بەڵایەك بە شێوەی تاقی کردنەوەیەك دواجار دەبێت بەم رێگایەدا حەرەکەت بکات تەریقەتی گەشتنەوە بە دۆست بگرێتەوە بەر،لێرەدا دەبێ مرۆڤ ئەم هەلە بقۆزێتەوەو ئەم بەڵای دابەزینە پتەوی بکاتەوە کە عەزمی عروج بکاتو واز نەهێنێ لە کۆشش. موفتی زادە دەڵێ:(شەیتانیش وەسە بەڵان پەی ئینسان،پتەوی قارۆ پەی خاوەن ئیمان)لێرەدا خۆلاسەی وەڵامەکە کورت دەکەمەوە لە چەند دێرێکدا وەك

پرسیارەکە دەڵێت:بۆ ئەوەی مرۆڤ لەم دۆخی بەئامێر بوونە رزگاری بێت هەر هەمان وەڵامی پێشووە لەبەر ئەوەی مرۆڤ رەهەندی تری هەیە دەبێت تیشك بخرێتە سەر تەواوی لایەنەکانی تری بۆ وێنە لەبەر ئەوەی مرۆڤ تەنها گرنگی بەلایەنی جەستەی نەدات نابێت فەلسەفەو بنچینەی مرۆڤ لەسەر مادده بێت، دەبێت گرنگی بدات بەلایەنی رۆحی هەروەك ئێستا غەمی زۆرێك لە فەیلەسوفانی رۆژهەڵاتە وەك سید حسین نەصرو مصتەفای مەلەکیانو دکتۆر سروشو زۆری تریش لە فەیلەسوفانی جیهانی ئیسلامی. تەواو گرنگی بە دیوی عیرفانی ئەدەن ، تاوەکو بتوانن ئەم رەهەندانەی کە رەهەندی عیرفانین تەرکیزی بخەنەوە سەر، من دیومە لە شیعری مەولانادا ئەڵێ: ئەزانم تاغیان ئەیانەوێ بێخو بنەچەمان لە بن بهێنن، بەڵام من بە پەنهانی نهێنییەکی زۆر گەورەترم کردووە. ئەمەش هەر ئەو بابەتی عیشقەیە کە ئەزانی لە داهاتوودا چ موعجیزەیەکی گەورە دروست ئەکات ئەڵێ:

عاقل است از هنگورمی بینت همی

عاشق است معدوم شی می بینت همی

عاقڵان دێن ترێیان هێناوە بە دەرئەنجامە مەنتیقیەکەی خۆیان شتێك دەهێنن شتێکی تر لە جێگایدا دروست دەکەن، بۆ مەگەر مۆدێرنە دەرئەنجامی ئەم فەلسەفەکاریو عەقڵکارییە نیە؟، دروست بوونی تەکنەلۆژیا هەمووی بەرهەمی ئەعلە بۆ کۆمەڵێك شت.با بڵێین بەدەلیلی بەڵگەی ئیستینتاجی و بە ئیسقرائی کۆمەڵێك شت دەبنە دەلیلی کۆمەلێك شتی تر،کۆمەلێك مەکائین کۆمەلێك مەکائینی تر دروست دەکەن، تاکو گەیشتوونەتە تەکنەلۆژیا.دەزانیٚ بەم عەقڵکارییە دەگەنە شتێك وەکو موعجیزەیەك وەکو کەراماتێك،

بەڵام مەولانا دەڵێ:

عاشق است معدوم شى مى بنت همى

.

من له مەعدوم موعجیزەیەكی گەورەم دروست كردووە، له بەر ئەوەی كه رۆحه رۆحیش نابینرێت، ئەلیٚ: من نهێنییەكی هێند گەورەم كردووە باغو بناغەی ئەوان له بنەوە دەر دەهێنم، یان دەڵێ: خەمتان نەبیٚ له پەنهانەوە نهێنیەكانی ئەوان كەشف دەكەم. دواجار ئەو رەهەندە رۆحییە دەبێت دیسان وەك فەلسەفە تەركیزی بخرێتە سەرو بەتەنگییەوە بین.

رۆح خەمی فەلاسیفەو بیریاروو ناوازە كانی بەشەرییەت بێت بابڵێین بێتە خەمی بەشەرییەت. ئەگەر ڕەهەندە ڕۆحیەكەشی هێنرایەوە لەگەڵ ڕەهەندە مادییەكەدا ئەوا مرۆڤ لەگەڵ ئاسمان ئاشتی ئەبێتەوە...

***(هەژان) یەكان ئیشارە بەوە دەدەن كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی عاشقەو ئێمە ئەتوانین كۆمەڵگەی عاشق دروست بكەین، نەخێر ئێمە كۆمەڵگەی عادلمان ئەوێت كۆمەڵگەی عاشقمان ناوێت چونكە كۆمەڵگەی عاشق مەستە، عەشق مەستیە من پێم ووتی شەرابێكە كە ئەو شەرابە پێغەمبەر(ﷺ)دەستی بۆ نەبردووە لە ئاسمان.***

**روون/ ئێمە وەك نەتەوەی كورد خاوەنی كۆمەڵێك شاعیرو نوسەرین كە بەردەوام ئێشیان لەسەر ناوەوەی خۆیان كردووەو تەوەلا بوون لەو حاڵەتە ناسازەی كۆمەڵگا دەقیان پێوە گرتووە،دەمانەویٚ بپرسین بۆئەوەی وەك مرۆڤێكی تەندروست لە دەروونی خۆمانەوە خودا بناسین ئایا پێویستمان بە عالەمێكی رۆحی و عەشقێكی حەقیقی نیە بۆ دیسانەوە گەڕانەوە بۆ خودی خۆمان و سەر لە نویٚ دەستپێكردنەوە؟**

**ئیدریس عمر**- بەڵێ ڕاستە ئێمە وەكومێژووی نەتەوەی كوردی بەڕاستی عیرفان له مێژووی ئێمە ڕۆڵی خۆی هەبووەوحوزوریشی هەبووە. وەئەمەش بەڕاستی

نیعمەتێکە حەقە سوپاسی خوای لەسەر بکەین، عیرفان بانتایی هەیە لە مێژووی کورددا وەکو کوردەکانی ئەو ڕۆحەیان هەبووە، نەك لەبەر ئەوە من کوردم بەڵکو لە دەرەوەی خۆشمان ئەوشایەتیەمان لەسەر دراوە کە کوردەکان ڕۆحێکیان هەیە، هەتا یەکێ لە مێژوونوسەکان دەڵێ: کوردەکان هەموو یان شاعیرن، دیارە ئیشارەییەکی زۆر جوانە سروشتەکەشمان ئەوەی خواستووە ئەمە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم هەلە گەورەییەوە کە وەکو نیعمەتێکی خواییە ئەم هەلە بقۆزینەوەو سودی لێ وەربگرین بەلاّم و هەزار بەلاّم ئێمە بمانەوێت عەشق بکەینە چەمکێك ئیشی لەسەر بکەین وەکو کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەکی عاشق دروست بکەین پێم وایە ناگونجێ چونکە بەڕاستی گۆمەڵگەی عاشق مەحاڵەو دروست نابێت. نەك بۆ ئەوەی من نەمەوێت بەڵکو دروست نابێت مومکین نیە شتی وا ببێت، بۆ ئەوەش بەڵێ هەندێ تەجەلیاتی عەشق هەیە کەلە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی هەیە کەوا(هەژان)یەکان ئیشارە بەوە دەەن کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی عاشقەو ئێمە ئەتوانین کۆمەڵگەی عاشق دروست بکەین، نەخێر ئێمە کۆمەڵگەی عادلمان ئەوێت کۆمەڵگەی عاشقمان ناوێت چونکە کۆمەڵگەی عاشق مەستە، عەشق مەستیە من پێم ووتی شەرابێکە کە ئەو شەرابە پێغەمبەر(ﷺ)دەستی بۆ نەبردووە لە ئاسمان، عارفان دەڵێن باری عەشق هەموو کەس نایتوانێ، سەعدی دەڵێ باری عەشق بارێکی گەورەیە ئاسمانەکان لەبەری هەستاون (ضلمون ءجهول) من زاڵمو جاهل دەرچووم. سەعدی وا دەڵێ کە لە لوتکەیی عیرفانی ئیسلامی ئێرانیە بەتایبەتی، بۆئەوەش مەولانا ئەڵێ: شاخەکان بەسەما دێن لە عەشق، عەشق باری کۆمەڵگە نیە، من بڕوام بەوە هەیە کە ئەمە بۆ تاکەکانە، سەعدی ئەڵێ:

من كه درخلوت خاسم

خبر از عامم نيست

واته:من كه لەخەڵوەتی تاكدام، هەواڵی كۆم نیە , ئەكرێت تاك سەر لەنوێ بەتەنگی عەشقەوە بێت و ئەم تاكانە وەكو تروسكایی عەشق پەخش بكەنەوە، عەشق نورە بەخشی دەكەنەوە بەناو كۆمەڵگەدا دوایی جوانی ئەوان كۆمەڵگەش ئەگرێتەوە، بەڵام ئەگە ربێیت كۆمەڵگەیەكی عاشق دروست بكەیت نابێ چونكە عەشق مەستیە، كۆمەڵگە هەموو مەست ئەبێتو جێ دەمێنێت ئەتوانم بڵێم لەلایەنی تەكنەلۆژیاوە ڕەنگە زیانمان لێبدات، لەلایەنی مادیو كۆمەڵایەتیەوە زەرەرمان لێئەدات، پاشان بۆخۆشەویستیش وەكو هەندێ لێرەدا ناتوانین فریای هەمووی بكەوین ،بەڵام خۆشەویستی وەكو ڕەمز ڕەمزی (كەرەم)ە بریتییە لەوەی كەوا بەشی كەسێك كەموستەحەق نیە پێی بدەی، ئەوە پێی ئەوترێت (كەرەم) بەڵام (عدل) بریتییە لەوەی كەسێك شایەنیەتی بیدەیتێ و هەركەس شایەنی نیە نەی دەیتێ، دەی (عدل)بۆ كۆمەڵگە باشە كە (هەژان)یەكان ئەڵێن پێمان وایە كۆمەڵگەی عاشق دروست ئەبێت (عەشق) ئەتوانێ سەر لەنوێ گرفتەكانی كۆمەڵگە چارەسەر بكات، كاتێك عەشق دەچێتە ناو تاكەكانەوەو كاتێك تاكەكان توانیان عاشق بنو پلەی ڕۆحی خۆیان ببڕن، وەكو تیشكێك وەكو نورێك وان یان وەكو خۆرێك وان، بەدەووبەری خۆیاندا كۆمەڵگە جوان دەكەنەوە، عارفانی ئێمەش هەروا بوون لە مێژوودا بەڕاستی ئیتر بەپێی پلەو پایەی خۆیان بەپێی ئەو مەقامەی خۆیان بڕیویانە، بۆ نمونە مەحوی دەڵێ:

كێوی خەم بادی جەفا تەی كردنە ئەشراگی عەشق

باكی هەورازو نشێوت كەی هەیە گەر ڕەهرەوی

باس لەوە دەكات دەبێ كێوی غەم ببڕێتو بادی جەفا ببڕێتو باسی ڕەهەندەكانی عەشق دەكات باسی تەجەلیاتی عەشق دەكا كە هەندی جار لە فیراقدایەو هەندێ جار لە ویصاڵدایە.

یان دەڵێ:

ئابڕو ڕێژە ویسالی یار خوێن ڕێژ فیراق

عالەمی عەشق و مەحەبەت هەر برێژە هەربڕێژە

تیشك ئەخاتە سەر ڕەهەندەكانی عیشق گەر سەیری بكەین مێژوویەكی جوان دروست دەكات مەحوی بۆ خۆی ئەبێتە تروسكاییەك ئەبێـە ڕۆشناییەك و بە وێنەی شەمعێك ودەوروبەری خۆی ڕۆشن ئەكاتەوە، ئەوەی كە مەولانا ئەڵێت:

شەمع عالەم بوود عقل ّجار كار

عقل را پروانە كردی عاقیبت

تەبیعەتی عەشق وایە وەكو شەمسێك وایە ئەو شیعری مەولانا بەشەمسی تەبرێزیدا مانای ئەوەیە. مەحوی ئەڵێت: ئەفسانەی من بووە زینەی مجالس ئافەرین ئەی عەشق، بۆیە دەڵێ ئەفسانەی من بووەتە زینەتو جوانی مەجالیسەكان. واتە كۆمەڵگە لە كەناری ئەزموونی تاكی عارفاندا جوان ئەبێتەوە، ڕازیم كە كۆمەڵگەیەك تاكەكانی عاشق بن، تاكمان هەبێ كە عاشق بن، تروسكایی و جوانی ئەو عەشقە ئەو عەشقە جوانی بداتەوە بە كۆمەڵگە، بەڵام بڕوام بە كۆمەڵگەی عاشق نیە، ئێمەش لە كەناری عارفانی خۆمان، بەڕاستی ئەزموونی زۆر جوانمان وەرگرتووە، وەمێژوویەكی پڕ شانازی و جوانیمان هەیە، بەداخەوە كە تا ئێستا هەندێك لێكۆڵینەوەی پچڕپچڕ نەبێت لەناو كوردستان ئەیبینین گرنگی بە عارفان ئەدرێت و گرنگی بەم لایەنە ڕۆحیە ئەدرێت، سەیر ئەكەی پارەیەك ناكات، وەكو قانع دەڵێ:مشتەری ئەشعارەكانم

قەرنێ تر بێ شەرم ئەبێت، ئەبێ کەی ئەم مەعنەوییەتە جوانەی کە لە عیرفانی کوردیدا هەیە زیندوو بکرێتەوە، وەئەگەر زیندووش بکرێتەوە بەداخەوە بەدیوێکی دەرەکی بابەتەکە زیندوو ئەکرێتەوە، بەخزمەتی لایەنیکی سیاسی یان لایەنێکی دەرەکیەوە، ئەوە نیە بەتەنگی مەعنەوییەتەکە خۆیەوە بێت، بۆ نمونە ئەو گرنگیە نادرێت بەعارفان وەئەگەر گرنگیشی پێبدرێت یان شتێکی پچرپچرە یان ناکاملە، بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی کەمێك لە مۆدێرنە دواکەوتووە، یان دەتوانین بڵێین درەنگ هاتووتە ناو مۆدێرنەوە، سیاسەتی کوردی ئەوانەی پێشەنگی ئەکەن لە سیاسەتی کوردیدا گرنگی بەم لایەنە نادەن. ئەگەر پێی بدەن لەچوار چێوەی مەرامەکانی خۆیاندایە، بەڕاستی ئەمەش بکوژو کاڵکەرەوەی ئەو لایەنی عیرفانییەیە ئەوەش زوڵمو ستەمێکە بەجۆرێك لە جۆرەکان لە عیرفانی کوردی کراوە، لەمەعنەوییەتی کوردی کراوە. بەلاَم دواجار مەعنەوییەتی کوردی زیندووەوە ئەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هەڵگری ڕۆحێکی مەزنەو هەمیشە بەرهەم و جێکەوتەی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە ئێمە پیاوانی زۆر گەورەمان هەیە، بەداخەوە ئێستا حەقی خۆیان پێنەدراوە، ئێمە خاوەنی پیاوێکی وەکو مامۆستا سەعید نەورەسین کە تا ئێستا کۆنفرانسێکی شیاوی بۆ نەکراوە، ئەگەر بشکرێت بەداخەوە جەوهەری مەبەستەکانی مامۆستا نەورەسی ناگەیەنێ، هەمیشە دیوە دەرەکییەکان باس دەکرێ دیوی مەعنەوی و ڕۆحیەکەی ناوترێت، دیوی عیشقیەکەی لەبەر چاو ناگیرێ دیوە شاراوەو باڵاکەی باس ناکرێت، کۆمەڵگەی کوردی پیاوی ئاوای هەیە پێویستە سەرلەنوێ دیراسە بکرێن و سەر لەرنوێ بخوێنرێنەوەو بچینە خزمەتیانو تا ئێمەش بتوانین بەتەنگی ڕۆحو بەغەمی سەعادەتی خۆمانەوە بین، هەڵبەت پرسیارەکە دەڵێت: ئایا

پێویستمان بەعالەمێکی ڕۆحی و عەشقی هەقیقی نیە، بۆ دیسانەوە گەڕانەوە بۆ خودی خۆمان و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە؟ من ئەمەوێ ئاماژەیە بکەم کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا بەداخەوە سەرقاڵی هەندێك گەمەبوون کە ئەویش دواجار هەر لە چوار چێوە ماددییەکە دەرناچێت بەلاَم ناویان لیَ ناوە عەشق، ئەوەش بەڕاستی مرۆڤ ناگەیەنێتە سەعادەت .من دڵنیام هەر بۆ خۆی ئێستا ئەزمونی کۆمەڵگەی کوردی ئەوە دەسەلمێنێ. کە هەرگیز ئەوانە مرۆڤ ناگەیەننە حەقیقەت، بەڵکو مرۆڤ تینوتر ئەکەن. وەکو ئەوەیە کە ڕەنگی نەبێ عیشقی ڕەنگ کۆتاییەکەی نەنگیی و پەستییە.

عیشقهایی که از بی رنگی بود
عشق نبود عاقبت ننگی بود.

کایەی مەعنەوی زۆر ناوازەیە, مرووڤی سادە بەئاسانی ناتوانێ لە عەشقی حەقیقی تێبگات ,مەولانا دەڵێ:عەشق ئەو عەشقەیە کە لەسەرەوەی ڕەنگە.خوا بێ ڕەنگە عیشق بۆیە سەرەتا ئیشارەتم بە (ئیمان )کرد، بابەتی عەشق شتێکە بە تەواوی جیاوازە، هەروەکو مەولانا دەڵێت : تونێتی بکرە ئاو خواردنەوە وێڵ بکە "ئەمڕۆ مرۆڤی کوردی چڵێسی کردوەتە سەنتەر یان ئەکرێتە سەنتەر لەلایەن دەسەلاَتدارانەوە ئەیانەوێ تاکی کوردی فێری چڵێچسی بکەن نەك فێری عەشق بۆیە بۆ س، بەڵێ ئێمە ئاواتە خوازین تاکی کوردی سەرلەنوێ بە خۆدا چونەرلەنوێ تازە بوونەوە،ەوە بکات و بەسود وەرگرتن لەم پیاوە گەورانە لەم عارفە گەورانە کە لەمێژووی ئێمەدا هەن سەر لەنوێ بیەوێ بەتەنگی ڕۆحی خۆیەوە بێت و دەرچێ لە پەستی ماددەو سوڵتانی ماددە.

**ڕوون/ بەلە بەرچاوگرتنی مێژوو دەبینین عاریف و سۆفییەکان لەنێوانی حاڵی فیراق و وێساڵدا بەردەوام شانازییان بەفراوانی دنیابینی و گەورە بوونی روحی خویانەوە کردووە. ئایا لەم سەردەمەی ئێمەدا کە رەنگە پێویستیەکی گرنگتر بێت مرۆڤەکان بۆچی ناتوانن لایەنی رۆحی و ئیمانیان بە جۆرەێك تۆخ بکەنەوە لە کاتێکدا بەگشتی دەبینین شتێك نابینیتەوە پێیەوە بنازێت؟**

**ئیدریس عمر**- بەشیعرێکی مەولانا دەست پێدەکەم کە ئەڵێت :

یک دم بە باغم میکشی

پیش چراغم میکشی

تاوا شود جشمان من.

حەز دەکەم لێرەدا شتێك بخەمە سەر ئەم شیعرە دەڵێ: لەحزەیەك داغم پێدەدەی ئەی دۆست، تاوێکیش باغم نیشام ئەدەی، ئەمەیە دیوی فیراق و دیوی ویسال، پیش چراغم میکشی، تۆ مەبەستێکت هەیە ئەتەوێ بەرەو چراغ و ڕووناکیم ببەی، وا شود جشمان من، تا چاوەکانی من بکرێتەوە. ئەم وێنەو ئەم خەیاڵ و ئەم هێزە لەبەشەری ئەمڕۆدا زۆر کەم بووەتەوە، بەڕاستی دەمەوێت زۆر بەپوختی ئیشارەت بەوە بکەم، چونکە وەڵامەکان لەپرسیارەکانی پێشودا دراونەتەوە، وەك دیارە گرنگی دەدات بەلایەنە ڕۆحیەکان، عارفان ئەوەندە بەهێزن خەریکە بڵێین تابلۆیەکیان دیوەو دیقە دیقەمان پێدەکەن، ئەگەرچی دیقە دیقە ناکەن، دەستمان دەگرن، بۆ وێنە دەڵێن: مەولانا لە کولیاتی شەمسدا وەکو دیقە دیقەی کردبێ بەڵام لەدوایدا لەوکاتەی شەمسی لێ وون دەبێ، بە قوتابیەکی خۆی کە حیسام الدین ناوە دەڵێت: وەرە بەکەڵك نایەت باخەمێکی ئەم خەڵکەش بخۆین، دێت مەسنەوی

دائەنێ بەو پێیە لە مەسنەوی ئادابی مەستی ڕەچاو کردووەو کەمێك هاتۆتەوە هۆشی خۆی تاوەکو دەستی ئەم خەڵکە بگرێت وەکو خۆی ئەڵێت ئەمەوێت کەمێك ئاوپرژێنی ئەوخەڵکە بکەمو تینویەتیان بشکێنم، بابەتی فیراقو ویساڵ تەجەلیاتی ئیلاهی و شهودی ئیلاهی و فەناو بەقاو ئەم هەموو مەقامانە وەکو عارفان ئاماژەیان پێکردووە، هەموویان مەقامی عەشقن، مەقامی مەعنەوییەتن. چ لەلایەنی خەوفی خوداییەوە بێت یان لەلایەنی عەشق و مەحەببەتی ئیلاهیەوە بێت، مرۆڤ تا عاشق نەبێت ناتوانێ لەم جیهانە تێبگات، لە ئێستادا توانای بەشەرییەت لاوازە، توانای ئەوەیان نیە کە عاشق ببن، چونکە عەشق مردووە، مانا جوانەکانی عەشق نەماوە، فەزایەك نیە بۆ عاشق بوون، وەك مامۆستا نەورەسیی ئاماژەی پێ ئەکات ئەڵێ: باغی عەشق ئێستا دارەکانی بەرزن هەموو کەس باڵای بەرز نیە دەستی بیان گاتێ، لەکاتێکدا لە سەردەمێکدا بووە مرۆڤە باڵا کورتەکانیش توانیویانە دەستیان بگاتە ئەوێ، لەشیعرێکی خۆمدا ئیشارەم کردووە بەوە ئەگەرچی ئەم شیعرە ڕیشەکەی لەحافزەوە وەرم گرتووە ئەڵێ:

لە دەست کۆتایی خۆدا خاکسارم

کەلای بالا بلندان شەرمەزارم

مەگەر زنجیری زولفت گرمە دەستم

وەگەرنا دەبمە ئەسرین و دەبارم.

ئاماژەیە بۆ ئەوە کە بەڕاستی ئێمە شەرمەزارین لەبەر ئەوەی کورتە باڵاین دەستمان ناگاتە عەشق ,عەشق وەکو سەعدی بەو جیهانە فراوانەی خۆیەوە دەڵێ:

نمی دانم روگب را چاشنی چیست

نەمزانیوە کە ڕوتەب کە جوانترین و شیرینترین خورمایە. کە پێغەمبەری خوا (ﷺ)زۆر حەزی لێکردووە، ئەفەرموێ شیفایە، سەعدی لێرەدا ئەڵێ نەمزانیوە خورما خواردن چیە  هێشتا دەمم لێنەداوە بەلاَم هێندە ئەزانم خورمایە بەدارەوەیە، واتە ئەم هەموو شیعرەو مەعنەوییەتەی کە هەمە هەر ئەوە تێگەیوم خورما بەدارەوەیە، ئەبێت لە ئێستا مرۆڤ لە تەکنەلۆژیادا خنکاوە، لە کوێ لەفیراق و لەویصاڵ و مەعنەوییەت تێدەگین، ئەم شتانە هەموویان مانایان کوژراوە، فیراق و ویساڵ هەیە لە شکڵێکی مەجازی رووتی زۆر نزمدا. فیراقی یارو ویساڵی یار بەلایەنێکی مەجازدا بەداخەوە  ڕۆژنامەکان پڕ بووە راگەیاندنەکانی تەنیوە، هەموویان شتانێکی مەجازی رووتن. وەکو مامۆستا نەورەسی دەڵێ:(عسلی مەسمومن)هەنگوینی زۆر ژەهردارن.مانایەکی تەواویان نیە ،چونکە تیشکی مەعنەوییەت و حەقیقەت لێی نەداون. تەوەجوهەکەی لە ئەرزدایە،خزمەت بەلایەنی جەستەی مرۆڤ دەکات، بۆیە ئەمرۆ زۆرێك لەمرۆڤەکان وەکو شێتییان لێ هاتووە، ئەچن بۆ لای ئەستێرە ناس و فاڵگرەوەکان تاچانسی خۆیان بزانن، لەبەر ئەوە توشی نەخۆشی بوون. چونکە مەحرومن لە تیشکی مەعنەوییەت،زامدار نەبوون،(ئەی محەبەت ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵنشین)،ئەوە موحیبەتە کە لەلایەن مەحوییەوە دەووترێت.یان دەڵێ:

(هەرکەسێك سوتوتە هەر ئەو هەوڵ ئەدا بۆ سوبە سوت)،مەحەبەتی حەقیقی ئەوەیە،وەك ئەوەی تەوەجوهەکەی لە ئاسمانەوە بێت،دیسانەوە دەبێت مەحەبەت رەهەندە ئاسمانییەکەی لەگەڵدا بێت، ئەگەرنا دەبێتە زامێکی

تەواو. وەکو مامۆستا نەورەسی دەفەرموێ:دەبێت رووی لە ئاسمان بێت،رووی لە ئەسمائی سیفاتی خوای گەرە بێـت.کە بەڕاستی ئەمە بابەتێکی زۆر قوڵو ناسکە گەر ئینسان(عمیق) قوڵ نەبێت ناتوانێ بچێتە ئەم جیهانەوە.لێرە دەمەوێت شتێك بە کورتی بڵێم:دەبێت تەواوی ئەو چەمکانەی قسەیان لە سەر دەکەین لەسەر حیسابی ئیسمی نەبن.نەك ئەوەی کە مەعشوق خۆی مەبەست بێت،ئەبێ بەحیسابی حەرفی سەیریان بکەین،بۆ نمونە کاتێك کە گوڵێك دەبینین بڵێین:ماشاالله دروستکەری چەند جوانە. نەك ئەوەی تەنها بەزمان بێت، بەڵکو بەحاڵەتی ئەزموونیو زەوقەوە ئەوە دەرك پێ بکەین، کە بەڕاستی ئەوەی ئیستا هەیە عەشق نیە،مرۆڤ پەرستییە. بۆ چلێسیە بەمانایەکی زۆر نزم، نەك بۆ ئەو دیوە مەعنەوییەی عارفان باسی دەکەن.

**روون/ بۆ دەرباز بوون لە ونبوون و دۆزینەوەی حاڵەتێکی ئیمانی بەجۆرێك بتوانین لە بچوکترین رووداوو کاڵترین دیمەنی سروشتدا جیلوەو هێزی خودا ببینین کام رێگا دەمانگەیەنێتە ئەو ئەزموونە کە باوەڕ بەوە بهێنین ووجود شتێکە دەبێت دەرکی بکەین؟**

**ئیدریس عمر**- هەڵبەت ئەمە ئیشارەتە بۆ دینداری تەجریبی عارفان خۆیان،هەروەك ئێستا دکتۆر سروش ئاماژەی زۆر جوانی پێکردووە سودی لە عارفانی وەکو مەولاناو شەپستەری کردووە،ئەو دینداریيەی کە ئەزموونیە ئەتوانێ ئێمە وا لێ بکات،ئیمان بهێنین بە جیهانێکی بالآ،ئیمان هێنان بە خوای تاقانە،ئیمان هێنان بە خالقی بوون،ئیمان هێنان بە سەرچاوەی ژیان کە خودایە،وە ئەندازەی ئەزموونکردنەکەت دەیزانێ،قسە لەسەر شیرینی ئیمانو رەهەندەکانی ئیمانو تەجەلیاتی ئیمان بۆ کەسانێکە کە ئەزموون ببینێت.هەروەك کەسێك عاشق نەبوبێت نازانێ تەجەلیاتی عەشق چیە..ئیبن

عرەبی زۆر جوان دەلیٚ:یەکێك لە زانستە زۆر بەهادارەکان زانستی تەجەلییە کە ئینسان بیزانێت.تەجەلیاتی ئیلاهی دەڵێت حەوت زانست هەیە کە سەرچاوەی ژیانی سۆفین.ئەوەی مەحوی (بادی غەم وادی جەفا تەی کردنە،دەبیٚ عاشق هەر دەربەدەر بیٚ کۆ بەکۆ بڕوا، بۆنمونە حارسی موحاسەبی دەڵیٚ چوار شتە.ناسینی ئینسان خۆیەتی، ناسینی گەردوونە، ناسینی شەیتانە، ناسینی خوایە..ئەم چوار شتەیە ڕێگای سۆفی. هەندێکی تر دەلێن:ڕێگای تر هەیە. سەعدی هێندەی ژماردووە ئەڵیٚ: وەکو بازنە وایە،چنبرە عشق، ئێمە ناتوانین چونکە ڕێگای نەفس بڕین زۆری دەوێت،تاکو ئینسان بتوانێت ئەزموون لەگەڵ ئەم حاڵەتە ئیمانیەدا بکات ، ئەوەی کە ئیبن عرەبی دەلێت حەوتە یەکێکیان تەجەلیاتی ئیلاهییە. هەروەك پرسیارەکە دەلیٚ:چۆن بتوانین زیاتر شەفاف بین و تەجەلییاتی ئیلاهی هەست پیٚ بکەین،ئیبن عرەبی لە باسی تەجەلییاتی ئیلاهیدا ئەڵیٚ:خوای گەورە بەتەواوەتی لە کائیناتدا تەجەلییە، بەلاٚم تۆ دەرکت نیە چاوت حیجابی هەیە، تۆ نایبینیت، بۆ ئەوەی ئەم بەربەستە نەهێڵی ئەزموونی تۆ لەگەڵ ئیماندا ئەم بەربەستە کەم دەکاتەوە، وەکو شیخی گەیلانی (ر.خ)دەفەمویٚ: نەمامی ئیمان لە سەرەتادا تۆویکە دوایی ووردە ووردە گەورە ئەبیٚو گەشە ئەکات، ئیدی پێویستی بەپاسەوان نیە ئەو پاسەوانی تۆ دەکات، پێویستی بەوە نیە سێبەری بۆبکەی ئەو دەبێتە سایە بۆت، ئیدی بەردەوام میوەی خۆی دەدات.دواجار دەبێتە باغێك، باغی (ئیمان) ئەوەی پێشتر باسمان کرد.(یك دم بە باغی میکشی)،کە ئەزموونێکی مەعنەوییە، ئەوەی راستی بێت تەجەلییاتی ئیلاهی لە ئینسانێکەوە بۆ ئینسانێکی تر جیاوازی هەیە. لە ئەزموونی ئیمانداریکەوە بۆ ئیماندارتر وایە.(عبارتنا شتا وحسنك واحدا)بۆیە حوسنی

ئیلاهی بەردەوام لە تەجەلیاتدایە تەنانەت عارفان باس لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د.خ)دەکەن (لا تكرار فى تجلى) خوای گورە لە حەدیسێکی قودسیدا دەفەرموێ: (دووبارە بونەوە نیە لە تەجەلیاتی مندا)خوای گەورە شتی دووبارەی خۆش ناوێ. مەولانا بە سود وەرگرتن لەم فەرمودەیەی خوای گەورە دەڵێ: مرۆڤیش دووبارە بونەوەی پێ خۆش نیە،نەفسی مرۆڤ دوژمنی شتە دوبارە بووەکانە، تەجەلیاتی ئیلاهی بەردەوام لە تازە بونەوەدایە، ئیبن عرەبی دەڵێ:لە بەر ئەوە بەردەوام لە تازە بونەوەدایە چونکە تەوەجوهاتی ئیلاهی وایە،خوای گەورە کاتێ ئەڕوانێ بۆ شتەکان هەمیشە منای تازەیان پێ ئەدا، هەروەك لە قورئاندا دەفەرموێ:(كل يوم هو فى شأن)باسی نەفسی تازە دەکات.(بل هم فى لبس من خلق جديد)باسی ئەوەی شتەکان لە تازە بونەوەدان، خوای گەورە پێی خۆشە شتەکان لە نوێ بونەوەدا بن،ئەمەیە رەمزی(نسخ)بونەوە،(ما ننسخ من اية او تنسيها نأت بخير منها)واتە: ئایەتێك لا نابەین ئایەتێکی جوانتر دەهێنین،بەردەوام شتەکان تازە ئەبنەوە،ئیمە نایبینین،ئێمە دەرکی ناکەین،بۆئەوەی یتوانین دەرکی پێ بکەین، هەر لە خودی پرسیارەکەدایە دەبێت ئەزموونێکی ئیمانیمان هەبێت،بەو رێگای عارفان ئاماژەی پێ دەکەن.بەو ریگایە تەقوێی رۆحمان دەبێ،وە بە تێکەڵاو بونمان لەگەڵ ئەم ئەزموونە ئیمانیەدا ووردە ووردە شەفاف ئەبین‌و تەجەلییاتی ئیلاهی دەردەکەوێت گەر ئەمە رویدا مرۆڤیش بەرەو کامڵ بوون دەڕوات،بەرەو حەقیقەتی خۆی دەڕوا ،وەکو ئیقاباڵی لاهوری شتێکی زۆر جوان دەڵێ:(هێندە مەوزوعەکان لای من گۆڕاوە.شاخێك پوشێکەو پوشێك شاخێکە). سەیری ئەو گەورە بوونە،جیهانی ناوەوەی گەورە بووە، لە بەر ئەوەی ئەزموون‌و مانەوەی ئەو لەگەڵ حاڵەتە رۆحییەکەدا فراوانی

وەرگرتووە، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا،پەیوەندی ئێمە بەو عالەمە مەعنەوییەوە ئەتوانم بڵێم: وەلاَمی هەموو پرسیارەكەیە، ئەزموونمان لەگەڵ ئەو هێزە بالاَیە، ئەو دەریایەی ئێمە  كە دەیناسینەوە، هێدی هێدی لەحەقیقەت نزیكمان ئەكاتەوە، ئیدی ئەندازەكەی هەر چەندێكە ئەوە دەبێتە نێعمەتێكی خوایی كە بە هەموو كەسێكی نادا، حافز دەڵێ:(من رازی دەبم لە كەنار دەریا ئەگەر نەشگەمە دەریا، بیرێك هەڵدەكەنم بۆ ئەوەی زوو بگەمە ئاو). مەولاناش دەڵێ:(من تینوێتی خەڵك دەشكێنم)،هەركەسەو قۆناغێكی زیاتر یا كەمتر، بۆیە خودی مەقامەكە پەیوەندی بە بەخششێكی ئیلاهییەوە هەیە، بەلاَم دواجار لە رێگەی ئەزموونە ئیمانییەكەتەوە دەتوانی لەم حاڵەتە رۆحییەدا بمێنیتەوە.

لە كۆتایدا شتێك گرنگە ئاماژەی پێ بكەم ، ئەگەرچی وا دەزانم هەڵەیە هەندێ لە سۆفیان لە مێژووی ئیسلامدا تێی كەوتوون. ئەمە هەروا رێگەیەكی هەمەجی نیە هەموو كەس بیگرێتەبەر.بێگومان راستگۆیی مەرجە لەم رێگەدا، ئیخلاس زۆر گرنگە لەم رێگەدا، پاكی تۆ بەڕاستی مەرجە لەم رێگەدا، ئیدی گرنگ نیە لە فیراقدا ئەمێنیتەوە یان لە ویساڵدا...

بەلاَم دواجار تۆ پێویستت بە میزانێكە (الا تقسطوا فی المیزان) (واقیموا الوزن باالقسط ولاتخسروا المیزان) یان دەفەرموێ:(ورفع المیزان) لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێكراوە، دەبێت ئەم میزانەو ئەم مەعنەوییەتە كە تۆ ئەیچێژی، موخالەفەی شەریعەت نەبێت، نەك وەك ئەو بابایەی لە خۆیەوە قسە لە سەر شەریعەت بكات،بڵێت شەریعەت ئەمەیە من باسی دەكەم. نەخێر شەریعەت زۆر فراوانترە لە چەمكە فیقهییەكاندا كۆ بكرێتەوە، یان لەچەمكە ئوسوڵییەكاندا چونكە شەریعەت مانایەكی بەرینتری هەیە، بۆیە من بە

پێویستی دەزانم سود لە نوسینەکانی مامۆستا نەورەسیو عارفانی تری جیهانی ئیسلامی بکرێت، بەڕاستی ئەوان شتی زۆر جوان دەڵێنو پێیان وایە:شەریعەت وەکو خۆرێك وایە کە تیشکەکەی ئەدات لە تەواوی گەردوون رۆشنی ئەکاتەوە، بە تەنها لەکەناری ئەم شەریعەتەدا ئێمە تینوێتیمان دەشکێو دەتوانین سەر لەنوێ ئاشت ببینەوە لەگەڵ
ئاسمان بەم شێوەیە دەتوانین تینوێتیمان بشکێنینو بە هەماهەنگی بگەینەوە بەو ئاوی حەیاتە.

# مەست بوون و ئاگاییدا

ن.گەشتیارکەوڵۆسی



ئەو دەمەی مرۆڤ نزیك دەبێتەوە لە هۆشیاری و پەی بەهەندێك نهێنی دەبات کە لەئەنجامی تێڕامانە قوڵەکانی خۆیەوە پێیان دەگات، بە بەرهەمی بیرکردنەوەکانیو شکاندنی سنورەدەستکردەکان، دەیەوێت لەم چوارچێوە بچوکەی دنیا رزگاری بێت، ئیدی هەست بەوە دەکات، کە ئەم دەبێت دیوێکی دیو رەنگێکی تر دەرك بکات، هەمیشە ئاگاییەك جیاواز لەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە،وە بەردەوام هێزێك کێشی دەکات بەرەو جۆرێك لە وون بوون، کە دەکرێت بە هەڵوێستە لە سەر کردنیانو ئاوڕدانەوە لەوەی ئایا مەبەست لە مەست بوون چی یە؟

لەم رێگایەوە پێویست بەوە دەکات زیاتر بیر لە بوونو پتر خەون بە شت گەلێکەوە ببینێت،کە بێ گومان بۆ بینینو بیستنی مرۆڤە سادەکان ئاسایی نیە،لێرەوە دەست بە قوفڵی دەرگایەکەوە دەگرین کە دڵنیام لەوەی بۆ ترازانی لە قودرەتی ئێمەدا نیەو جۆرێکە لە سەرکەشی چونکە جیهانێکە قوڵترە لەوەی بمانەوەێ تەواوی هاوکێشەو دیوی راستەقینەی کەشف بکەین،بەڵام دەخوازین چەند لەحزەیەك لەمانا بخەینە بیرمانو لەسەر بەردی

ڕەقی حەسرەتەکانی ئەوان نەخشێك بدۆزینەوەو پرسیارێك یان سەرسامییەك یان هەر شتیك لەجوانی لەلای تۆ چێ بکەین،ئەویش حاڵەتی مەست بوونە کە لە هەندێك لە دێڕی شاعیراندا دەیبینینەوە، دیارە تێڕامانمان لە سەر مەست بوونیان سەرسامی ئێمە دەبێ لەسەر هۆشیاریو دنیابینی ئەوان، ئەم حاڵەتی مەست بوونە دەگونجێت لە سەر دوو جۆر مرۆڤ ڕوودەدات، مرۆڤێك لە ئەنجامی پڕ بوونی لەبەرامبەر مەعشوقی ئەزەلیدا، دوور لە ماددەو ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی مەست بوون، دەکرێت بە بینایی دڵو پەیوەندییەکانی ڕۆحی لێوان لێوی بکات لەزەریفیو ناسکی، وەك ئەو بەندانەی هیندە لە دنیادا تامەزرۆی بینینی خوای گەورەیان کردووە، بەردەوام لە بەهەشتدا هیچ کارێکیان نیە تەنها سەیری جوانیو میهرەبانیو پاكو بێگەردیو شکۆو گەورەیی خودا نەبێت.

هەروەك سەعدی شیرازی دەڵێت:

مي بهشت نانوشم زدستي ساقي رچوان
مرا ببادە چ حاجت کە مەستي رووى تو باشم.

دیارە ئەمە بۆ باوەڕ کردنی کەسانێك کە هەموو ژیانیان تەنها بە چاوی سەریان سەرقاڵی ڕەنگە کرچو کاڵەکان دەورو بەریان دەبن سەخت دەبێت،کەسانێك هیچ ڕەنگێك سەبارەت بەخۆیانو هەموو بوون بە بینراوو نەبینراوەوە نەڕژاوەتە بیرو هۆشیانەوە، بەڵکو ئەمە ئەو حاڵەتەیە کەناکرێت هەروا بەئاسانی بەسەریدا تێپەڕین،بەو مانای ڕەنگەکانی دنیا هەرگیز چاوو دڵی ئێمە تێر ناکەن.چەشنی ئەوەی بەردەوام گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی هەمیشەییو تەسلیم بونەوە بەو خالقەی کەدەتوانێ نورو کاملێ بونو جوانی

نەمری بە رۆحی مرۆڤەکان ببەخشێت،ئەمەیان ئەو جۆرە مەستییەیە تەنها دەستگیری ئەو کەسانە دەبێ،کە دەتوانن مەستی دنیایەکی نوێ بن.یان مەستی خەیالێکی پاك بن. تا لە جیهانێکی تردا سۆراخی مەستی بکەن. ئەگەر باس لە جۆرێك مەستی تر بکەین

وەکو مەحوی دەڵێت:

شکور هوشیارە (مەحوی) تێ دەگا دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم. ![1]

لێرەشدا مەحوی شانازی بە ئاگایی خویەوە دەکاو جیاواز لە خەڵکی دەورو بەرەکەی هەست بە بونی خوی دەکاو وشیاری خۆی لەگەڵ بەدمەستی ئەهلەکەیدا دەپێوێت، بە وشیاری خۆیەوە دەنازێت ئەهلەکەی بە نائاگا ئەشوبهێنێت، ئاشنایی‌وئاگایی بەگەلێك لە قۆرتەکانی زەمانە وای لێ دەکات کە سوپاسی خودی وشیاری بکات، لەگەڵ زۆرێك لە شاعیران ئەویان خواستووە کە مەست بن، کەچی مەحوی دەیەوێ پێمان بڵێت: ئەوە مەحوییە هێندە گەشتووەتە وشیاری خۆی ئیدی خراپە لە ئەهلەکەی ناگرێت. چونکە دڵنیایە لەوەی کە نائاگاو بەدمەستن، دیارە لێرەدا مەحوی بیری شێوەیەکی تر مەست بوونی هەبووە،ئەگەرنا ووشەی (بەد)لە پێش مەستییەوە بەکار نەدەهێنا، وەك لە جێگەیەکی تردا ئاوا سەیری مەستی دەکات

لەبەر حوکمی نیگایا قاتە هوشیار
هەتا چاوی بکا بڕ،مەستە،هەر مەست.[2]

بەبڕوای من هەر کەسێك بەجۆرێك دەکرێت مەست ببێت،هەریەك بە هۆکارێك، جۆرێکیان مەستی (ئاگایی)خۆیەتی، جۆرەکەی تریان مەستی(نائاگایی) خۆیەتی، مەستی بە(ئاگا)بەختەوەرە بەوەی کەللەی سەری هۆشیاری خۆی لە نا ئارامییەکدا ئەبینێتەوە. بەلاّم مەستی نا(ئاگا)لەگەلّ ئەوەی دەستی لە تالّێك هۆشیارییەکی دروست گیرنابیّ ناتوانێت بچێتە ناو مەست بوونێکەوە کەلەو زەجرو حەسرەتە دەرچێت کە بەردەوام تیایدا دەخولێتەوە،بۆ هەمیشە نازانیّ غەفلّەتێکی تر جێی دەکاتەوە.

بە شێوەیەکی تر دەتوانین بلّێین:ئەو مەستییەی لە ئاکامی عەقلّێکی هۆشیارو دلّێکی روونەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەندیّ شتی روالّەتی هەیە لە ووجوددا جێیان هێشتووەو تەمەنو تێڕوانینی خۆیان بەشوێن جیهانێکی بالاّو فراوانتردا دەگوزەرێنن.هەروەکو لێرە نەبن دەیانەویّ مەودای بینینیان دوورتر بۆ تەواوی بوون بڕوات.

موسافیری ناو تەکسییەك،کەمێك مەست بوو،چاوێکی خشاند بە کاتژمێرەکەی دەستیداو سەیری کرد کاتژمێر7:00بەتوندی سەیری کاتژمێری دوکانی ژێر فرۆشەکەی دەکاتو دەبینێت میلی کاتژمێرەکەی لەسەر6:55خولەك وەستاوە.لە شۆفێری تەکسییەکەی پرسی هێی سەعات چەندە!؟ شۆفێرەکە وەلاّمی دەداتەوە 6:50خولەکە!موسافیرەکە هاواردەکات "بەپەلە بگەڕیوە، پێدەچێت ئێمە بە پێچەوانەوە بڕۆیین!"خەلّکی لەخەودان ـ بێگومان، تەنانەت بزیسکێك لەلە ئاگاییان نیە![3] ئەو دەمەی ئاگایی یان هۆشیاری دروست دەبێت وامان لیّ دەکات گومان لەسەر کاتو دەوروبەری خۆمان هەبێت، ئەوە موسافیرێکە سەیری کاتژمێری خۆیو ئەوانی تر دەکات، نازانیّ ئایا ئێمە لە کوێی کاتدا بین باشە؟ئایا ژیان بەکام ئاڕاستەدا بڕوات گونجاوە؟ بۆیە پرسیار

کردن لەرەوتی کاتو خودی شوێن وامان لێ دەکات بەتیشێك لەئاگایی کەئیدی داوای ئەوەت لێ دەکات کە هەندێك پرسیاری گەردونی بێ وەلاّم یان بەجۆرێك سەرسام بوونو راوەستان لەئاستی ناسازی ئەو سیستەمەی ناجار دەبیت خواستی مەستی بکەی یان دەبیتە خودی مەستی!.

پیرە مێردی شاعیریش دەڵێ:

بەسەر مەستی کەدەستم کەوت لەناری نوری دەرکەوت

یدالبضایە دەستم بۆیە دنیا هێندە رۆشنە ئەمشەو.[4]

لێرەدا مەست بوونی شاعیر هەست پێدەکرێت،کە ئیدی ئەو سەرمەستە بەوەی ئەمیش خواستی دیداری خودایی دەکات،لە کاتێکدا حەزرەتی موسا داوای بینینی خوای کرد، خوای گەورە فەرموی:تۆ توانای بینینی منت نیە،ئەوە بو زاتی پیرۆزی نیشانی کێوی (گور)داو حەزرەتی موسا لەهۆش خۆی چو.پیرە مێردیش ئەیەوێ بڵێ:من کە توانای ئەو گفتوگۆیەم نیە وا لە چاوەڕوانیدا مەست بوومو لەئاگری فیراقدا نوریکم لێوە دیارە،کە ئیدی یدولبیچایە دەستمو هەموو تاریکییەکانم رۆشن دەکاتەوە.

گەر بچینە لای گۆرنی شاعیریش شێوەیەکی تر لە مەستی دەبینین کە دەڵێ:

هەرچەندەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم

بۆم ناخرێتە چوار چێوەی هەڵبەستم.[5]

لێرەشدا شاعیر لەگەڵ ئەوەی خەیاڵێك مەستی کردووە،هەڵبەت ئەو دنیابینییەی خۆی کە لەناوەوەی خۆیدا دەستێکی بالاّی هەبووە لە کار کردن تیایدا، لە ئاستی دەستەوسان بوونی واقیعێکی کورت مەودا، بۆیە گلەیی لە قودرەتو توانای خۆی دەکات کە ناتوانێ بەزمان ئەو وێنەو رووداوانە

بگەیەنێتە ئێمە، یان ئەو تابلۆیەی یان ئەو بیرۆکەیەی کە لە خەیاڵدانی شاعیردا گەرایان داناوە، لەچوارچێوەی هەڵبەستێکدا خۆی پێ بنوسێتەوە. لێرەدا شاعیر لەناوەوەی خۆیدا بە جۆرێك هەستی بەمەستی کردووە، دەیبینین کەنەیتوانیوە رەنگ رێژی بکاتو خودی ئەو وێنانە بگوازێتەوە کە شاعیرییان کەم دەستو سەراسیمە کردووە.

گەر بمانەبتەوێ نمونەی مەست بوونی سەرجەم شاعیران بهێنینەوە،ئەوە دەبێت زیاتر لەمە لەنێو بابەتەکەدا قوڵ ببینەوە،هەر لەخەیامو حافزی شیرازیو مەولانا تامەولەویو مەلای جزیریو نالیو سەرجەمی شاعیران لەسەر حاڵەتی مەست بوون هەریەکەیان بەجۆرێك لە شیعرەکانیان ئاماژەیان پێداوە. بۆیە وەك لەسەرەتاوە ووتمان ویستمان تەنها هەڵوێستەکی کورت لەسەر هەندێك لە دێری شاعیران بکەین،دەکرێت لە شوێنێکی تردا بە درێژیو پڕمانا تر بچینەوە سەر بابەتەکەمان. بە شیعرێکی حەمدی ساحێب قران کۆتایی دەهێنم کە دەڵێ:

بۆیە مەستیم لە هۆشیاری گەلێ پێخۆشترە
ئەم خەراباتە کەهۆشیاری لەمەست سەرخۆشترە
سەیرە هەرکەس روو دەکاتە ئەم خەراباتەی ووجود
کاسەکەی هەر چەند پڕتر بێ ئەوەندە بۆشترە.[6]

**سەرچاوەکان:**

**1**–دیوانی مەحوی.لاپەڕە 220
**2**–سەرچاوەی پێشو.لاپەڕە 73
**3**–ئاوازی بێدەنگی/ئۆشۆ.و–فەردین دارا،لاپەڕە 41
**4**–دیوانی پیرە مێرد.
**5**–دیوانی گۆران.لاپەڕە 113
**6**–حەمدی ساحێب قران.لاپەڕە

## نیعمان موحەممەد:
## وتارەكان لەگەڵ واقیعی خەڵكدا نا گونجێن وەزانای قووڵ ولێهاتوومان نیە لەزانستە ئیسلامییەكاندا

دیدار/ نەوزاد علی

سەبارەت بەوتاری مەلاكانو تێگەیشتنی خەڵك بۆوتارە ئاینیەكان بەتایبەتی وتاری هەینی كەكێشەیەكی زۆری لای نوێژخوێنانو خەڵكی بەگشتی دروست كردوەبەوەی ئەم وتارانە مەوزوعیو بابەتی نین یان لەگەڵ سەردەمی ئێستادا ناگونجێن، بۆقسە كردن لەسەر ئەم بابەتە گفتۆ گۆیەكمان لەگەڵ بەڕێز "**نعمان محمد**" خوێندكاری ماستەر لەخوێندنی لەوڵاتی سۆدان.

**+تێڕوانینت چیە لەسەر ئەو گوتارە ئاینییەی كە عەرز ئەكرێت، وەكێشەكانی لەچیدا ئەبینیت؟**

– ئەو گوتارە ئاینییەی كەئەمڕۆ پێشكەش ئەكرێت لەلایەن مامۆستایانی ئاینی و هەم لەلایەن كەسانێكی ترەوە، كێشەی خۆی هەیە. پێش ئەوەی ئاماژە بەكێشەكان بكەین ئەبێت بڵێین ئەو گوتارە تا ئێستا پێشكەش ئەكرێت بەشێكە لە پێداویستیە ڕۆحی و كۆمەڵایەتیەكانی خەڵكی ئێمە، ئەوە شتێكی نامۆ نیە بەخەڵكی ئێمە. تا ئێستا خەڵكی ئێمە بەجدی بۆی ئەگەڕێتەوە و كاریگەری لەسەر خەڵكی ئێمە هەیە. لەسەر ئاستی تاك و لەسەر ئاستی كۆمەڵگەش. لەبەرئەوە گوتارێكە بەجۆرێك لەجۆرەكان لەئاستی سروشتی خۆیدایەتی. وە بەجۆرێك لە جۆرەكان لەنگەری هەندێ بابەتی شەخصی و كۆمەڵایەتیشی گرتووە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا. بەڵام لەبەر ئەوەی كە هیچ كایەیەك بێ گرفت نیە. هیچ كایەیەكمان نیە كە كێشەی نەبێت خراپ نیە

ئاماژە بەهەندێ لەو گرفتانە بکەین کە لەنێوئەو ووتارانەدایە کە ئەمڕۆ پێشکەش ئەکرێت .

یەکێ لەو گرفتانە ئەوەیە بەجۆرێك لە جۆرەکان کەمێك سادەیی پێوەدیارە بەو مانایەی، یان با بڵێین لەمسی گرفتە جەوهەرییەکانی مرۆڤی ئێمە ناکات لە ئێستادا. یەعنی زۆر جار هەندێ شت باس دەکات کە ئەصڵەن پەیوەندی نیە بە خەڵکی ئێمەوە بەهیچ جۆرێ. ئەوەیەکێکە لەو گرفتانەی کە بەڕاستی لەم گوتارەدا هەیە. یەکێکی تر لەو گرفتانەی کەلەم گوتارەدا هەیە ئەوەیە کەئەم گوتارە هەوڵی نەداوە کە بەهرەمەند بێت لە ئاستێکی زانستی باش کە مەبەستمان لە زانست ئەو زانستە کلاسیکییەیە کە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بەرهەم هاتوون. گەڕانەوە کەمە بۆ کتێبە گەورەکانی ناو ئەم شارستانیەتە. هەست ئەکەیت مامۆستایان یان ئەو کەسانەی کە ئەم گوتارە پێشکەش ئەکەن. بەداخەوە هەست ئەکەیت کە خۆ ماندوو کردنی پێوە دیار نیە. ئەمە یان ئەو بەڕێزانەی کە گوتاری ئاینی پێشکەش ئەکەن خۆیان وەکو پێویست بەهرەمەند نین لە زانستی ئیسلامی هەرچەند ڕەنگە حوجرەیەك یان کۆلیژێك یان زانکۆیەکیان تەواو کردبێت. بەڵام بەداخەوە هەست ئەکەیت کە زانستی ئیسلامی وەکو پێویست لە ئاستی خۆیدا نیە. هەرچەند هەتا ئێستا هەرخەڵك هۆگری ئەم جۆرە گوتارەیە بەڵام لەڕاستیدا یەکێك لەو شتانەی کەهێز دەبەخشێت بەم گوتارە دەبێت خەلفیەتێکی زانستی بەهێزی هەبێت بەداخەوە ئێمە ئەمڕۆ ئەمەمان زۆر کەمە, ئەمڕۆ وڵاتی ئێمە لەبەر ئەوەی مەزهەبی شافعین و لەناو مەزهەبی شافعیدا تێڕوانینەکانی ئیمامی غەزالی زیاتر زاڵبووە بەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەو تەنانەت بەسەر گوتاری ئێمەدا بەڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ, بەڵام بەداخەوە مامۆستایانی ئێمەو ئەو کەسانەی کە خەریکی

پەیڕەو کردنی ئەم گوتارەن تەنانەت وەکو پێویستیش نین لە گەڕانەوەیان بۆ ئیمامی غەزالی و کتێبی **(الأحیاءعلوم الدین)** بۆ سەرجەم کتێبەکانی تریش کەلەلایەن غەزالیەوە نوسراون. تەنانەت لە ڕووی فیقهیشەوە بڵێین زۆرێك لە تێڕوانینە فیقهیەکانی ئێمە پەیوەندی بە ئیمامی نەوەوییەوە هەیە بەڵام بەداخەوە. هەست ئەکەین لەکاتی مەسەلە فیقهیە وردەکاندا مامۆستایان یان ئەو کەسانەی کەشارەزان لە بواری فیقهدا وەکو پێوست شارەزانین لە مەزهەبی ئیمامی شافعی و تەنانەت ئیمامی نەوەویش. نەبوونی ئەم قوڵاییە زانستییە شتێکی ئاساییە کە دەرهاویشتەی ئەبێت لەسەر ئەو ووتارەی کە پێش کەش ئەکرێت. ڕەنگە زۆرجار ئەو کەسە بابەتێك پێشکەش بکات ڕەنگە لەناو بابەتەکەیدا. دنیایەك شتی پارادۆکس و شتی پێچەوانە بدۆزیتەوە لەبەر ئەوەی کە قوڵایی زانستی نیە. چونکە ووتارەکە لەسەرئاستی ئاسۆیی کاردەکات نەك لەسەر ئاستی قووڵیی کە ئەوە یەکێکە لە گرفتە زۆر سەرەکیەکان ئەمەش هۆکاری هەیە ئەکرێت دوایی ئاماژەی پێبدەین. هەروەها ئەوەی کەلەم وڵاتەی ئێمەدا ئێستا وەکو پێویست علومی شەرعی لەبەر چاو ناگیرێت سیاسەتی حکومەت وەکو پێویست زۆر لەگەڵیدا نیە ئەو ناوەندانەی کە زانستی ئیسلامیان تیا ئەخوێنرێت بەداخەوە واتە ناوەندێکی ئاوەدان نین لە هیچ ڕوویەکەوە خزمەتێکی ئەو تۆو پێویستی ناکرێت سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە زانای قوڵ و لێهاتوومان کەمە لە زانستە ئیسلامیەکاندا. تەوەجووهی عامی کۆمەڵگەش لەگەڵ زانستە مۆدێرنەکاندایە ئێستاکە, ئەوەش تەقریبەن پەیوەندی بەسیستەمی سیاسی و تەوەجوهی دەسەڵاتدارانەوە هەیە لە وڵاتی ئێمە. خاڵێکی تر ئەوەیەکە گرفتەو تووشی ئەم گوتارە بووە پەیوەندی بەمامەڵەی ئێمەوە هەیە لەگەڵ دنیای نوێدا یەعنی تۆ کاتێك کە گوتارێ ڕێك

دەخەیت دەبێت( **زەمان و مەکان)** لێك بدەیتەوە ئەو سیاقەی کە ئەو گوتارەی تیا بەرهەم ئەهێنی زۆر گرنگە دەبێت بیناسیت بەوەی بتوانی سوود لەو موفرەدانە وەربگریت کە خەڵکی ئەو سەردەمە بەلایانەوە گرنگە. سوود لەوماناو چەمك و زاراوانەش وەربگریت کە زادەی ئەم سەردەمەن کە خەڵك لە ێرەوە باشتر ئەتوانێت لە مسی ئەو مانایانە بکات کە تۆ ئەتەوێت. لەمانای ئەو موفرەداتانەوە ئاڕاستەیان بکەیت ئەمەش بەوە ئەبێت کە تۆ لانی کەم واتە شتێکی کەم ئەگەر زۆریش نەبێت ڕۆشنبیری سەردەمەکەی خۆت بزانیت کە بەداخەوە ئێمە هەست ئەکەین کە مامەڵەمان لەگەڵ شتە زۆر زەقەکانی دنیایی مۆدێرنا هەیە وەکو تەکنەلۆجیاو بەها زۆر سەرەکیەکانی وەکو مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئەم جۆرە شتانە بەس بەداخەوە هەوڵمان نەداوە وەکو لێکۆڵەرەوەیەك تێبگەین لەم بابەتانە وەکو عەرزیشم کردی پێویست نیە کەسێك ئەیەوێت کە گوتارێکی ئاینی ئامادە بکات و پێشکەشی خەڵکی بکات لەم بوارانە. بۆ نمونە لە بوارەکانی چەمکەکانی مۆدێرنەدا پرۆفیسۆر بێت ئەکرێ لانی کەم ئەوشتانە تێگەیشتبێت واتە شتێ ئاگادار بێت بۆ ئەوەی بزانێ نیازی خەڵك لە کوێدایە. ئەمرۆ خەڵك پێداویستیەکانی لە کوێدایە چونکە ئەگەر گوتارێ لەسەر ئاستی عەقڵی خەڵك و لەسەر ئاستی نیازو پێداویستی خەڵك نەبوو ئەو گوتارە جێناگرێ. مامۆستا ناسری سوبحانی شتێکی جوان باس دەکات "لە کاتێکدا کە تۆ ئەتەوێت مەوزوعێ دابەزێنیت بۆ خەڵکی یان ئیحتیکاك بەچەمکێ بکەیت ئەبێت دوو شت لێك بدەیتەوە. یەکێکیان ئیستعدادە. ئامادەکارییە یان ئامادەییە ئامادەیی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ ئەو شتە. دووەم حاجەیە، واتە پێداویستی یە".واتە ئەبێت بزانیت ئەم خەڵکە چەندە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی ئەمە. وەچەند پێداویستیشی بەو مەسەلە هەیە. ئەم

دوو شته زۆر گرنگه ئەکرێ ئینسان لەزۆر شوێنی تریشدا تەوزیفی بکاتەوە لە کاتێکا تۆ ئەزانیت خەڵك ئامادە نیە بۆ ئەو جۆرە قسەکردنەی کە تۆدەیکەی وەپێداویستیەکانیشی لە شوێنێکی ترن. لەو شوێنەدا نیە کە تۆ بەلاتەوە گرنگە ئیتر لەو کاتەدا تۆ هەست ئەکەیت کە گوتارەکەت جێناگرێ وە زۆر جار ئێمە هەست ئەکەین لە ووتاری مزگەوتەکان ئەم دوو شتەی تیا ڕەچاو ناکرێت پێداویستی خەڵکی لە شوێنێکی ترەو مامۆستا باسی شتێکی تر دەکات کە پەیوەندی بە خەڵکەوە نیە . بۆیە ئەو کەسەی کە گوتار پێشکەش دەکات ئەبێت بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاگاداری کۆمەڵگەکەی خۆی بێت نابێت لەسەر ئاستی شەخصی واتە ئەوەی کە گرفتە لێرەدا ئەوەیە کە زۆرجار ئەبیستین لێرەو لەوێ ئەو کەسانەی کە گوتار عەرز ئەکەن بەمامۆستایانی ئاینی و دەرەوەی ئەوانیش لەسەر ئاستی ئیهتیمامات و گرنگی پێدانی خۆیان ئەو شتانە باس دەکەن یەعنی ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە. ئەوەی کە پێك هاتەی شەخصیەتی ئەوی دروست کردووەلای ئەو زۆر زەق و گرنگە، ئەوە لای خەڵکەکە باس دەکات ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. چونکە لەوانەیە خەڵکەکە ئەمەی نەوێت. یەعنی یەکێك لە ئیشەکانی گوتاربێژە, ئەوەیە کە ئاگاداری ئەو خەڵکەی خۆی بێت چونکە تۆ قسە بۆ کێ ئەکەیت؟ قسە بۆ ئەو خەڵکە ئەکەیت. گوتارو ووتار بێژی بە جۆرێك لەجۆرەکان عەقدێکە عەقدێکی نەبینراوە گرێ بەستێکە لە نێوان دوو لایەندایە، ئەوشتانەی کە عەقدی تێئەکەوێت ئەبێت ڕەزامەندی هەردوو لای تیا بێت. ئاگاداریی هەردووکیانی تیا بێت وەکو کڕین و فرۆشتن وەهەردوو لا کڕیارو فرۆشیارئەبێ یاساکانی بازاڕو تێڕوانینی ئەو خەڵکە لە ڕووی کڕین و فرۆشتنەوە, بزانن مومکین نیە ئەگەر تۆ کتێبێك ببەیتە بازاڕ بڵێیت من ئەم کتێبە ئەفرۆشم بەڵام بەو یاسایانەی کە

خۆم ئەمەوێت ئەیفرۆشم پەیوەندیم بەوەوە نیە کە خەڵك چۆن بیر دەکاتەوە مومکین نیە تۆشتی وابکەیت چونکە ئەوکاتە تۆ ناتوانیت تێکەڵی ئەو خەڵکە ببیت، ووتاربێژیش بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندی هەیە یان بابڵێین گرێ بەستێکی نەبینراو هەیە لەنێوان ووتاربێژو گوێگرەکانیدا . پەیوەندییەکە ڕاستەو خۆ نیە ناڕاستەو خۆیە .مادام وایە ئەم پەیوەندییە هەیە. ئەبێت ئەو مامۆستایە یان ئەو کەسەی کە ووتار ئەبێژێت بۆ ئەو خەڵکە، ئەبێت ئاگاداری ئەوە بێت بزانێت واقیعیەتی ئەو خەڵکە چیە، مادام بابەتەکە دووو لایەنەیە ئەبێت لەگەڵ واقیعی ئەو خەڵکە بێت، ئەبێت لەگەڵ واقیعی قسەکانی ئەو خەڵکەدابێتەوە. ئەگەر لەگەڵ واقیعی ئەو خەڵکەدا نەهاتەوە ئەو کاتە قسەکان هیچ سوودێکی نیە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە لەو شتانەی کە دوو لایەنەن دوو سەرەیان هەیە یەعنی لەبەینی دوو تەرەفدان ئەبێت ئینسان بزانێت تەوەجوهی مقابیل چۆنە، بە نمونە ئەیڵێم بزانێت یاساکانی بازاڕ چۆنن ئەبێت تۆ بەپێی ئەوان قسەکانت دابڕێژیت ئەوە نیە ئیمامی عەلی ئەفەرموێت" **قسە بکە لەگەڵ خەڵکیدا بەپێی عەقڵیان**" یەعنی چی، یەعنی تواناو پێداویستیەکانی گوێگر ئەبێت تەئسیری لەسەر گوتارەکەی تۆ هەبێت پێش ئەوەی تۆ گوتارەکە عەرز بکەیت پێش ئەوەی تۆ دەمت کردبێتەوە ئەبێت ئەوان تەئسیریان لەسەر تۆ دروست کردبێت ئەگەر ئەوان تەئسیریان لەسەر تۆ دروست نەکردبوو ئەوە ئەو گوتارەی تۆش تەئکید بە تەئسیر لەسەر ئەوان دروست ناکات، کاریگەر بوون لەبەینی ووتار بێژ و گوێ گردا دوو تەرەفەیە یەعنی ئەبێت ئەوکاریگەری پێش وەختی لەسەر تۆ دروست کردبێت بەو مانایەیی تەوەجوهات و بیروبۆچون و پێداویستیەکانی ئەو لەلای تۆ وەرگیرابێت بەجدی, تۆ لەسەر ئەساسی ئەوە ووتارەکەت داڕشتبێت. کەواتە

ئەو کاریگەری پێشوەختی لەسەر تۆ دروست کردبێت. ئینجا تۆ جارێکی تر بتەوێت گوتارێك عەرز بکەیت بەپێی پێداویستیەکانی ئەو تۆش کاریگەری لەسەر ئەوان دروست بکەیت. لەبەر ئەوە هەست ئەکەیت پەیوەندییەکی نەبینراو هەیە لەم بەینەدا. بەڵام کەسی تێگەیشتوو ئەمە ئەبینێت, بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە ئێمە زۆرجار هەستی پێئەکەین لە ڕاستیدا ئەوەیە کە گوتاربێژانی بەڕێز زۆر تێبینی ئەم مەسەلەیان نەکردووە، ناڵێین هەر نیە. بەڵام بەگشتی کە سەیر ئەکەیت لەم ڕووەوە ئەم شتە باش وەرنەگیراوە بەداخەوە. ئەمە باش ڕەچاو ناکرێت. مومکین نیە هەر تۆ کاریگەری لەسەر ئەو دروست بکەیت ئەزانیت بۆچی؟ چونکە ئەگەر ئەو کاتە وابویت کەسی ووتاربێژ ئەتوانم بڵێم کە خۆی ئەباتە ڕیزی وەحیەوە. وەحییەکە یەك تەرەفە مامەڵە ئەکات! تەنانەت وەحیش یەك تەرەفە مامەڵەی نەکردووە, چونکە کە تۆ سەیر ئەکەیت ئەو موفرەدانەی کەلە قورئاندا بەکارهاتووە. هەموو موفرەداتی قورئان جارێکی تر هاتووە تەوزیفی کردووە یەعنی نەهاتووە جارێکی تر زمانێکی تازە دابهێنێتەوە، هەر بەزمانەکەی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ کردوون مەسەلەن لە دابەزینی حوکمەکاندا سەیر ئەکەیت لە قەدەغەکردنی **(مەی)**دا بەسێ چوار مەرحەلە بۆی حەرام کردوون بۆچی؟ ئەی ئەمە کاریگەری خەڵکە لەسەر دابەزینی وەحی ئەی ئەگەر وانەبێت خوای گەورە بەیەك جار ئەڵێت حەرامەو بڕایەوە. بۆچی بەوەندە مەرحەلە حەرامی ئەکات لەبەر ئەوەی ئەم گوتارە یان با بڵێین ئەم وەحیە پێداویستی و توانای خەڵکی ڕەچاو کردووە ئەی کەواتە ئەبێت ئەم کاریگەر بوونە ئەبێت ببێت ئەم کارلێکە دوولایەنە ئەبێت ببێت. یەعنی نەك هەرئەوە سەیر ئەکەیت هەرچی موفرەداتی قورئان هەیە هەمووی هەرزمانی عەرەبی ئەوکاتەیە کەلیمەی

"**اله**"سەیرکە کەلیمەی"**لمسی شەیتان** "دەست لێوەشاندنی جنۆکە مەسەلەی زۆرشتی تر کەبەداخەوە خەڵك هەڵە لێی تێگەیشتوە قورئان هاتووە هەر ئەو ڕۆشنبیرییەی کە خەڵك خۆی هەیبوە. هەر ئەو نیازانەی کە خەڵك خۆی هەیبوە جارێکی ترهەر ئەوانەی تەوزیف کردۆتەوە بەس ماناکانی خۆی لێوە گەیاندووە ئەمە زۆر گرنگە بەداخەوە هەست ئەکەین وەکو پێویست ڕەچاوی ئەم مەسەلەیە نەکراوە بۆیە زۆرجار هەست ئەکەین کە ووتارەکان سارد و سڕن لەبەر ئەوەی کە ئەم ڕەگەزانەی تیا نیە.

**+ بنچینە پێکهێنەرەکانی ووتار چین ؟**

– ئەکرێت ئەو کەسەی کە گوتار ئەبێژێت سەرەتا هەندێ پێش فەرزی هەیە. پێش فەرز واتە ئەو ئیعتیقاد و بیروبڕوایانەی کە لە مێشکی ئێمەدا هەیە یەعنی ئەو شتانەی کەلەلای ئێمە پێش وەخت یەکلا بوونەتەوە ئەو شتانەی کەبوون بەئەساسیاتی بیرکردنەوەمان کە بمانەوێت یان نەمانەوێت تەداخولات وبەشداری ئەکەن لەسەرجەم ئەو چەمکانەی کەبەرهەمی ئەهێنین , بۆنمونە لای تۆ پێش فەرز جێگیر بووە کە یەك و یەك ئەکاتە دوو. ئەمە ئەم یەك و یەکەی کە ئەکاتە دوو بەخۆت بزانیت یان نە کاریگەری لەسەر هەر قسەیەکی تۆ هەیە کە ئەیکەیت بە دەلیلی چی کاریگەری هەیە؟ لە سەر هەموو قسەکانی تۆ. تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان ناکرێ قسەیەك بکەیت کە نەفی ئەمە بکات کە یەك و یەك ناکاتە دوو. دەی کەواتە ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر تۆ , پێش فەرز وەکو ئەوەی کە قەناعەتمان وایە کە خوا ئەم کەونەی دروست کردووە وە خوا خۆیەتی کە ئیدارەی ئەم کەونە ئەکات لێرەوە ئیتر سەرجەم تێڕوانین و بیرو بۆ چونەکانی تۆ کەلە درێژایی تەمەنتا دروست دەبێت لە ژێر کاریگەری ئەم پێش فەرزەی تۆدایە. پێش فەرزی مەسەلەن سیاسی، ئەوەی کە تۆ

قەناعەتت وابێت کە پێویستە گەل حوکمی خۆی بکات، بتەوێت یان نەتەوێت لە بیرو بڕیارە سیاسیەکانی تۆدا دەور ئەبینێت، بەدەست خۆت نیە، هەرچی بەرهەم بهێنی کاریگەری هەیە.پێش فەرزی ئەوەی کەتۆ قەناعەتت بەوە هەیە کە مرۆڤ ڕۆحێکی هەیە لایەنی مەعنەوی هەیە. پێداویستی مەعنەوی مرۆڤ لەبەرچاو ئەگریٚ مادام قەناعەتت بەمە هەیە و ئەمە ئەبێت بەپێش فەرز لەلای تۆ ئیتر ئەمە لەسەرجەم بیرو بۆچوون و هەڵسو کەوتی تۆدا ڕەنگ دەداتەوە بە دەست خۆت نیە، بەلاٚم ئەو کەسەی قەناعەتی وایە مرۆڤ لایەنی مەعنەوی نیە وە هیچ پێویست ناکات بیر لەلایەنی مەعنەوی و ڕۆحی مرۆڤ بکەینەوە، ئیتر پێش فەرزێکی جیاوازە. ئیتر ناکرێت ئەم مرۆڤە بیر لە نوێژ بکاتەوە یان بیر لەوە بکاتەوە کە ئێمە پێویستمان بە موناجات هەیە. ڕێیی لەشتی واناکەویٚ چونکە ئەو پێش وەخت پێش فەرزێکی تری هەیە کە قەناعەتی بە مەعنەویات نیە. کەواتە پێش فەرز ئەساسە بۆ دامەزراندنی گوتار وە گوتار ئەتوانم بلێم ئیلهام لە پێش فەرزەکانەوە وەردەگریٚ یەکیٚ لە گرفتەکان لێرەوە سەرچاوە ئەگریٚ. کە زۆرجار کەسی گوتار بێژ یان ئێمە نازانین پێش فەرزەکانمان بە ڕوونی چیە؟ تەبعەن بزانین یان نەزانین چیە؟ هەرکاریگەری هەیە. بەس گرنگە پێش فەرزەکانی خۆت بناسی واتە گرنگیەکەی لێرایە بۆئەوەی بزانی پێش فەرزەکەت ڕاستە یان نە، زۆرجار تۆ مناقەشەی کەسێك ئەکەیت لەسەر بابەتێك گرفتی ئەم مرۆڤە لە زانیارییەکانیدا نیە، گرفتی ئەم لە پێش فەرزەکەیەتی بەلاٚم ئەم دەرکی نەکردووە. کە پێش فەرزەکەی چیە؟ هەڵەیە یان ڕاستە بەلاٚم بۆ کەسی ڕۆشنبیر ئەبێت بزانیٚ کە ئەو پێش فەرزانەی چین. وەزوو زوو فەحصیان بکات بزانیٚ ڕاستەیان هەڵەیە. ئەم پێش فەرزانە هەر کە تاقیتکردنەوە زوو زوو ئاگاداریان بوویت ئەکرێت بلێین جوانترو

سالم تر بێت، تەندروست تر بێت. دوایی پێش فەرز مەعلومات دێتە پێشەوە واتە ئەو کەسە مەعامەلە لەگەڵ هەندێ زانیاریدا ئەکات، ئیتر زانیارییەکان بەهەر ووردەکاری و بەهەر جۆرێك بێت کێشەیەکمان نیە لە مەعلوماتی لە زانیاری بیرکاریەوە بێت تا هەر مەسەلەیەکی تر ئەم مەعلوماتانە دەست ئەکەوێت، ئەم مەعلوماتانە تەوزیف ئەکرێن لەسەر ئەساسی پێش فەرزەکانی خۆت کە پێشتر داتناوە بۆ خۆت لێرەوە ئیتر تەصەوری تۆ دروست ئەبێت بۆ شتەکان قەناعەتەکانت تەواو جێئەگرێ. خاڵی سێیەمی گوتار بریتی یە لە **(زمان)** ئەکرێ بە دوو دیودا باسی بکەین ئەو زمانەی کە تۆ قسەی پێئەکەیت گرنگە کە تۆ ئاگات لێی بێت. ئەبێت شارەزای زمان بیت ئەبێ بزانی کە چۆن زمان بەکار دەهێنیت، وەخاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەبێت تۆ ئاگاداری زمانی خەڵکی بیت ئەم شتە زۆر گرنگە. واتە لە زمانی خەڵکەوە تۆ ئەتوانی لە هەرچی پێداویستی خەڵکییە تێبگەیت. مەسەلەن ئەو تیۆریانەی کەلە بواری زماندا لەم سەردەمەدا پێشکەشکراون ئەوەیە کەلەڕێی زمانەوە تۆ ئەتوانیت سەرجەم بیرو بۆ چونەکانی بخوێنیتەوە، وەئەتوانی لە زمانەوە بچیت بۆ کۆمەڵناسی چونکە هەموو نیازو پێداویستی و خۆشی و ناخۆشیەکانی مرۆڤ لە زماندا دەردەکەوێت ئەگەر تۆ شارەزابیت بەم بوارە ماهیر بیت و لێهاتوو بیت لە بەکار هێنانی زماندا ئەو کاتە ئەتوانیت گوتارێك دابەزێنیت کە زۆر گرنگ بێت، جالێرە زۆر گرنگە کە لە زمانا ڕەچاوی زمانی بەرامبەر بکەیت، لەزمانا تۆ نیازو پێداویستی و خەم و ناخۆشی و خۆشی و هەموو شتەکانی خەڵك دەرك ئەکەیت لەلایەکی تریشەوە ئەبێت زمانی خۆت بەرەو پێش بەریت لەو ڕووەوە کە بتوانیت ئەو چەمکانەی کە تۆ ئەیگەیەنیت. فیعلەن بەزمانێ دەری ببڕی کە خەڵك بیبیستێ و جێبگرێ لە لای ئەوان. ئەوەی کەپێشتر باسم کرد

ئەبێت ئاگات لەو گرێبەستە بێت کەلەلای تۆو بەرامبەرەکانتا هەیە. لێرەوە خاڵێکی تر هەیە لە زماندا ئەویش پەیوەندی بەلایەنی فەنییەوە هەیە. ئەبێت ئەو کەسەی کە ووتار ئەدات بۆ خەڵکی ئەبێت زمانی پاراو بێت. واتە کەسێك بێت مەهارەتی زمان بەکار هێنانی هەبێت، کەئەمە هەندێکی سروشتیە **(زکماکیە).** هەندێکی تری خۆ ڕاهێنانە. نابێت کەسێك بیەوێت قسە بۆ خەڵکی بکات و ووتار بێژێکی سەرکەوتوو بێت بەڵام خاو قسە بکات یان نەتوانێ زمانی بەکاربهێنێت وەکو پێویست وەکو ووتم ئەتوانێ مرۆڤ خۆی ڕابهێنێ شتێکی قورس نیە. لێرەوە ئەم سێ ڕەکیزەیە بەکورتی کە شتی تریش تەداخولات ئەکەن لەم بوارە بەڵام ئەم سیانە بەشێوەیەکی سەرەکی پێك هێنەری گوتارێکن هەر گوتارێك بێت. ئەگەر هەرکەسێ بیەوێت سەرکەوتوو بێت لە ئیلقاو پێشکەش کردنی گوتارێکدا ئەبێ ئەم سێ برگە سەرەکیە ڕەچاو بکات بۆ ئەوەی بتوانێت جوانترین شت بگەیەنێت بەخەڵکی.

+ سەبارەت بەدەرککردنی مامۆستایانی ئاینی لە کێشەکانی خەڵکی، مامۆستایان بە جبەو مێزەر یان ڕووخسارێکی تایبەتیان هەیە جیا لە عامی خەڵك، کاتێ کە مامۆستایەکی ئاینی ئەچێتە ماڵێك یان لای کەسانێك خەڵکی زمان و هەڵس و کەوتیان ئەگۆڕن، ئایا ئەمە هۆکار نیە بۆ دەرك نەکردنی واقعی خەڵکی؟

– سروشتییەن جل و بەرگی مامۆستای ئاینی گرفتێکی تیا نیە بەڕای من، چونکە مامۆستایانی ئاینی ئێمە وەکو پیشەپیشەکەی بەشتێکی پیرۆز ئەزانین، بەدەر لە کەسایەتی خۆی وە بەڕاستی مانەوەی ئەم تێڕوانینە پیرۆزە، من بەشتێکی پێویست ئەزانم وەشتێکی گونجاوو ڕێك وپێکە. هەرچەندە ئەکرێ لێرەو لەوێ نمونەی مامۆستای ئاینی خراپمان بینێبێت کە

شتێکی ئاساییه. چونکه مامۆستایانیش دواجار خۆیان موقەدەس نین، لەبەر ئەوە من عەرزم کردی لەبەرئەوەی مامۆستا جلێکی تایبەتی لەبەردایە شتێکی ئاساییە چونکە زۆرێك لە پیشەکانی تری ناو کۆمەڵگەش هەرجلی تایبەتی بۆ لەبەر ئەکرێت و ئاساییە وەئەو تێڕوانینە پیرۆزەش بەرامبەر بە پیشەی مامۆستاش کە پێشنوێژی و پێشڕەوی ئیماندارانە لە رووە رۆحی و دینی یە کەوە، شتێکی گرنگە کە ئێمە بە پیرۆزی بڕوانین و هەوڵی گەشەسەندنیشی بدەین لە ڕاستیدا. ئەوەی کە خەڵکی بەم هۆیەوە دوو ڕووئەبن بەرامبەر بە مامۆستایان, ئەزانی چۆنە مامۆستا خۆی ئەتوانێت دەرکی ئەم بابەتە بکات من قەناعەتم وانیە مامۆستا خۆی جیاکردبێتەوە بەو جلە. ئەسڵەن مامۆستای ئاینی یەکێکە لەو کەسانە کە زۆر ئەچێتە ناو خەڵك , لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکدا و تێکەڵی خەڵك ئەبێت . لەڕاستیدا مەگەر کەسێکی سادە دەرکی ئەو ئەو شتانە نەکات ئەگینا هەرچی کەسێك زمانی خۆی بگۆڕێت ,مەسەلەن تەصەڕوفی خۆی بگۆڕێت بەجۆرێ لە جۆرەکان بەرامبەر بەمامۆستا واتە هەندێ شت بەکار بهێنێ و هەندێ شت بەکار نەهێنێت دواتر کە مامۆستا ئامادە نیە جۆرێکی تر هەڵس و کەوت بکات دەرکی ئەمە ئاسانە چونکە مامۆستاش خۆی پەیوەندی بەخەڵکەوەهەیە,پەیوەندی بەکەسە نزیکەکانیەوە هەیە تێکەڵی خەڵك ئەبێت .دەرك ئەکرێت ئەمە شتێك نیە بلێی قورسە.بەلاَم وەکو ئیحترامێك ڕێزێك خەڵك ناتوانێ هەندێ کەلیمات بلێ .

+ ئەتوانین بڵێن وەکو پێویست ئیشیان لەسەر نەکردووە ؟

– ئەکرێ وەکو پێویست کاریان لەسەر نەکردبێت ,بەلاَم ئەوەشی تیایە مامۆستایان ناکرێ لەهەر ووردو درشتێکدا خەڵك بگرن و بڵێن وابکە و وامەکە چونکە ئەمەش ناکرێ ئەمەش مومکین نیە . بەس گرنگ ئەوەیە,مامۆستایان

بەشێوەیەکی گشتی شوێنی گەڕانەوەی خەڵکن , خەڵك ئەگەڕێتەوە بۆ لایان پرسیاریان لێ ئەکات .واتە ئەگەر تەنانەت مامۆستایان خۆشیان لە سلوکی ڕۆژانەی خەڵکدا دەرکی ئەوە نەکەن کە خەڵك مەشاکیلی چیەو خەڵك خۆیان بگۆڕن لە بەرامبەر مامۆستایاندا بەلأم ئەوکاتەی کە گرفتێکیان بۆ دروست ئەبێت , گرفتێکی شەرعی خۆ ئیتر لەوکاتەدا هەموو شتێك دەردەکەوێت مەسەلەی تەلاق و زەواج هەر ئەوکاتە باشترین حاڵەتە ,شەخصیەتی مرۆڤەکان لە کاتی قەزاوەتا زۆر بە ئاسانی دەردەکەوێت ئەو ئینفیعال و هەڵچونانە کە هەیە دەردەکەوێت . مەسەلەن مەعامەلەی نێوان دوو کەس کە دوایی تێك ئەچن و ئەچنە بەردەمی مامۆستا زۆرچاك دەرئەکەوێت,من وائەزانم مامۆستا ئەگەر خۆی کراوە بێت , خۆی ڕۆشنبیربێت لە هەموو کەس باشتر ئەتوانێت کۆمەڵگەکەی و خەڵکی خۆی بناسێت .

**+ – لاوازی مەعریفەی مامۆستایان لەلایەك و نەبونی زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی تێڕوانینت چیە لەم بارەوە ؟**

–ئاستی زانستی مامۆستایان بەشێوەییەکی گشتی وەکوپێویست نیە ,مامۆستای سەرکەوتوویان هەرکەسێکی تر کە بیەوێت قسەیەکی دینی بکات کە قسەکەی لەم ڕۆژگارەدا جێ بگرێت پێویستی بە دوو جۆر ڕۆشنبیری هەیە ,پێویستی بە دوو جۆر زانست هەیە یەکێکیان زانستی ئیسلامییە کە ئەگەڕێتەوە بۆ ترادیسۆنی ئیسلامی کە پێویستە ئەو کەسە یان مامۆستا بەڕێزە زۆر بەقووڵی مامەڵە لەگەڵ ئەم زانستە بکات وەباش ئاگاداری ئەم زانستە بێت چونکە تابەهرەمەند بێت لەم زانستە زیاتر بەهێز دەبێت لە ووتارەکەیدا .زانستی دووەمیان .یان بەشی دووەمی زانستەکە بریتی یە لە زانستی سەردەم یەعنی ئەبێت ئەو مامۆستا بەڕێزە بەجۆرێ لە جۆرەکان

ئاگاداری دونیای ئەمڕۆ بێت، کە ئەڵێین ئاگاداری دونیای ئەمڕۆ بێت، لەڕاستیدا من مەبەستم کۆمەڵناسی و دەروناسی نیە مەبەستم بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینێکی تاڕادەیەك دروستی هەبێت بەرامبەر بەدونیای نوێ بزانێ ئەو گۆڕانە گەورانەی کە ڕووی داوە چۆنە؟ وەزعی مرۆڤ چۆنە؟ تەصەوراتی مرۆڤ چۆنە؟ تەبعەن ئەمانە هەر ئەچنەوە خانەی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، بەڵام لێرە کە باسی دەروون ناسی و کۆمەڵناسی دەکەین ئەوە دێتە پێش چاومان کە بچین مەداریسی کۆمەڵناسی و نەفسی بخوێنین. ئەوەش نەخوێنرێت کێشە نیە. چونکە ڕەنگە ئەوەش قورس بێت یان دەرفەتی مامۆستایان نەبێت. یان مامۆستایان ئەتوانن بەسێ چوار کتێبی جدی کە بیخوێنێتەوە. تێبگات لەوەی کە چی گوزەراوە، لەوگۆڕانەگەورەیەیی لە دونیای مرۆڤایەتیدا ڕووی داوە. بە تایبەتی دوای سەدەی شانزدە، ئەو پێشکەوتنە گەورەیە چیە، مەسەلەی مۆدێرنیزم چیە؟ چی بەخشیوە بە مرۆڤ ئاگاداری ئەو تێڕوانینە گەورانە بێت ئەو شتانەی کە ئێمە تێیان ناگەین دەرکیان ناکەین بەڵام بەناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەربونیادی کۆمەڵایەتی وفکری و سلوکیمان کردووە. مامۆستا یان ئەو کەسەی کە گوتار بەرهەم ئەهێنێت لە ڕووی دینیەوە، ئەبێت بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاگاداری دونیای مۆدێرن بێت، وەهەوڵی گونجاندنی ئەم دوانەش بدات ئەم دوانەش بالەیەك ئەمجا بتوانێت ئەو گوتارەی خۆی بەرهەم بهێنێت ئەو کاتە سەلیم تر ئەبێت لەبەر ئەوە ئێمە هەست بەلاوازی ئەکەین لەم ڕووەوە. هۆکارەکەشی وەکو عەرزم کردی نەبوونی زانکۆو پەیمانگای تایبەتە لەم ڕووەوە هەرچەندە ئێمە کۆلێژی شەریعەمان هەیە حوجرەکانمان هەیە. بەس بەڕاستی کۆلێژەکان و حوجرەکانیش وەکو پێویست نین لەم ڕووەوە وەهەر ئەمەشە کە ئەتوانم بڵێم

لەو ناوەندانە توندڕەوی ئیسلامی سەری هەڵداوە توندڕەوی دینی و تەتەڕوفی دینی دروست بووە. لەبەرچی لەبەر نەبوونی زانست ئەگەر ئەو کەسە لەو زانکۆیە یان لەو حوجرەیەی خۆی بێت ئەگەر کەسیٚ شارەزای دونیای مۆدێرن بێت شەڕی لەگەڵ ناکات. شەڕی موسەلەح و توندو تیژی لەگەڵدا ناکات بەس ئەو کەسە توندڕەوەی کە شەڕی توندوتیژی لەگەڵ دونیای مۆدێرنا ئەکات تێنەگەیشتووە لێی خۆی یەکێکە لە قوربانیەکانی دونیای مۆدێرن بەڵام خۆی دەرك بەوەناکات,لەبەرئەوە ئەگەر حکومەت وەکو پێویست لەمە تێبگەیشتایە کە بەداخەوە تێنەگەیشتووە ئەگەر ئەیەوێت تەتەڕوفی دینی و توندوتیژی دینی کەم بکاتەوە هەقە ئیهتیمامێك بەو ناوەندانە بدات کە خەڵکی موسڵمانی تێگەیشتووی ووشیار دروست بکات، بۆ ئەوەی ئاگاداری دونیای ئەمڕۆ بێت. بۆئەوەی لێرەوە بتوانین سەرچاوەیەکی تری توندوتیژیەکان و توندڕەویەکان کەم بکەینەوە ئەم دوو جۆرە زانستە بەکورتی زۆر گرنگە. هەم زانستی دینی کەمامۆستایان وەکو پێویست نین لەم ڕووەوە.وەکو عەرزم کردی گەڕانەوەیان بۆ **(ئیبن قیم)**. گەڕانەوەیان بۆ **(غەزالی)** ئیتر باسی فەیلەسووفەکان ناکەم .بۆ ئەو پیاوانە نیەوەکو پێویست، لەلایەکی ترەوە ئاگاداری دونیای مۆدێرن نین و هەست ئەکەیت کە مەسەلەن بابەتێکیان ئامادەکردووە و عەرزی ئەکەن بابەتێکی پێشتر ئامادە کراوە یان هەست ناکەین نەتیجەی خوێندنەوەیەکی بەردەوامی خۆی بێت و پێی گەیشتبیٚ یەعنی ئەو کاتەی کەتۆ مەسەلەن بەردەوام ئەخوێنێتەوە. لە بواری خۆتدا وەلەگەڵ ئەم خوێندنەوەدا تێکەڵ بەخەڵکی ئەبێت کاتیٚ کە قسەکانت ئەکەیت هەست ئەکەیت کە ئەم قسانەت جیٚ ئەگریٚ .بۆچی چونکە تەعبیرە لەماندو بوون وموعاناتێك فیعلەن ئەتوانیٚ دەست بخەیتە سەر کێشەو گرفتەکان وەسودیش بگەیەنیت بەخەڵکی. بەس

ئەوکاتەی کە هەست ئەکەیت مامۆستا یان هەرکەسێکی تر. هەندێ قسە ئەکات فیعلەن چووە لاپەڕەی کتێبێکی هێناوە تەرجوومەی ئەکات بەزمانی کوردی و ڕێك عەرزی ئێمەی ئەکات ئەو کاتە هەست ئەکەیت کە ئەم دووشتە ڕەچاونەکراوە. لەبەرئەوە ئەم دوو جۆرە زانستە گرنگە. کە بەداخەوە ئەوە حکومەت لێی بەرپرسە لەڕاستیدا، ئەبێت حکومەت خەمی ئەم مەسەلەیە بخوات چونکە مامۆستای ئاینیش چی بکات یەعنی هەر ئەوەنە عیلمی لەبەردەستدایە کەمیش هەڵ کەوتوون کە بتوانن خۆیان بەئازایەتی خۆیان عیلم دەست بخەن.

**+ یەکێتی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف ئەبوایە چیان بکردایە بۆ ستاندارد کردنی گوتارێکی هاوچەرخ ؟**

-ئێمە زۆر گرفتمان نەبێت لە ستاندارد کردنی گوتاردا یەکێك لەجوانیەکانی گوتاری ئاینی ئەوەیە کە ئێمە ڕێ بدەین چەند جۆرێکمان هەبێت بەڕاست بەڵام نەك بە شپرزی، نەك ئەو جیاوازییانە یان ئەو جۆری ووتارە سەرچاوەی زانستییان نەبێت واتە لەزانستەوە سەرچاوەیان نەگرتبێ، بەڵکو سەرچاوەی جیاوازیو خیلافییەکان بگەڕێتەوە بۆ مەسائیلی حیزبی و خێڵەکیو ئەوجۆرەشتانەکەبەداخەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان ناوەندی مامۆستا یانیشی گرتۆتەوە. وەکو عەرزم کردی ئەکرێ یەکێك لە جوانیەکانی کایەی ئاینی ئەوەبێ، ئەو بوارە بێ کە گوتارەکان جیاواز بن. بەڵام وەکو عەرزم کردی سەرچاوەی جیاوازییەکان بگەڕێتەوە بۆ ئەو مەوزوعە. من هەرئەوەندە ئەڵێم.یەکیەتی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف لانی کەم ئەبوایە لە ڕووی زانستییەوە یان لەڕووی کۆمەکی مامۆستایانەوە هاوکاری ئەو بوارەیان

بکردایە،هەم بەکردنەوەی دەوراتی تایبەت هەم بە ئیهتیمامدان بەناوەندە دینیەکان. هەم بە فشار خستنە سەر حکومەت ,هەم بەوەی کە مەرج و شەرت وشروت دابنێن بۆ ئەو کەسەی کە ئەبێت بە ووتار بێژ. هەموو کەس نەبێت بە وتار بێژ بەلاّم بەدەر لەمەسائیلی حیزبی و ئەو جۆرە شتانە ,ئەو کە سانە کە ئەبن بە ووتاربێژ کەسانێ بن بەڕاستی لێهاتوو بن. کەفائەت بخوینرێتەوە وەکو زانست مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکرێت، لانی کەم ئەبوایە یەکیەتی زانایان ئەمەیان بکردایە بەلاّم بەداخەوە یەکیەتی زانایان و وەزارەتی ئەو قاف لەم ڕووەوە وەکو پێویست نەبوون وەبەتایبەتی ئەمە ئەکەوێتە سەر وەزارەت ئەبوو وەزارەت جدیی تر بوایە لەم مەوزوعە. وەکو ووتم لەدانانی مامۆستایان بە ووتار بێژ موراعات و ڕەچاوی هەندێ مەرجی زانستی باش بکرایە,کە ئەو کەسە بەڕاستی توانای ببێت بۆ نمونە ئەو کەسە بتوانێت بنوسێت ئەو کەسە مەسەلەن بتوانێت هەندێ بەرهەمی ببێت یان هەندێ نمونەی بابەتەکانی وەربگیرێ موناقەشەی لەسەر بکرێت، یەعنی هەروا بە ئاسانی لە بەرشەخص و لەبەر تەزکیەی حیزب و هەندێ مەسائیل ئەو کەسە نەبێت بە ووتاربێژ کە بەداخەوە ئەوە سەرجەم کایەکانی ئەم ولاّتەی ئێمەی گرتۆتەوە,ئەکرا ئەوەیان بکردایە. بەلاّم بەداخەوە تا ئێستا ڕەنگە وەکو پێویست نەبووبێت.




شیعر بێگومان پاش قسەکردن دەستپیدەکات ئەگەردەتوانین هەستێك بەپەخشان دەربڕین هیشتا پێلێك گەیشتووە هەرچەن جوان وبیَ خەوشبیَ هێشتا نەکەیشتۆوەتە سنوری شعر، هەرکاتیك دەربڕین لەکوتنی هەستدا هەستی بەبیَ توانایی کرد ئیدی شعر پەیدا دەبیت هەندێ جار هەستدەکەیت قسەکان پەیوەندی وردی مەنتیقیان لەئێمەدا لەدەستداوە تێکەڵ وهەڵاوساو وسەرگەردانبون و وەئەندیشە توانای نیە لەوەرگرتن وکۆنترۆڵکردنیان و تەنانەت ناسینەوەشیان ئیدی لێرەدا چیتر ووتەکان زنجیری عەقڵی لەدەست وپێیان دەکەنەوە لەجیوارجێوە ئارام وڕێك وناسراوە کەیان هەڵدین و لەمێشکەوە دەڕژێنە دل لێرەدا ئێمە هەستنە گوتنێکی قورس و هەڵاوساودەکەین بەڵام نازانین جی بڵێن جۆن بڵێین لەجیاتی ووتەیەکی ڕێکخراو سەرەتا بابەت و ئەنجامامگیری لەقسەکاندا کێشێکی قورس وئازاردەرو تامەزرۆیی و شەقئامێزێکی بەهێزی ئاوێتە بەگەرمی وبێئۆقرەییان تێدا دەرکپێدەکەین قسەکان لەنێوئاگرودووکەڵێکدا کەلەناخەوە سەرهەڵدەدات وەلەنێوهەورەوێڵ وبانگمەڵدەرەکاندا لەئاسمانی برناخ، لوت ماندا ووندەبن

ودەردەکەوونەوە و ئێمە تەنها پەیتاپەیتا سێبەری فڕینە سەرگەر دانەکانیان و تارماییە دوورو ناڕوونەکانیان هەستپدەکەین

**ئەمەشیعرە**


هەنێدجار هەستی دڵبەندییەکی توندمان لەگەڵ یەکێکی دی هەیە، ئەچینە دەشت وبیابان، کۆترە عاشقەکان، جۆبارە بە خوڕەکان، خونچە گەلە پڕ لە پشکوتن و شنە بەلەنجە و عیشوە گەرە پەیغامهێنەرەکان خۆ ویستانە و هەستەکیانە ئێمە بەرەو خۆ کێشدەکەن و دەرد و عیشقی ئێمە وە یاد دێنن و هەڵدەگیرسێنن و ئێمە هەموو ئەم دیاردەو حاڵەتانە بە هۆشیاری و ڕۆشن تێئەگەین و ئەتوانین دەریببڕین. هێشتا شیعر پێنەگەیشتوە. بەلاّم هەنێجار ئێمە هەر دەرونمان پڕ دەبێت لەشەوق و تامەزرۆییەك بەو پێیەش ئەو هەموو سروشت و هەواش پڕدەکەین لەو هەستە: چوومە دەشت، عیشق بارییوو زەوی تەڕ بووبوو، هەروەك پێی پێلوەکە لە گوڵ و گوڵزاردا ڕۆبچێت پێی من لە عیشقدا ڕۆئەچوو، عیشق ومۆسیقا، هەموان قسە لە جیاوازی شیعر و مۆزیك ئەکەن و من سەرمسوڕئەمێنێت کەبۆ لەشیعر تێناگەن (نازانن چییە). مۆسیقاو شیعر و سەماو تابلۆو پەیکەر سازی و.... هەمووشیعرن: هەنێجار بە ووشەکان شیعر ئەڵێن هەندێجار بە دەنگەکان، ئانێ بە ڕنگەکان، گاهێ بە جوڵەکان.

مۆسیقا، تابلۆ، هەڵپەڕکێ، پەیکەر سازی ..... لەبەرامبەر ڕوئاستی شیعردا چ جێگەو پێگەیەکیان هەیە؟ هیچ، ئەمە قسەیەکی بێ هوودەیە کە لە وێدا شیعر کۆتاییدێت، مۆسیقا دەسپێدەکات! (هەڵبەت کاتێك ڕاستەکەم کەمەبەستم لە شیعر هەر ئەو هەڵبەستە بێت). ئەمانەش شیعرن، جۆرەکانی

دیکەی شیعرن شیعری وشەکان، شیعری ڕنگەکان، شیعری هێـڵ و شـکڵەکان، شیعری جووڵەکان.

لەهەمانکاتدا ئەشێت کارێکیش شیعر بێـت: شـیعری حـەماس وەك فـڕینی ئـەو چەند سەربازەی هێزی ئاسمانی ژاپۆنیە بەرەو خـۆر، شـیعری غـەزەلی کارێـك وەك بـازانی (لـو) لــە ئـاوی ڕوبارەکـەدا بـۆ سـەر مـانگ (وێنـەی مـانگ لـە ئاوەکـەدا)...، شـیعری ئـەخلاقی و مرۆیـی وەك کـاری نیچـەو عەرەبانـە کـە هەنـدێکار جوڵەیـەك ئەبێتـە شـیعر، بـەڵام جوڵـە بنـەمای شـیعرە، کچـێکی چـەلەنگ بـۆ هـەڵگرتنی پـەرداخێك ئـاو بەعیشـوەیەکی جوانـەوە دەسـتی ئەجوڵێنێت و بەرەو پەرەو پەرداخەکەی ئەبات، ئەمە جوڵە نیە، کارێـك نیـە، شـیعرێکە. جـەنابی ڕاشـید لــە کێبڕکێکــەی ڕادیـۆی نیودەلهیـدا تێـڕوانینی پیاوەکەی بۆ شەپۆلی زێڕینی گەنمەزارەکـەی بـە جـوانترین شـت دانـا. ڕاسـتە ئەمە ڕوانینە بینینێك نیـە، بەچـاوی شـیعرێك ئەمـدوێنێت. چـاو لێـرەدا شـیعر ئـەڵێت، هـەروەك زمـان کـە زۆر جـار قسـەئەکات هـەنێجار شـیعر ئـەڵێت ورتـە ورتەکات.

# چەمكی شورا و فەلسەفەی حوكم لە ئیسلامدا



## (بەراوردێكی بابەتیانەیە لە نێوان شورای ئیسلامی و دیموكراسی ڕۆژئاوادا)

ن / جەمیل عوسمان

شورا بەیەكێك لە پایە سەرەكیەكان ئەژمێردرێت لە بونیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامیدا، بەڵكو یەكێكە لە بنەماكانی حوكم لە ئیسلامدا، لە دیارترین تایبەتمەندیەكانی شورا ئەوەیەكە پانتاییەكی فراوان لە هێڵە گشتیەكانی ئیسلام داگیر ئەكات و كۆڵەكەیەكی بەهێزی دەوڵەتە، هەر لەبەر گرنگی ئەو چەمكە یەكێك لەسورەتەكانی قورئان ناوی (شورا) یە، هەروەهاخوای گەورە ستایشی ئەوانەی كردوە كە ئەهلی شورا و راوێژن، ئومەتی ئیسلامیش كاتیك لەسەر زەویدا بەختەوەر ئەژی كە شورا لە ژیانیدا بچەسپێنیّ، ئیسلام مەبدەئی شورا ئەكاتە سلوكێكی گشتی لە كۆمەڵگا بۆ بەڕێوە بردنی كاروباری گشتی، زۆرێك لە زانایانی شەرعناس كاتێك دەربارەی چەمكی شورا دواون شەرعیەتی دەستەڵات و حكومەتیان گرێداوە بە بونی شورا و ڕاوێژەوە، وەبە لادان لەو ئەسڵەش لابردن و لەكار خستنی دەستەڵادار و خەلیفە واجب ئەبێت.

هەرکۆمەڵگایەك تامەزرۆی چاکسازی و پیشکەوتنی وڵات بێت ئاتاجی بە شورایە چونکە گرنگترین هۆکاری باشبونی کۆمەڵگا و بناغەی شارستانیەتی ئیسلامی و مرۆڤایەتیە، هەر ئەوەندە بەسە ببێتە بەڵگە کە چەمکی شورا بووەتە زامنی پاراستن وپیگەشتنی وڵاتانی پێشکەوت و ووشیار[1]، لە دەوڵەتی خیلافەتدا شورافەلسەفەی نیزامی حکومەتە، ئەم بنەما جەوهەرییەی ئیسلام لەسەردەمی پیغەمبەردا(دخ)جیگیربوە، قورئانی پیرۆزیش بانگەشەی بۆکردوە سوننەتیش بەهەمانشیوە، وەك بنەمایەکی گشتی و بابەتیکی سەرەکی، وردەکاری و دیاریکردنی بەجێماوە بۆ ئیجتیهاد و تێگەیشتنی ئومەت بە گوێرەی بەرژەوەندی نویَو پێداویستیە پەرەسەندوەکانی سەردەم، کەسناتوانیت بانگەشەی ئەوە بکات کە شورا داهێنانیکی ئیسلامیەو پێشتر نەبوە بەڵکو لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی کۆندا کۆمەڵێك ئەزمون و تیروانین هەبوە بۆ چەسپاندنی شورا یاخود لانیکەم هەوڵی بۆداوە و بانگەشەی بۆ کردوە، بەڵام ئەکرێت بوتریت شورا ئیختیارێکی ئیسلامیەو دەوڵەتی خیلافەت لەمێژوی مرۆڤایەتیدا بەباشترینی شێوە مامەلەی لەگەڵدا کردوە و لە ئاستی سیاسەت و دوڵەتدا توانیویەتی بەکردار چەمکی شورا بچەسپێنی، وەك بەرەو پیشچونیش بۆ ئەو کەلتورە لەمیژینەیە لە مەیدانی فکرو سیاسەتی مرۆڤەوە بارگاوی بوە بەئاین، چونکە شورا وەك فەلسەفەیەکی سیاسی جگە لەفەراهەمبونی بەرژەوەندی موسلمانان هاتوە بۆ ئەوەی ویست و ئیرادەی خوا بێنیتەدی، کەواتە شورا ویستی خوایە بۆ سیاسەت[2]، لەبەر ئەوەشە شرۆڤەو وردەکاری بەجێهیشتوە بۆ ئیرادەو تیگەیشتنی مرۆڤەکان بەمەرجیك ئەو تیگەیشتنە بتوانیت رەزامەندی و خواستی زۆرینەی جەماوەر و خەڵك بێنیتەدی ...

## پێناسەی (شورا)

شورا لە زمانەوانیدا بریتیە لە: ڕاوێژ پێکردن و دەرخستنی هەڵوێست و خواستنی بۆچون و تیڕوانین لە کەسانی تر، بۆ هەر کارو بارێك،[3]

دەربارەی چەمکی شورا لە شەرعدا ئیبن عەرەبی ئەڵێت: شورا بریتیە ڕاوێژپێکردنی مرۆڤ بە هاوەڵەکەی بۆ هەر کارێك.[4]، هەروەها راغبی ئەسفەهانی ئەڵێت: شورا بریتیە لە دەر خستن و ئاشکرا کردنی بۆچون بە گەڕانەوە بۆ ڕاوێژ پێکردنی یەکتری[5]، دکتۆر جابر ئەنساری کە یەکێکە لە زانا هاوچەرخەکان پێی وایە چەمکی شورا بریتیە لە وەرگرتنی هەڵوێست و بۆ چونی ئومەت لە ڕێگەی خۆیانەوە یاخود لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە لەو کار و بارە گشتیانەی کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە[6]

کەواتە شورا بریتیە لە: گۆرینەوەی بۆچون و تێڕوانیین و هەڵوێست بۆ گەیشتن بە بڕیارێك کە شیاو ترین و لە بارترین بێت و ئامانج لەو کارەدا بپێکێت کە ڕاوێژی لەسەر دەکەن .

## شورا لە قورئاندا:

قورئانی پیرۆز لەزۆریك لە بەسەرهاتەکانیدا لە جوانترین شیواز و جۆری حوکمدا دەربارەی چەمکی شورا دواوە، پاشان بە زاراوە و ناوی تایبەتی خۆی لە سێجیگەدا ئاماژەی پێداوە، یەکەمیان تایبەتە بە ژیانی خیزانی و گرفتەکانی، کە شورای کردوە بە هۆکاری لێکجیابونەوە لە کاتی بونی ئەو

گرفته خێزانیانەدا وەك ئەفەرمیت: ((**فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا**)).....[7]

بەلأم لە دووشوینەکەی تردا شورا دەربارەی سیاسەت و حوکم و بابەتەکانی ئەدویٚ، لە یەکێکیاندا داوا لە پیغەمبەر(دخ) ئەکات کە راویژ و شورا بە موسلمانان بکات لە کار وبارەکاندا": (**فبما رحمة من الله لنت لهم , ولو كنت فظاً غليظ القلب لانفضوا من حولك, فاعف عنهم, واستغفر لهم, وشاورهم في الامر , فإذا عزمت فتوكل على الله, ان الله يحب المتوكلين**)[8]

زاراوەی ئەمر هەروەك لەم دەقەدا هاتوە واتە کار و باری سیاسی و حوکم و پیکهاتەکانی بەهەمان شیوە لە ئەدەبی سیاسی سەردەمی خیلافەتی راشیدیندا وشەی (الامر) هەمان چەمك و مانای هەبوە لەبەر بونی پەیوەندی بە ئەمیرو (الائتمار)ە وە کە بەمانای (التشاور)دیت، کەواتە پەیوەندی نیوان سیاسەت بە شوراوە یاخود پەیوەندی نیوان سیاسەت و دین بەتاییەت بنەماکانی دین،شتیکی حاشاهەڵنەگرەوبەڵگەیەکی گومانبڕی لەپشتە.......،

لە شوینی سییەمی قورئانی پیرۆزدا زاراوەی شورا یەکیکە لە تاییەتمەندیەکانی ئیمانداران، خوای گەورە چەند سفەتیکی ئیماندار ئەژمیری کە یەکیان شورا و راویژکردنیانە لەناو خۆیاندا وە ئەفەرمێت: (**الذين آمنوا وعلى ربهم يتوكلون ، والذين أستجابوالربهم, وأقاموا الصلاة, وأمرهم شورى بينهم, ومما رزقناهم ينفقون**)[9]، لەم دەقە قورئانیەدا ئیمانداران لە لایەنی دینیەوە وەلامی داوای خوای گەورە ئەدەنەوە و باوەری پیدەهینن، پاشان نوێژ بەرپا ئەکەن کەبەلگەی راستگۆییانە لەباوەرەکەیاندا، وەلە کاروباریاندا یاخود لە سیاسەتو مامەڵەی دنیایاندا پابەندی شوراو راوێژکردنن وەك

فەلسەفەی سلوك ورەفتاریان، هەروەهالەماڵ وسامانیاندا:ڕێگای بەخشینیان گرتوۆتەبەرلەوەی کە بەهەوڵی خۆیان بەدەستیانهێناوە و حەلاڵ و دروستە،

**حوکمی شورا لە ئیسلامدا:**

لەبەر پێگە و ئیعتیباری شورا لە ئیسلامدا وەك بنەمایەکی سەرەکی لە بنیاتنانی دەوڵەتدا وە لەبەر گەورەیی ڕۆلی شورا لە یەکخستن و پاراستنی یەکڕیزی ئومەتی ئیسلامی و دیاریکردنی پێوەرو ئامادە کردنی سەرکردایەتی و پەیوەستبونی بە بەرژەوەندیە جیاوازەکانی خەڵکەوە زانایانی ئیسلامی بەتایبەت هەوچەرخەکانیان گرنگی تەواویان داوە بەو بابەتە بۆ دەرخستن و ئاشکرابوونی حوکمی شورا، فەقیە و شەرعناسەکان دەربارەی حوکمی شورا و حاکم و دەستەلاّتدار جیاوازن لە بۆچوندا کەبەشیوەیەکی سەرەکی ئەبنە دووبەشەوە:

بۆچونی یەکەم / پێی وایە کارکردن بە مەبدەئی شورا لەسەر حاکم واجبە و لادان لەو مەبدەئە قورئانیە و کار پێنەکردنی هۆکاری گۆڕین و لابردنی حاکم یان خەلیفە(10)، ئەوەش بۆچونی زۆرێك لە زانایانی سەلەف و هاوچەرخەکانە، یوسف قەرەزاوی دەربارەی حوکمی شورا لە ئیسلامدا ئەڵێت:( جەختکردنەوە لەسەر بنچینەی شورا کاریکی پیوێستە چونکە قورئان بەیەکێك لە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی داناوە و خستویەتیە نێوان نوێژ و بەخشینەوە، هەروەها ئەڵێت: لەکاتێکدا پیغەمبەر (دخ) وەحیو نیگای ئاسمان پشتگیر و چاودیری بوە، کەچی فەرمانی پێکراوە پابەندی شورا بێت، وە چەندینجار لە بۆچونی خۆی دابەزیوە بۆ بۆچون و تیڕوانینی هاوەڵەکانی

بەتايبەت ئەگەر شارەزايى و زۆرينە هەبوبێت، بۆيە ئێمەش ئەڵێين واجبە شوراو راويژ بكرێت لەكار وبارەكاندا و هەموان پابەندو ڕازيبن بە ئەنجامەكەی بەمەرجێك لە لايەن كەسانی شايستە و لە شوينی خۆيدا ئەنجامدرابيت... [11]

بۆچونی دووەم/ پيی وايە كاركردن بە شورا لەلايەن حاكم ياخود خەليفەوە سونەتە نەك واجب، بەمبۆچونە بێت كارپينەكردن و پشتگويخستنی شورا نابيتە هۆی لە كارخستن و لابردنی خەليفە و حاكمی موسڵمانان..!، [12] بيگومان هەريەك لەمدوو كۆمەڵە پشتی بە چەندين بەڵگەی نەقڵی و عەقڵی بەستوە، كە باسكردنيم بە زەرورەت نەزانی، بەڵام بەتيڕوانين بۆ واقيعی سياسی گۆمەڵگای ئيسلامی و بە گەڕانەوە بۆ مەنتيق، و جگە لەوەش ديلالەت و بەهێزی بەڵگەكانيان بەدلنياييەوە بۆچونی يەكەم جێگەی پەسەند و شايەنی قبوڵە، بۆ چونی يەكەم كە شورا بە واجبێكی شەرعی ئەناسێت جگە لەوەی پشتی بە چەندين بەڵگەی نەقلی زۆر و ڕاشكاو بەستوە لەقورئان و فەرمودەی دروستدا، لەهەمانكاتدا روئيای زۆرينەی زانايانی ڕەسەن و واقيع بينە لە ئەهلی سەلەف و خەلەف و هاوچەرخەكان، [13] ئەگەر كاركردن بە بنەمای شورا وەك كۆمەڵی دووەم ئەڵێن : سوننەت بێت ياخود واجب نەبێت ئەوكاتە ئەبێت شەرعيەت بە تاكرەوی وستەمكاری دەستەڵاتدارو بەر پرسەسياسيەكان بدەين و، قبوڵمان بێت لە بری گەڕانەوە بۆ ئەهلی شورا و دەنگی زۆرينەی جەماوەر، ميزاج و حەزی شەخسی سەركردەو دەستەلأتدار سەرچاوەی بڕيارو حوكم بێت لە سەر چارەنوسی كۆمەڵگاو، ئەوكات تواناو لێهاتويی تاكەكانی لەناو ئەچێت و ڕۆحی دڵسۆزی و ئينتيمای خاك و هەستی بەر پرسيارێتی ئەپوكێتەوە...

## شورا و دیموکراسی:

زاراوەی دیموکراسی لە دوو وشەوەی لاتینیەوە وەرگیراوە (گەل) لەگەڵ (دەستەڵات) ماناکەشی بریتیە لە وحوکمەتەی کەدەستەلآت تیایدا بەدەستی جەماوەر بیت، ئەم وشەیە لە بنەرەتدا ئیغریقیە، چەمکی دیموکراسی لەسەردەمی نویدا فراوانی بەخۆوە بینیوە و بە هۆی شرۆڤە و خۆیندنەوەی جیاوازو بەکرداریبونی لە واقیعدا کۆمەلێك پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، بەلام شیاوترین و جوانترین مانا بۆ دیموکراسی کەلای زۆرینەی ئەهلی سیاسەت و فیکر پەسەند بێت: پیناسەی سەرۆکی ئەمریکی ( لینکۆلن)ە[14] کە ئەلیت: (دیموکراسی واتە حوکمی گەل بۆ گەل لەلایەن گەلەوە)، لە نێو بیریارانی ئیسلامیدا سی رووئیای جیاواز دەربارەی دیموکراسی هەیە، لەنێوان پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەیدا، هەندێکیان هەوڵی ئەوەیانداوە کە لە بەرامبەر دیموکراسی سەردەمدا، بونی دیموکراسی ئیسلامی بسەلمینن و وەدیارخەن، بێگویدانە بوونی ناکۆکی و یەکنەهاتنەوەی دیموکراسی لەگەڵ هەندیك بنەمای ئیسلامدا، هەندێکیتریان ویستویانە لە بەرامبەر دیموکراسیدا شورا بکەنە بەدیل و ئەلێن : چەمکی شورا فراوانتر و قولتر بۆ خواست و بەرژوەندیەکانی کۆمەلگا ئەڕوانێت تا دیموکراسی، کۆمەڵەی سێیەم بە توندی چەمکی دیموکراسی ڕەتدەکاتەوە و تیکڕای بێقبوڵنیە و ئەلێن هیچ ڕێگایەك نیە بۆ تێکەڵکردنی دیموکراسی بە ئیسلام، وەئیسلام لەهیچ وەخت سەردەمێکدا ڕژێم و سیستەمیکی دیموکراسی نەبوەو نابێت،[15]

لەبەر تیشکی ئەم بۆچونانەدا ئەکرێت بوترێت: کێشەیەك نیە لە سوود وەرگرتن لەهەر ووشەیەك گوزارشت لەمانا بکات، بە مەرجێك بچێتە بواری

خزمەتکردن بەئیسلام و بخرێتە نێو چوارچێوەی تیرۆانینی ئیسلامیەوە، هەروەها ئەکرێت بوترێت: مافی ئێمەی موسڵمانە کە خەسڵەتە باشەکانی دیمەکراسی وەربگرین، لەبەر ئەوەی هەمان ئەو بنەما گشتی و سەرەکیانەی جەوهەری دیموکراسی پیکدەهینێت، ئیسلام لە مێژەوە ئاماژەی پێکردوە، بەلأم ووردەکاری و شرۆڤەکردنی بەجێهێشتوە بۆ ئیجتیهاد و تێگەیشتنی موسڵمانان بە ڕەچاو کردنی بنەماکانی ئیسلامو بەرژەوەندی دنیاو پەرەسەندنی ژیانو بەگوێرەی سەردەمو شوینو نوێبونەوەی حاڵی موسڵمانان، تەنانەت ئەگەر چارەسەری گرفتەکانی سەردەم و وەلأمی پرسە لاوەکیەکان لەغەیری موسڵمانان وەربگیریت، ئەوابەشیك لەپرۆژەو چارەسەری ئیسلامی ئەنجامدراوە چونکە بەناو و لە رێگەی ئیسلامەوە وەرگیراوە ومۆڵەتی پێدراوەو ناکۆکنەبوە لەگەل بنەماکانی ئیسلام، هیچکات لە شەرعدا بەربەستنەبوە لە وەرگرتنی بیرێکی تێۆری یاخود چارەسەرێکی زانستی لە غەیری موسڵمانان، لە جەنگی ئەحزابدا پیغەمبەر (دخ) بیرۆکەی هەڵکەندنی خەنەك (خندق)ی لە فارسەوە وەرگرت، بەلأم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە چەمکە ڕۆژئاواییەکان و لەناویاندا دیموکراسی بە ڕەهایی وەربگرین و واز لە ئیسلام بهێنین، یاخود پشت لەو شورایە بکەین کە بەهایەکی باڵای ئیسلامیە لە ژیانی ئومەتدا.،[16]

### خاڵە جیاوازەکانی نێوان شورای ئیسلامی و دیموکراسی ڕۆژئاوا:

ئەکرێت لەم چەند خاڵەدا جیاوازی جەوهەریی نێوان شورا و دیموکراسی ئاماژە پیبدەین :

یەکەم: دیموکراسی تەنها لە سیستمی سیاسی حوکمدا ڕۆڵی خۆی ئەبینێت، ئامانجیشی بەرپاکردنی دەستەڵاتێکە جەماوەر مومارەسەی بکات، بێگەڕانەوە بۆ ئیعتیباری هیچ بنەمایەکی ئاینی[17]، بەڵام ئیسلام بوار نادا بە حوکمی گەلێك کەدابراو بێت لە ماناکانی ئیمان، چونکە ئیسلام ئاینی یەکتاپەرستییە بۆ ژیان و هاتوە بۆ بەرجەستەکردنی مانای بەندایەتی لە چوار چێوەی شەریعەتێکی گشتگیردا.

دووەم: شورا لەسەر کۆمەڵێك بنچینە و ڕێسای ڕەببانی ڕاوەستاوە، بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هاتوە و پرۆگرامێکی گونجاوە بۆ هەموو سەردەم و کاتێك، بەڵام دیموکراسی ئەزمونێکی مرۆڤانەیە و لە تواناو تێگەیشتنی ئەواندا قۆرخ بووە و سنووردار بوە بە گوێرەی داخوازییەکانی ژیان و گونجیندراوە بۆ گۆرانکارییەکانی سەردەم .

سێیەم: لە سیستەمی دیموکراسیدا گەل خاوەنی دەستەڵات و بڕیاری ڕەهایە، جەماوەر یاخود نوێنەری هەڵبژێردراوی جەماوەر ئەبنە دانەر و هەڵوەشێنەری یاسا (القانون) بەڵام لە شورادا گەل ئەگەر چی دەستەڵات و بڕیاری بەدەستە بەڵام بەو شێوە ڕەها نیە بەڵکو وابەستەی شەریعەتە و ئەبێت هەر لەو چوار چێوە و سنورەشدا هەڵس و کەوتبکات.[18]

چوارەم: شورای ئیسلامی گرێدراوی کۆمەڵێك بەهای ئەخلاقیی هەڵقوڵاوی خودی دینە بەشێوەیەك کە نەگۆڕو دامەزراوە و هیچ ئاڵ و وێر و گۆڕانێك قبوڵناکات بە حە ز و ئارەزوی مرۆڤ، بەڵکو شورا هەڵسو کەوت و ئیرادەی جەماوەر ئاراستە و سنور دار ئەکات، لە کاتێکدا دیموکراسی سەردەم بریتیە

لە کۆمەلێك بەهاو ڕەهەندی ڕێژەیی کە حەز و ئارەزوی زۆرینەی خەڵك تیایدا خاوەنی بڕیارە.[19]

**لەکۆتاییدا**

دوای ناساندنی چەمکی شورا و باسکردنی هەڵوێستی ئاینی و تیروانینی زاناو بیریارانی ئیسلامی و بەراورد کردنی ئەو چەمکە بە دیموکراسی و ئاماژەکردن بە خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نیوانیان پوختەی باسەکە لەم چەندخاڵەدا کۆتا پێدەهێنم:

یەکەم/ شورا میکانیزمی گەیشتنە بە ریککەوتنی لایەنەکانی ناو پرۆسەی سیاسەت ودەستەلات بۆهەلبژاردنی شیاوترین بەدیل لە ناو کۆمەلیك خیارات و پرۆژەی تەرحکراو

دووەم/ شورا باشترین ئامرازە بۆ دەرخستنی وزە و لیهاتوی و وەدیهینانی خەونی تاکەکان بە وەگەرخستنی بەهرە و تواناکانیان بەتاییەت لە بواری حوکم و سیاسەتدا.

سێیەم/ شورا ڕێگای یەکرێزی و تەبایی پێکهاتەکانی کۆمەڵگاو یەکخستنی هەستی کۆمەلأیەتیە ئەوەش بە گۆڕینەوەی بۆچون و وتو وێژکردن لەسەر کێشە و پرسە گشتی و هاوبەشەکانیان.

چوارەم/ ئەگەر( هەلی گفتوگۆ بناغەی عەدالەت) بێت[20] ئەوا بێگومان شورا باشترین ئامرازی لێك نزیكبونەوەو لەیەكگەیشتنی جەماوەرو دەستەلاتە بۆ گفتوگۆ كردن لە سەر ئەرك و مافەكان و بەرقەراربونی عەدالەت لە هەموو بوارەكانی پەیوەست بە ژیانی كۆمەلگاوە.

پێنجەم/ شورا هۆكاری راهاتنی بەرپرس و سەركردەكانە لەسەر دەستاو دەستكردنی دەستەلات و ئیدارە و حكومەت.

شەشەم/ شورا بریتیە لە بەشداریكردن لە بڕیاری سیاسی و كۆمەلایەتی و ئابوری دەوڵەت و ئالیەتی پاراستن و مانەوەی فرە ڕەنگی و فرە دەنگی و تایبەتمەندیە كانی چین و تویژە جیاوازەكانی كۆمەلگایە.

## سەرچاوەكان :


( 1 ) الغنوشي: الحريات العامة في الدولة الإسلامية ( ص: ( 108 ).

( 2 ) د محمد عمارة فلسفة الحكم في دولة الخلافة : موسوعة الحضارة الاسلامية .

( 3 ) ابن قتيبة : الغريب ( 1/558 )، ابن منظور: لسان العرب ( 2/434، 435 ).

( 4 . ابن العربي : أحكام القرآن ( 1/297 ).

( 5 ) الأصفهاني: المفردات في غريب القرآن ( مادة شَوَر ص: 273 ).

( 6 ) الأنصاري: الشورى وأثرها في الديمقراطية ( ص: 4 ).

( 7 ) سورة البقرة: من الآية ( 232 ).

(8) سورة آل عمران: من الآية (159).

(9) سورة الشورى الآية (38).

(10) أبو جيب: الوجيز في المبادئ السياسية في الإسلام

(11) الصحوة الاسلامية وهموم الوطن العربي والاسلامي للقرضاوي ص: 78-79)

(12) أبو فارس: النظام السياسي في الإسلام (ص: 80).

(13) الترابي : الشورى والديمقراطية مشكلات المصطلح والمفهوم (ص: 13)

(14) الغنوشي: الحريات العامة في الدولة الإسلامية (ص: 108).

(15) السيد عمر: نواة الشورى والديمقراطية (ص: 137- 139)،

(16) قطب: مذاهب فكرية معاصرة (ص: 178).

(17) النحوي: ملامح . الشورى في الدعوة الإسلامية (ص: 33)

(18) من هذه الكتابات:العقاد: الديمقراطية في الإسلام (ص: 74)

(19) القرضاوي: فتاوى معاصرة (2/643)


(20) فەیلەسوفی ڕۆژئاوایی (هابرماس) ئەڵێت : بناغەی عەدالەت بریتیە لە هەلی گفتوگۆ ، بڕوانە کتێبی هەڵبژاردن نوسینی: ناوەندی هەژان ل :68

# بڵاوکراوەی نوێ

## ئێستە لەکتێبخانەکاندا




گوزەرێك بەپەیوەندی زانست لەگەڵ ئاینومەعنەویەت (ئاینی تاکەکەسی) داوە کاتێك دەربارەی ڕەوتە فیکری وفەلسەفیەکان کە دوای ڕێنسانس تانیوەی یەکەمی سەدەی بیست ڕۆڵیان لەلاوازکردنی ئایندا گێڕاودواتر هۆکاری گەشانەوەو زیندوبونەوەی ئاین ومەعنەویەت ولەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمداو بەڵگەگەلێك لەوبارەیەوە.




لەم کتێبەدا بۆهەموو تاکێك لەهەر توێژو دەستەیەکدابێت، بەشێك تەرخان کراوە. هەربۆیە بەشارەزابوون لەداستی یان داستانی هاوسەرو یان بەرانبەرەکەتان دەتوانی پێکەوە ژیانێکی نمونەیتان هەبێت، لەك کتێبەدا رۆبیرت سترنبرگ یارمەتیتان دەدات تابزانن، داستان چیە لەژیانی هاوبەشدا بەشوێن چیدا دەگەڕێن؟ وەچی لەداستانێك و شێوازێکی ژیان لەگەڵ تۆدا گونجاوەو وەکام داستان کۆتاییەکی بێ ئاکامی هەیە.